# ئیدریسی بدلیسی

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری
*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

محەمەد بایراقدار

# ئیدریسی بدلیسی

شکور مستەفا
کردوویە بە کوردی

ناوی کتێب: ئیدریسی بدلیسی
نووسینی: محەمەد بایراقدار
وەرگێڕانی: شکور مستەفا
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٩٣٠
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مەریەم موتەقییان
چاپی دووەم – ٢٠٠٩
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ٢٥٧٤ی ساڵی ٢٠٠٩ی دراوەتێ

ناوەڕۆک


پێشـەکی ........ 7
بەشی یەکـەم ........ 9
ئیدریسی بدلیسـی و سـەروبەندی وی ........ 11
١- ژیان و سـەربردەی وی ........ 11
دەوڵەتی ئاق قۆیونلووان و ئیـدریسی بدلیسـی ........ 15
دەوڵەتی عوسمانی و ئیدریسی بدلیسی ........ 16
٢- سرنجێ لە ژیانی سیاسـەت و زانستی ئیدریسی بدلیسی ........ 27
بـەشـی دووەم ........ 47
کتـێبـەکانی ئیدریسی بدلیسی ........ 49
١- کتێبەکانی سـەر بە زانسـتەکانی هونەر ........ 49
٢- کتێبی فەلسـەفی و کەلامییەکانی وی ........ 51
٣- کتێبەکانی لەمەڕ تەسـەوف ........ 53
٤- کتێبە سیاسی و ئاکارەکییەکانی وی ........ 55
٥- کتێبە ئاینییەکانی ........ 57
٦- کتێبەکانی لەمـەڕ مێژوو و گەشتوگوزار ........ 60
٧- نامـە و شیـعرەکانی ........ 68
٨ - ڕیزبەندیی کرۆنۆلۆجیکی کتـێبـەکانی ........ 70
بەشی سێیەم ........ 73
شەخسیـەتی ئیدریسی بدلیسی ........ 75
١- شـەخسیـەتی سیاسیی بدلیسی ........ 75
٢- شـەخسیـەتی زانستـانەی وی ........ 78
بەشـی چوارەم ........ 85
پاشکۆیـەکان ........ 87

بنەمای یەکەم – ئاکاری دەست و داوێن خاوێنی (عفت) ........ 90
بنەمای دووەم – ئاکاری ئازایەتی و بوێری ........ 93
بنەمای سێیەم – ئاکاری حیکمەت ........ 95
بنەمای چوارەم – حیکمەتی داد ........ 97
باری پێنجەم – دەستاوێزان ........ 120
ئەو پەڕاوێز و سەرچاوە کلاسیکە گریکییانەی لە ئیدریسی بدلیسی دوواون ........ 125

# پێشەکی

ئەمە سەرنامەی نامیلکەیەکی ١٠٠ ڕووپەڕییە، محەمەد بایراقدار ناوێکی ترک زمان لەسەر مەلا ئیدریسی بدلیسیی کوردی، بە زمانی ترکی نووسیوە و بە کوردی کردنیم پێ پەسەند بوو، کاک فەرهاد عەونی سەرکاری ڕۆژنامەی برایەتی جوامێرانە بە دەنگمەوە هات و بڕیاری فەرموو، ئاڵقە بە ئاڵقە لە برایەتیدا بڵاوی بکاتەوە، بەڵام پاشان وای بە چاک زانی بە کتێبێ بڵاوی بکاتەوە، زۆری سپاس دەکەم و هەزار ڕەحمەت لە گۆڕەکەی کاک عەونیی کوردپەروەر.

هەردە زنجیرەی ئەو کارە گەورە و پیرۆزەدا، کە کاک نێچیرڤان بارزانیی لاو بینی پێوە ناوە، وا ئاڵقەیێکی زێڕین و گەوێکی پرشنگداری دیکەمان لە ترکیرا، لەمەڕ مەلا ئیدریسی بدلیسی، کوردی سیاسەتمەدار و زانا و فەیلەسووف و شەرعزان و دیرۆکنووس و هونەرمەند و موتەسەویفی سەدەی ١٦هەمیش کرد بە کوردی. هەزار ڕەحمەت لە باب و باپیرانی بەهەشتیی خاوەن پایەی، بەڕێز و هێژا نێچیرڤان بارزانی، کە نەوەی نەجیبی وەکو وی دڵاوا و ئێسکسووک و زانست و زانا و ڕۆشنبیردۆستیان لێ کەوتووەتەوە و کەلەپوور و ڕۆشنبیریی بە تاڵان و چەپاوڵ براوی نەتەوەی کوردی بەشخوراو، بەوپەڕی هیممەت و گیانفیداییەوە لە چەپاو قوتار دەکا و ئەوی ماوە و نەچووە ئاوا و دەوڵەمەندی دەکا و بەم کارە پیرۆزەی وی گەردی سەدان ساڵی لە ڕەنگ و ڕوو و ڕوخساری گەش نیشتووی زاخاو دەدا و بەم پێشدەستییە جوامێرانەیەی ڕەخنە و تانووتی فرەنەزان و کەڕەواڵە بەرپەرچ دەداتەوە «بەداخەوە هێندێ نەخوێندەواری نەزان و سەرلێشێواو و مایە پووچ، شاڵاو دەبەنە سەر ئیدریسی بدلیسی و جنێوی دەدەنێ؛ لەسەر ئەوەی، کە لە شەڕی

چاڵدێراندا کوردەکانی بەلای عوسمانیدا کێشاوە، هەزار ڕەحمەت لە گۆڕی مەلا ئیدریسی بدلیسی، کە لە سای ڕێبەریی (ڕامیاری) و خوێندەواریی ئەوەوەیە، شاری بدلیس بەو بچووکییەوەی بووەتە جێگەی شانازیی گەلی کورد. بە لافیشی نازانم بڵێم، ئەگەر هێندێ هۆی پڕوپووچ (مەولانا خالیدی مکایلیی شارەزووری)ی لە سلێمانی بەرەو بەغدا نەڕەتاندایە، ئەویش دەیتوانی، لەو سەردارانەی، کە ناوی نابوون خەلیفە و هەموویان لە پیاوە گەورەکانی ناسراوی سەردەمی خۆیان بوون، بناغەیەکی بەهێز بۆ کوردەواری دابمەزرێنێ، وەگەرنە شێخێکی صوفی بۆ چ (سەید ئەحمەدی سەردار، شێخ عوبەیدوڵڵای نەهریێ، شێخ عوسمانی خالیدی ئاغای هەورامانی و تاد...) ئەو کاتە خەلیفە مەگەر دەروێش و صۆفیی هەژاری بێ دەسەڵات و لە خواترس لەم شێخ و ئاغا دەسڕۆیانە بۆ خەلیفەی شایستەتر نەبوون؟ ئەگەر مەبەستەکە تەریقەت بوایە، دەوڵەت دامەزراندن نەبوایە، دەبوو هەژار ببێ بە خەلیفە.

شوکر مستەفا

ئیدریسی بدلیسی

# بەشی یەکەم

# ئیدریسی بدلیسی و سەروبەندی وی

## ١- ژیان و سەربردەی وی

بەداخەوە، زۆرمان زانیاری لەمەڕ ژیان و سەربوورەی ئیدریسی بدلیسی، گەورە و زانای کورد، لە بەردەستدا نییە، نە لە کتێب و ئاسەوارەکانی خۆی، نە لە کتێبی ژینامە کلاسیکەکانی ویدا، شتێکی ئەوتۆی بە پێز و بەردڵگر لە بارەی ئەو پیاوە مەزنەوە نییە، هەرچییەکیش هەن، تا بڵێی کورت و بە کەوشەنن[١]. زانیارییەکی، سەروکاری دەگەڵ ژیانیدا هەیە، ئەوانەیە، کە لە کتێبەکانی خۆیدا بەرچاو دەکەوێ و منیش پتر هەر ئەوەم ڕەچاو کردووە. هەرچییەکیش لە سەرچاوەکانی دیکەدا نووسراون، کردوومانن بە پشتیوان و دەستاوێزی قسەکانی خۆی.

١ – ١: ناو و نازناو و تەخەللوسی وی

نێوی ئیدریسە، ناوی باب و نازناو و سەرلەبەری کونیەی بەم ئاوایەیە: مەولانا حەکیمەدین ئیدریسی، مەولانا هیشامەدین عەلی بەدلیسی. وەک بەدیار دەکەوێ «مەولانا» و «حەکیمەدین» نازناوین. بێ لەمەش لە هێندێ سەرچاواندا بە نازناوی (کەمالەدین)یش بیستراوە[٢]. لەبەر وەی، کە لە بنەچەکەڕا. خەڵکی بدلیسە، بەنێوی ئەو وڵاتەوە نێوی ڕۆیشتووە. لە سەرچاوە عوسمانییەکاندا بە (ئیدریس بدلیسی) و بە عەرەبی (ادریس البدلیسی) ناسراوە. لێرەدا، با ئاماژە بۆ شتێ بکەم: بدلیسی لە زۆربەی سەرچاوەکاندا، «بدلیس» نووسراوە. ڕاستییەکەی، ئەم ناوە لەسەرلەبەری کتێبەکانی خۆیدا، «بدلیسی» نووسراوە.

ئیدریسی بدلیسی لەسەرێکی دیکەوە، نێوی خۆی لەسەرلەبەری شیعرەکانیدا، بە تورکی و فاسی و عەرەبی، لەبری تەخەللوس دەکاربردووە.

١ – ٢ ڕەچەڵەکی وی:

تورکەکان مەلا ئیدریسی کوردیان بە زۆرەملێ بەڕەگەز تورک و عەرەب بە بنەچەکە عەرەب و ئێرانییەکان وە ڕەچەڵەک بە ئێرانی نێو بردووە. ڕەنگە هەر لەبەر وەش بێ؛ چون بە تورکی و فارسی و عەرەبیی نووسیوە. خۆزی بە زمانەکەی خۆی نووسیبای و ئێمەش دەسپێچکێکمان بەدەستەوە با و لە تورک و فارس و عەرەبمان هەلاوێردبا و کردبامانە هەرا و بمانگوتبا، کابرا کوردە و لە تیرەی ڕۆژەکییە. دەی جا شەفخانی بدلیسیش.. شەرەفنامەکەی بە فارسی نووسیوە و هێچکی ڕەچەڵەکی خۆی دەگەڵ ساسانیان لێک گرێ داوە و کەسیش نەیوێراوە بێژێ کورد نییە! چونکە بۆ خۆی هاواری کردووە، بابە کوردە و لە تیرەی ڕۆژەکییە.

وەرگێڕ

لە سۆنگەی وەی ڕەگەز، هەر لە کۆنڕا، بە تایبەت، لە ڕوانگەی ئیسلامەتییەوە، هێندە گرینگ نەبووە، سەرپاکی زانایان دەگەڵ بە ئاشکرا دەستنیشانکردنی ئۆل و مەزەبیاندا، زۆریان بە پێویست نەزانیوە لە نەتەوە و ڕەگەزان بکۆڵنەوە. جا ئیدریسی بدلیسیش بە پێی داو و دەستووری باو، لە ئاسەوارەکانی خۆیدا، نە بەئاشکرا و ڕاشکاوی نە لە پشت پەردەڕا، وەک هەموو زانایانی تورک[٣] چیی لەمەڕ ڕەگەزی خۆی نەدرکاندووە. ڕۆژهەلاتناسان بێ وەی چ لەبارەوەی بزانن، هێندێکیان هەر لەبەر وەی بە عەرەبی کتێبی نووسیوە؛ بە ڕەچەڵەک عەرەب و هێندێکیان هەر لەبەر وەی بە فارسیی نووسیوە بە ڕەگەز فارس و برێکیان لەبەر وەی بە ترکیی نووسیوە بە ترکیان لە قەڵەم داوە، بەلام ئەوەی ڕاستی بێ مەلا ئیدریسی بدلیسی کوردە و کێشەی لەسەر نەماوە[٤] خۆ حەسەن تەوەککولی ئەوە هەر زۆر بە لێبڕاوییەوە سێ و دووی لەسەر کوردبوونی ئیدریسی بدلیسی نییە[٥].

بەلام عەبدولقادر قەرەخان لە کتێبی «کتێب دانیارانی عوسمانی»دا بە تورکی داناوە[٦].

١ – ٣: خێزانی وی

به پێی سەرچاوەکان، ئیدریسی بدلیسی لە بنەماڵەیەکی خانەدان لە دایک بووە[٧]. لە هیچ سەرچاوەیەکدا نێوی دایکی نەنووسراوە، بەڵام نێوی بابی زۆر بە ڕاشکاوی و ئاشکرا نووسراوە. بابی، مەولانا شێخ حوسامەدین عەلی بدلیسییە، وا دیارە باوکی تەنیا برایەکی هەبووە و ئەوژی ژ کورەک پێتر چ زارۆکی دیی نەبووە، چونکە ئیدریسی بدلیسی لە سەروبەندی چوونە حەجێی، لە ١٥١١دا، پسمامی وی میری حەجاجان بووە[٨] باوی ئیدریسی بدلیسی حوسامەدین علی پیاوێکی زانا و خاوەن ئەردەو و فەزڵ بووە. پتریش نێوی بە سۆفی ڕۆیشتووە. حوسامەدین عەلی، مریدی شێخ عەمار یاسر بەدلیسیی سەر بە ڕێبازی سۆفیگەریی سوورەوەردییە[٩]، لە خزمەت ئوزون حەسەنی سەرداری ئاق قۆیۆنلوواندا بووە. وەختی خۆی لە دەرباری ویدا، لە پێتەختی ئاق قۆیۆنلوون، ئامێد (دیاربەکر) میرزای دەربار بووە، ئوزون حەسەن، پێتەختی خۆی لە دیاربەکرەوە لە ١٤٦٩دا ڕاگوێزتە تەورێزێ.

بنەماڵەی حوسامەدین عەلی دەگەڵ دەرباری ئاق قۆیۆنلوواندا چووەتە پێتەختی نوێ، کە ئەو دەم ئیدریسی بدلیسی هێمان زارۆک بووە[١٠]. ئیدریسی بدلیسی، وەک لە کتێبی (الحق المبین)ەکەیدا بە دیاری دەخا، کاتێکی بابی دێتە تەورێزێ، لە کۆڕ و مەجلیسانی زانا و سۆفیی بەناوبانگ، مەولانا مەلا جامیدا هاوبەشی دەکا، باوکی لە ٩٠٠ک، ١٤٩٥ ز دا، لە تەورێز کۆچی دواییی کردووە و لەوێندەر، نێژراوە.

حوسامەدین عەلی لە بابەت سۆفێتییەوە. چەند نامیلکەیەکی بە عەرەبی نووسیوە، لە لێکدانەوەی قورئانی پیرۆزدا، کتێبی (أرشاد منزل الكتاب)ەکەی بە زمانی عەرەبی نامێیە و بریتییە لە دوو بەرگ، ئەم دوو کتێبەشی لەمەڕ تەسەووفە. (شرح الأصطلاحات الصوفیه)کەشی بۆ ڕاڤەکردن و لێکدانەوەی زاراوە سۆفیانە نامێیەکانی عەبدوڕەزاق کاشانی، واتە: هەر شەرحی ئەوە و ئەوی دیکەیان شەرحی (گولشەنی ڕاز)ەکەی مەحموودی شەبوستەرییە.[١١]

١ – ٤: مێژووی لەدایکبوون و زێد و نیشتمانی وی

هیچ تروسکەیێ لە سەرچاوەکاندا، لە بارەی مێژووی لەدایکبوونی ئیدریسی بدلیسییەوە دیار نییە. بەڵام لە سەرێکیشەوە هێندێ سەرەداومان بەدەستەوە دەدەن. خوار و ژوور، دەکارین مێژووی لەدایکبوونی ڕووی لە سالآنی ١٤٥٢ و ئی بە درەنگەوەی لە ١٤٥٧، یا لە نێوان ئەم سالآنەدا، بە مەزەندە دیاری کەین؛ چونکە ئیدریسی بدلیسی بۆ خۆی، لە بەراییی کتێبی (الحق المبین)ەکەیدا دەڵێ، لە لاوێنیمدا، بە بیرم دێ، لە ساڵی ١٤٧٢/٨٧٦ز دا، مەلا حاجی لەگەڵ کاروانی حەجاجاندا هاتە تەورێز و بابم لەم سەفەرەدا، دەگەڵ مەلا جامیدا، چاویان بە یەکدی کەوت.[١٢] باشە، گریمان ئەم ئیدریسی بدلیسییە هەنگێ لاوێکی تەمەن ١٥ – ٢٠ ساڵێ بووبێ، دەکرێ مێژووی لەدایکبوونی هەر لەم دەوروبەرەدا تەقدیر بکرێ؟ لەبارترین مێژوو بەلای منەوە ساڵی ١٤٥٢وە. هەرچی زێد و نیشتمانی بدلیسییە(١٣)، دیسان شتێکی ڕوون و ئاشکرا و بێ کێشە لە سەرچاوەکاندا بەرچاو ناکەوێ. هێندێ سەرچاوە دەڵێن بدلیسییە[١١] هێندێکی دیکە دەڵێن لە دیاربەکر لە دایک بووە، بەڵام زێتر وا پێ دەچێ هەر لە بدلیسێ لە دایک بووبێ؛ چونکە ئەوەتا بۆ خۆی نازناوی (بدلیسی)ی بۆ خۆی هەڵوژێردووە.

١ – ٥ خوێندنی وی

لەوڕا کو ئیدریسی بدلیسی خێوی شەخسییەتێکی زانا و وەهەری چەندین کتێبانە، خوێندنێکی چاک و بە دانسقەی بەخۆوە دیوە. بەڵام لەمەڕ ئەمەش زانیاریمان زۆر کەم و کاستە. گەلۆ دەخزمەت کێ و لە کێندەرێی خوێندووە؟بە لێبڕاوی نازانین، ئەوەی جێی دوودڵی نییە، ئەوەیە، کە لە خزمەت باوکیدا خوێننوویە. وێ دەچێ زانستی حەدیس و سۆفیاتیی، کە هێشتا چکۆلە بووە، لەو وەرگرتووە،[١٤] بەڵام بە پێی بارودۆخی لەباو، فارسی و عەرەبی و زانستە عەقلی و نەقلی و ئایینییەکان بە وردی فێربووە. ئەمانەشی لە دەوروبەری بدلیس – دیاربەکر، بە فەقێیەتی خوێندووە.

### ١ – ٦ وەزیفە و گەشت و گەڕانی وی

خـۆشـبـەخـتـانە زانیـاریمان پـتـر لە بـارەی ئەو بەشـەی ژیانیـیـەوە، کـە سـەروکـاری بە وەزیفـە و مـەسلەکی وییـەوەیە هەیـە دڵخـۆشکەرە. وەزیفـەی ئیـدریسـی بدلیـسی، چ لە خـزمـەت دەوڵەتی ئاق قـۆیۆنلـووان و چ لە دەرباری دەوڵەتی عوسمانییاندا، پتر وەزیفەیەکی سیاسی بووە. وا بـە ڕەگ و ڕیشەوە لەمەڕ ئەم وەزیفەیەی وی داخێوین.

### دەوڵەتی ئاق قۆیونلووان و ئیدریسی بدلیسی

بەسـەر لـە سـاڵی ٨٨٢ک/ ١١٤٧ز دا کۆچکردنی دواییی فـەرمـانڕەوای ئاق قـۆیونلووان، ئوزون حـەسـەندا، یـاقـوب بەگی کوڕی، لە سـاڵی ١٤٧٨ز دا چووە جێی. بە پێی سەرچاوەکان، ئیدریسی بدلیسی، لە سەروبەندی ئەم فەرمانڕەوا نوێیـەدا، بە لاوێتی کەوتووەتە دەرباری ئاق قـۆیونلووان و بەکاری مـیرزاییـیەوە خـەریک بووە، (مـیـرزا – مـنشـی – کـاتب – وەرگـێـڕ) ئەویش دەبێ لە سـاڵی ١٤٧٨، یا لە پاش ئەم سەروەختە بووبێ. وەک لە بەراییـیەوە گوتمان، ئەم کارە لە پێشدا لە عۆدەی حیسامەدین عەلیی بابیدا بووە.

ئەگـەر وا بیـرکـەینەوە دەشێ، لەم سـەروبەندەدا، باوکـی تەمـەنـی تەواوێ بە نێـو سـاڵدا چووبێ، ئەوە وا وێ دەچێ، لـە پاش دەست لە کـار کـێـشـانەوە و خـانەنشـینـکرانی، ئەم کـارەی بـەرەو ڕووی کـوڕەکـەی کـردبێـتـەوە، ئیـدریسـی بدلیـسی تا کـۆچی دواییی یاقـووب بەگ، لە سـاڵی ٨٩٦ک / ١٤٩١ز دا، لەم وەزیفـەیەدا مـاوەتەوە. لـەبەر ئەوەی بدلیـسی لە یاقـوب بـەگەوە زۆر نزیک بووە، لە (رسـالەی خزانیـە)کەیدا بە درێژی باسی ئەو گـەشتـەی، کە بۆ ئازەربایـجان چووە، دەکا. کتێبەکـەشی هەر بۆ خـۆی لەمـەڕ ئەم گەشـتـەیە. یاقـووب بەگی دەگـەڵدا هـاوسـەفـەر بووە و لە پاش مـەرگی یاقـووب بەگ و هـاتنە سـەرتەختی سـوڵتـان ڕۆسـتـەم و ئـەڵوەند بـەگ، ئیـدریسـی بدلیـسی هـەر بـەو پێـودانـە لە دەرباری ئاق قۆیونلووواندا ڕێزی لێ گیراوە و لەسەر کاری خۆی پێوە چووە. لە سـەروبـەندی وانیـشـدا ئەم پیـاوە لە دەرباری ئەوان دانەبڕاوە. بە قـسـەی

سەرچاوەکان بە نیشان ئەنگاوتن و میرزایەتی و دیوانەوە سەرگەرم بووە[١٥].
ئیدریسی بدلیسی تا دوادوای ڕووخانی دەوڵەتی ئاق قۆیونلووان، پاش ئەوەی ئەڵوەند بەگ لە ساڵێ ١٥٠١دا لەبەر شا سمایلی سەفەوی بەزی، هەر لە دەربار‌دا ماوەتەوە. سەرلەبەر، نزیکەی بیست ساڵی لە خزمەت ئاق قۆیونلوواندا کار کردووە. سەرچاوەکان بە ڕوونی ئەوە ئاشکرا دەکەن کە ئیدریسی بدلیسی، لەم سەردەمانەدا، بەلەلەیی زاڕۆی فەرمانڕەواکانیشەوە خەریک بووە، دەرزی داونێ، فێرە ڕێوڕەسمی پاتشایەتیی کردوون. ڕەنگە هەر لە سۆنگەی وەش بێ، کە خواجە سەعدەدین، ئیدریسی بدلیسی بە (مامۆستای پیرۆز)ی پەسن داوە؛[١٦] چونکە هیچ سەرچاوەیێ ئەوە دەرنابڕێ ئیدریسی بدلیسی نە لەکن ئاق قۆیونلووان و نە لەکن عوسمانییان، لە چ فێرگان مامۆستا بووبێ. لەبەر ئەوە، بە (مامۆستای پیرۆز) نێوبردنی بۆ ئەوە، دیاردییە کە لەکن ئاق قۆیونلووان لەلەییی کردووە، سەروکار و ئاشنایەتیی دەگەڵ گەورە کارگێڕ و پیاوی زانا و ژێهاتووی ئەو سەردەمەدا بنیات ناوە. قازی سەیفەدین ساوجبلاغی و نەجمەدین مەسعود مەلا شەهیدی و قازی عیسا، کە وەزیری و بریکارییان کردووە لەو ئاشنا و ڕۆشنایانەی بدلیسی بوون[١٧].

دەوڵەتی عوسمانی و ئیدریسی بدلیسی

کاتێ شا سمایلی سەفەوی، کە بنیاتنێی دەوڵەتی سەفەوییە لە ١٥٠١دا دواییی بە دەوڵەتی ئاق قۆیونلووان هێنا و هەرچی وڵاتی ژێر دەستیان هەبوو سەرلەبەری لێ داگیر کردن و وەسەر قەڵەمڕەوی خۆی ئێخستن. ئیدریس بدلیسی ناچار تەورێز بەجێ دێڵێ؛ چونکە دەیزانی دەگەڵ شا سماییل کە زۆر سەختگیرانە دەستی دابووە شیعەگەری، هەڵ ناکا. بە پێی هێندێ نەقڵی دیکە، یەکڕاست لە تەورێزەوە هەر لەو ساڵەدا، واتە لە ساڵی ٩٠٧ک / ١٥٠١زدابە ڕێی مەککە و مەدینەدا[١٨] بەرەو ئەستەنبۆڵ وەڕێ کەوتووە. سوڵتانی ئەوێ ڕۆژێ بایەزیدی دووەم، بە ڕێزگرتن و قەدرزانینێکی زۆرەوەی

پێشوازی لێ کردووە. سوڵتان بایەزیدی دووەم ئیدریسی بدلیسیی دەناسی، یاقووب بەگی سەرداری ئاق قۆیونلووان، بە بۆنەی پیرۆزبایی لێکردن، لە سەرکەوتنەکانی سوڵتان بایەزیدی دووەم، نامەی پیرۆزباییيانەی بە ئیدریسی بدلیسی نووسیبوو و پەسنێکی زۆری بە ئاب و تابی لە تاریفی تەرزی نووسینی ئەم پیرۆزباییيانەی بدلیسی داوە.[١٩]

سوڵتان بایەزیدی دووەم ئدریسی بدلیسی لە دەرباری خۆ دادەمەزرێنێ مووچە و بەراتی شیاوی بۆ دەبڕێتەوە و سەرباریش خەڵاتێکی زۆری دەکا. ئەو ڕۆژگارە، سەبارەت بەوە، کە سوڵتان کەڵکەڵەی وەقعەنووسی (مێژوونووسی)ی عوسمانییانی وەسەر کەوتبوو، ئەم کارە لە ساڵی ٩٠٧ک / ١٥٠٢ز دا، دەقەبەڵ ئیدریسی بدلیسی دەکا و لەوی ڕادەبینێ.

ئیدریسی بدلیسی وەک بۆ خۆشی بە دیاری دەخا، سی ساڵی خشت بەم کارەوە خەریک دەبێ و کتێبێکی بە نێوی «هشت بهشت»ەوە پێشکێش دەکا. لە گوێرەی یەکێ لە سەرچاوەکان ئیدریسی بدلیسی مۆرداری سوڵتان بایەزیدی دووەمیش بووە. لەبریی وی فەرمانی ئیمزا کردووە و هەر خۆی حسێو بووگ[٢٠].

ئیدریسی بدلیسی وەک خۆی دەڵێ: لە پای وەی نێوانی دەگەڵ هێندێ دەربارییان، کە بۆی قووت نەچوون، ئاڵۆز دەبێ و ئەم شۆفارانە کتێبەکەی وەبەر توانج و تەشەری ڕەخنە دەدەن و لە سۆنگەی ئەمە پاداشت و دەستمزی شایانی پڕ بە پلە و پایەی خۆی نەدراوەتێ.[٢١] بەڕاستی هێندێ لە سەرچاوەکان نێوان ناخۆشیی ئیدریسی بدلیسی و خادیم عەلی پاشای سەرەک وەزیر بە ڕاشکاوی دەردەبڕن. هەر وەی تەرحە، بە قسەی ئیدریسی بدلیسی خۆی، لە گۆتاوەڕۆی ئەمە، لە ساڵی ١٥١١دا، وێڕای داوخوازیی چوونە حەجێی، ڕێگەی نەدراوە بچێ، تەنانەت پاش مەرگی سەدری ئەعزەم، خادیم عەلی پاشا، لە ربیع الثانی ٩١٧ /تەمووزی ١٥١٢دا هەنگینێ ڕێی چوونە حەجێی دراوە و لەو ڕۆژگارەدا دەرفەتی چوونە حەجێی بۆ ڕەخساوە. بە مەودایەک، پێش چوونە حەجێی، بدلیسی تووشی نەخۆشییەکی گران

بووه.[٢٢] بدلیسی لە ڕێی زەریاوە سەفەری حەجێی کردووە.

سـەفـەرەکـەی مـانگێکی خـایاندووە. لە پێـشـان گـەیشـتـووەتە شـاری ئیسکەندەرییەی میسرێ، پاشتر لە ئیسکەندەرییەوە چووەتە قاهیرە. لەوێ، دەگەڵ سولتانی کوێلەمەندان کانساوگاویدا یەکدییان دیتووە. جگە لەمە، ماوەیەکی باش لەوێ دەمێنێتەوە لەگەڵ زانایانی وێندەرێدا، بە تایبەت لە خزمەت ئیبراهیم گولشەنی مەودایەک بەسەردەبا. ئەم شێخە خەڵوەتییە چلەکێشە ئیدریسی بدلیسی فرە وە دڵەوە دەچێ[٢٣]. ئیدریسی بدلیسی دەگەڵ برازایەکەیدا، کە لە قاهیرەوە میری حاجییان بووە، بۆچوونە حەج تەشریفی بردووەتە مەککە.

لەوێ قەرای ساڵێ ماگەتەوە، تەنانەت لە نامەیەکیدا، کە بۆ دەرباری عوسمانیی نووسیوە، وا دونگەی دەکرێ، ئارەزووی بۆ ئەستەمبۆڵ چوونی نەبووە؛ ئەمەش چونکە ئەوەندی دەشێ و لێی دەوەشێتەوە ڕێز لە پلەوپایەی نەگیراوە[٢٤].

بدلیسی هێژ لە مەکە بوویە، بایەزیدی دووەم، دە ساڵی ١٥١٢دا بنەوبارگە بۆ لای سۆمای چاوان دەپێچێتەوە و چاو لەو دنیا پڕ مەینەتییە لێک دەنێ. هەر لەو چەنانەدا سـولتـان سـەلیم یاوزی کـوڕی چووەتە سـەر تەخـتی عوسمانییان. یاوز سەلیم داوای سەرلەنوێ گەڕانەوەی ئیدریسی بدلیسی بۆ ئەستەمبۆڵ دەکا. خەرج، پووڵ و بانگهێشتنی ڕەسمیی بۆ دەنێرێ.

لەپای ئەمە، بدلیسی لە مەککەوە بە بەژێرەدا دێتە شامێ. نیازی وا دەبێ سەرلەنوێ بگەڕێتەوە قاهیرە و لەوێرا لە زەریاوە بچێتە ئەستەمبۆڵ. بەڵان کاتێکی دەبینێ ئاهۆی ڕشانەوە دەسەوبەرۆکی شام و میسر بووەتەوە، لەو نیازەی پەژیوان دەبێتەوە و چەنانێ لە شام دەمێنێتەوە، پاشان لەوێدا دەچێتە حەڵەب. لەوێشرا بەرە و زەریای سپی دەکشێ و دەگەڕێتەوە ئەستەمبۆڵ. دەگەڵ زانایان و زۆرزانانی شام و حەلەبدا دەبێ بە ئاشنا و دەمەتەقێ و وتووێژیان دەگەڵ دەکا و لەباری بیروهۆشیارییان دەگا[٢٥]. هەرچەندە مێژووی بۆ ئەستەمبۆڵ وەرگەڕانی بە لێبڕاوی ڕوون نییە، لێ دوور نییە لە

١٥١٢دا ڕووی دابێ.

لەتەک سـوڵتـان سـەلیم یاوزدا، لە جـاران پـتـری ڕوو دەدرێتـێ و ڕێزی لێ دەگیـرێ.. دەبێتـە راوێژکـار و زانسـتـمـەنی سـوڵتـان سـەلیم و لەسـەر کـتـێب نووسین ودێرۆک نووسینەوەی خۆشی پێوە دەچێ. بدلیسی لەم سەروبەندەی ژیانیدا، لە سیاسەتی دەوڵەتی عوسمانیدا، دەورێکی بەکار دەگێڕێ. ژیانێکی زانست و سیاسیی تازە نەفەس و پرشنگدارتر وەخۆوە دەبینێ.

لە پێشـان، لەو شـەڕەدا کە سوڵتـان سـەلیم یاوز لە سـاڵی ١٥١٤دا دەگەڵ شاسماییلی سەفەویدا هەڵیان گیرساند، هاوبەشی دەکا و دەگەڵ سوڵتاندا تا تەورێزێ دەچێ.

تەنانـەت پاش وەی سـوڵتـان لەوێ هەڵدەبـڕێ، بدلیـسی مـەودایەکی دیکە لە تەورێز دەهێـورێ و خەڵکەکە دنەی ئەوە دەدا ببنە دەسـتدا و لاگری سوڵتـان و دەوڵەتی عوسـمانی و بۆ ئەم نیـازە لە مزگەوتی ئوڵو جامیع، لـە تەورێز وەعز و ئامـۆژگـارییـەکی زۆری خـەڵکی تـەورێزێ دەکـا. نەک هـەر ئەمــە، بگرە سـەرکـردایەتیی ئەو هێـزانەشی کە پاش شـەڕ لە تەورێز بۆ ئەمن و ئـاسـایش دامەزراوە، کردووە و هەر لە پاش شەڕی چاڵدێران، ئیدریسی بدلیسی ئەرکی کوردستانی ترکیە بەلای عوسمانیدا راکێشانی لەستۆ خۆ گرتووە و کاتێکی سوڵتان سەلیم یاوز زستانی لەپاش شەڕی چاڵدێران گەڕانەوەی لە ئەماسیە بەسـەر دەبرد، بدلیـسی دەچێـتـە خـزمـەتی. لەم سـەروبەندەدا شـا سـمـاییلی سـەفـەوی، سەرلەنوێ دەکەوێتـە خـەیاڵی کوردستـان داگیـرکردن و قـەرەخـانی برای مـحـەمـەدخـەنی فـەرمـاندەی لەشـکر، کـە برای بوو و لە شـەڕەکـانی چاڵدێراندا کـوژرا، لەجێ دەنێـرێ. ئەم سـەرلـەشکرە دیاربـەکـر و دەوروبەری گەمارۆ دەدا.

سوڵتـان کوردسـتـانی ڕۆژهەلات و ڕۆژهـەلاتی (باشووری تورکیای نووسـیوە – وەرگـێـڕ) لە بنـەڕەترا چارەسـەر و بنەبڕ بکرێ. لەسـەر ئەم کـەینوبەینە، سوڵتـان سـەلیم یاوز بەگلـەربەگ (میرمـیران)ی زەریای ڕەش، مـحەمـەد پاشـای سوێڵبابڕ (بیقلی) وەخۆی و لەشکریەوە دەنێرێتە سەر دیاربەکر و بێ لەمەش،

بۆ یاریکاریی بەگلەربەگی سێوان سێ، سادی پاشاشی بە یارییەوە ڕەوانە دەکا، لێ ئەم دوو کەڵە سەر لەشکرە لەتاو ناکۆکی و نێوان ئاڵۆزییان، لێک هەڵدەبڕین. لەسەر ئەمە سوڵتان، بەگلەربەگی قۆنیە، خوسرەو پاشای لە جێی سادی پاشا دادەنێ. جیا لەوە، ئیدریسی بدلیسیش،، هەر بۆ یارمەتیی وان دەسبەکار کراوە. وەک دەگێڕنەوە، دەگەڵ پێنج هەزار چەکداری کرێگرتە و گوێ بە فەرمان هەڵدەکاتە سەر دیاربەکر. سەر لەشکری سەفەوی، قەرەخان، هەمبەر ئەم هێزەی عوسمانی بەرگە ناگرێ و ناچار هەڵدێ و دەچێ لە قەڵای ماردین خۆ قەیم دەکا. لەشکری عوسمانی، پاش ئەوەی دیاربکر لە عەجەمان دەستێنێتەوە، لەسەر خوایشتی ئیدریسی دەچێتە سەر قەڵای ماردین و ئەوێش دەگیرێ و لە دەسپێکی ساڵی ١٥١٦دا، قەرەخان بە مردوێتی لە جەنگەی شەڕدا دەسگیر دەکرێ. لەی سەردەمە وەملاوە، هەر وەک دیاربەکر و ماردین وەسەر قەڵەمڕەوی دەوڵەتی عوسمانی دەخرێ، هەروا وە هەوڵ و کۆششی ئاشتییانەی ئیدریسی بدلیسی ڕێککەوتننامەی نێوان کورد و تورک وەناو سوڵتان سەلیمۆ، لێل میرە کوردێل کوردستانا مۆر ئەکرێ و بەم جۆرە بیست و پێنج میرنشینی (خان نشینی)ی کورد، بدلیس و ئورمێ و عیتاق و ئامێدی و جزرە و ئەگیل و هوزان و گارزان و پالۆ و سعێرت و حسنکێف (قەڵاکەیف) و مەیافارقین و جزیرەی ئیبن عومەر، وەئاشتی، بە فەرمانڕەواییی عوسمانییەوە دەبەسترێن(٢٦).

سوڵتان سەلیم دەبەرابەر ئەم سەرکەوتنە گەورە و پیرۆزانەدا ئیدریسی بدلیسی بە پاداشتی شایستە سەربڵند دەکا. فەرمانێکی بۆ دەنێرێ، ناوچەی دیاربەکر و دەوروبەریی لەسەر تاپۆ دەکا.

جگە لەمە (قەزا عەسکەریی عەرەبی)ی کە سوڵتان سەلیم، لە ساڵی ٩٩٢ک/ ١٦١٦ز دا تازەی هێنابووە گۆڕێ و مەڵبەندەکەی دیاربەکر بوو، بەرەو ڕووی ئیدریسی بدلیسی دەکرێتەوە و دەیدرێتێ. بەم ڕەنگە، بدلیسی پلە و پایەی قازی عەسکەریی، کە پایەی ئەسکەریی هەرە بڵیندی دەوڵەتی عوسمانی بوو، پێ خەڵات دەکرێ و بەمە فەرمانڕەواییی خشتی کوردستانی

دەقەبەڵ دەکرێ.

ئیدریسی بدلیسی هەر وەی کارەوە نەگیرسیاوەسەوە، کار گەوراگەورای، لە سیاسەتێ سوڵتان سەلیم لە عاست کوێلە مەنێلی کردووی وەسەر مەشق خۆی، ئەنجام دەدا. لە نوێواوە فەرمانڕەواییی ئورفە و مووسڵ و لە دەست کوێلە مەنێل دەرتێرێ و وەبان قەڵەمڕەو دەوڵەت عوسمانی دەخاو وە تەواوی یەکچاوی دەکاتەوە.

لەسەرێکی دیکەوە، بەنێوی سوڵتان سەلیمەوە، حسنکێف بە خلیل بەگی سەربە بنەماڵەی ئەیوبییان دەبەخشێ. پاشانەکێ، لە سەفەربەرکانی سوڵتان سەلیمدا بۆ سوورییە و میسر هاوبەشی دەکا و بەڕیز لەو شەڕانەدا، لە سالآنی ١٥١٦ و ١٥١٧دا، کە لە مەرجیدابوق و ریدانییە ڕوویان داوە هاوبەشی دەکا و لەگەڵ سوڵتان سەلیم خۆیدا هاوسەفەر بووە. لە پاش گرتنی وڵاتی میسر، باری سرنج و بیروڕای خۆی لەمەڕ بەڕێوەبردنی ئەم وڵاتەی لە سوڵتان سەلیم ڕاگەیاندووە و بەم ئاوایە ئیدریسی بدلیسی جارێکی دی قەدرزانین و ڕێز لێگیرانی سوڵتان سەلیمی یاوزی وەدەست هێناوە. باری سرنج و بیروڕایەکانی لەمەڕ بەڕێوەبردنی وڵاتی میسر بە بنەڕەت و هیمدار پەسەندکراون. بەمە، ئیدریسی بدلیسی، بیست ساڵ پتر لە خزمەت دەوڵەتی عوسمانیانیدای، وەک پیاوێکی کارامە و ژێهاتی کار کردووە.

١ – ٧: ئاکار و خووڕەوشتی وی

بە پێی سەرچاوەکان، ئیدریسی بدلیسی ڕەوشت و ئاکار پەسەند و دڵاوا و بەرچاوتێر و بەبەزە بووە، زار پاراو، دەوودوو شیرین، نوکتە سنج و قسە خۆش، مەجلیس ئارا، خامە زۆر وەستایانە و ورد و مووقڵاشانە بووە، زانا و زبیک و زاکوونناس و لە خواترس و بەدین بووە. ئاشقە یارمەتی و دەسیاو و دۆستی دەستەوسان و لێقەوماوان بووە.

لە خراپە و چەپەڵی و ڕەفتاری دزێوی پرینگاوەتەوە. تا بڵێی گوێ بە فەرمانی دەوڵەت و قانوونپەرست بووە.(٢٧)

١ – ٨: مردنی وی

ئیدریسی بدلیسی، لە گەرمەی لە ئەستەمبۆڵ خۆ بەکاری زانست و کتێب نووسین خەریککردنەوە، لە زیلحەجەی ٩٢٦ک / ١٥٢٠/١١/١٢دا، هەر قەدەرێ پاش مەرگی سوڵتان سەلیم یاوز، لە ئەستەمبۆڵ، دنیای بەجێ هێشتووە و باروبەندی بۆ پەنای گلارای دیدان ڕاگوێزتووە. سەرلەبەری سەرچاوەکان لەسەر ئەوە سوورن، کە بدلیسی لە ئەستەمبۆڵ مردووە.

سەرەڕای ئەوەش هێندێ سەرچاوە لەمەڕ مێژووی مردنی لێک تاک و جووتن. بڕێکیان یەژن لە ٩٢١ک/ ١٥١٥ز[٢٨] پاژێکیان ماچۆن لە ساڵی ٩١١ک/ ١٥٠٥ز[٢٩] و پارێکیان ڤاژن لە ٩٣٠ک/ ١٥٢٣ز[٣٠] و دەستەیەکیان ویشن لەو دیرۆکانە درەنگتر، وە نموونە: لە ١٥٥٤[٣١]دا فەرمانی خودای بەجێ هێناوە و چاوی لە دنیای ڕوون لێک ناوە، لێ بەلێ ئەم مێژووانە سەرپاکیان بە تۆمەری هەڵەن، چونکە کوڕی ئیدریسی بدلیسی دەڵێ. باوکی وەک بدلیسی دەڵێ، لە بەراییی کتێبی (سەلیم نامە)کەیدا نووسیویە، لە زیلحجەی ساڵی ٩٦٢ک دا مردووە و ئەمەش لە هەمووان ڕاست و دروستترە. نووسیارانی هاوسەردەم بڕێکیان پێیان واسا، ئیدریسی بدلیسی لە ٩٢٦ک/ ١٥٢٠زدا[٣٢] عەمر خوای کردووە.

بەم پێیە، بدلیسی لە تەمەنێکی زۆر هەورازیشدا، ڕەنگە هەر لە نێوان تەمەنی شێست و پێنج و حەفتا ساڵیدا وەفاتی کردبێ.

گڵکۆی ئیدریسی بدلیسی، ئەوڕۆکە لای ئەیوبی ئەنساری، لە شوێنێکی کە بە (کۆشکی ئیدریس) یا (چەشمە) نێوی ڕۆیشتووە و لە مزگەفتێکدا کە زەینەب خاتوونی هاوسەری بە وەقف بنیاتی ناوە، تا ئێستاش ماوە و بەرقەرارە.[٣٣] چوارینەیەکی، کە سەروکاری دەگەڵ وەفاتی مەلا ئیدریسدا هەیە، لە تەرجەمەی (شقائق)دا بەم ڕەنگەیە:

زەمانە بێ نەمانە، چۆنی لێ ئەمین دەبی؟
ئەگەر ئەمینە، کوا دەوڵەتی مەئموونو دی؟
حیکمەتی ئیدریس کوێوە چوو، کوا کرو کرداری ڕۆستەم!

شەوکەتی حەزرەتی سولەیمان ها وەدەس کێوە؟
سامانی قاروون و تەڵای دەستەوشار کوێوە چوو؟![٣٤]

١ – ٩: منداڵەکانی وی

سەرچاوە و ژێدەران دبێژن، ئیدریسی بدلیسی تەنێ جەم خانمەک بە ناوی زەینەب خاتوون هاوسەریی کردووە. لێ ژ ئالیا بچویک و زارۆکێن وی ڤەژمارا وان ژبلی ئێک ژوان پێتر چو زانیارییێن مە تنە. مەگەر لەو نامەیەیدا کە لە ساڵی ١٥١١دا، لە مەککەوەی بۆ دەرباری عوسمانیی شاندییە و خاستییە ڕێ بە عەیالێ وی بدرێ، بێن بۆ لای، بیرمان بۆ ئەوە بچێ کە لە یەک منداڵی زێتر هەبووبێ. ئەوەی بەلای ئێمەوە ئاشکرایە و بووبێ بە ماڵی هەقی مێژوو، مەولانا ئەبوفەزڵ محمد ئەفەندیی کوڕییە، کە ئەویش پیاوی جەنگەی زانست و سیاسەتوانی سەروەختی خۆی بووە.

لەمەڕ مێژووی لەدایکبوونی محمد ئەفەندیش، کە بە نازناوی (چەلەبی) ناسراوە، زانیارییەکی ئەوتۆمان بەدەستەوە نییە، ئەبوفەزڵ محمد چەلەبی ئەفەندی هێندەی بابی بەنامێ و قاسی باڤێ خوە زانا بوویە و ئەو ژی عەرەبی و فاسی و ترکیی پڕ خورت زانییە. ئەو ژی وسا، مینا بابێ خوە خزمەتا دەوڵەتا عوسمانی کرییە.

ژێدەران، ئەگەرچی دبێژن دشامێدا چەعڤێ خوە ژئێک نایە بەڵام بۆ ئەمە بەڵگە و دەستاوێزێکی وا لەبەر دەستدا نییە جێی متمانە و دڵنیایی بێ؛ چونکە ئەو لە ساڵی ٩٨٧ک/ ١٥٧٩/٢/٢٦زدا، لە ئەستەمبوڵ مردووە و لە حەوشەی مزگەفتی دەفتەردار، کە لە تۆپخانە بە نێوی خۆیەوە بنیات نراوە، نێژراوە. بەو ناونیشانەی کە گڵکۆیەکەی لەوێیە، دەبێ هەر لە ئەستەمبوڵ فەرمانی خوای بەجێ هێنابێ.

ئەبولفەزڵ محەمەد، لە تەمەنێکی زۆر لاوێنیدا چووەتە نێو چینی زانایان و لە کاری دەوڵەتگێڕیدا ئەرکی دەستۆ خراوە، ئەدی ئەوە نییە، لە ساڵی ٩١٢ / ١٩١ز دا بووە بە زانستمەنی موئەیەدزادە؟ لە چاخی سوڵتان سولەیمان

قانوونیدا، له نوواوه، ئەندامێتیی دیوان و دوایی له مانیسا، مامۆستایی کردووه. له پاشترێیش کراوه به قازی تەرابلوسی شام، دواتر، له ساڵی ٩٤٩ک/ ١٥٤٢دا، له ئەستەمبوڵ، کراوه به دەفتەرداری ڕۆمەڵی Romili، واش بەدیاردەکەوێ، تا دوادوای ژیانی هەر لەو کارەدا مابێتەوه. محەمەد ئەفەندیی باوکیشی چۆن کتێبی زۆر و زەوەندی داناون، ئەویش هەر چون ئەو، شیعری به تورکی و عەرەبی و فارسی گوتووه، نازناوی شاعیرانەی فەزڵییه.

ئەم زاته نێوی وەک دیرۆکنووس پتر ڕۆیشتووه، وا له پایینەوه، برێ له کتێبەکانی نیۆنووس دەکەین:

١ – ٩ – ١: پاشکۆی هەشت به هەشت (ذیلی هشت بهشت). ئەم کتێبه پاشکۆیەکه، به فارسی، لەمەڕ سەلیمی یەکەم، واته لەسەروبەندی یاوز سەلیم، وەک سەربار، وەسەر کتێبەکەی بابیی خستووه.

کتێبەکه «سلێمان نامه»شی پێ دەگوترێ، فەلانی لەوه دەچێ، له ساڵی ٩٧٤ک/ ١٥٦٦ز دا له کاری نووسینی بووبێتەوه.

١ – ٩ – ٢: سەلیم شاهنامه: ئەمەش کتێبێکه وەک «سەلیم نامه»کەی بابیی دەچێ، هۆنراوەش و پەخشانیشه.

بەشی هۆنراوەکەی هەردووپاتەی پەخشانەکەیەتی، له ساڵی ٩٥٧ / ١٥٦٧ز دا، که له یەکەم ساڵی فەرمانڕواییی سەلیمدا بووه، تەواو بووه.

١ – ٩ – ٣: تواریخ آل عثمان: ئەوەش مێژوویێکی عوسمانییەکانه و پشت به کتێبەکانی باوکی، به فارسیی نووسیوه. ئەم کتێبه که له نۆ کتێب هاتووەته گۆڕێ، تا سەروبەندی سوڵتان سەلیم، باسی نۆ سوڵتانی عوسمانی و سەروەختی سەڵتەنەتیانی تێدایه، وا پێ دەچێ، له ساڵی ٩٧٥ک/ ١٥٦٧ز دا نووسرا بێ[٣٥].

١ – ٩–٤: تاریخ آل عوسمان: ئەم کتێبەش، که به تورکی نووسراوه، به پێی سەرچاوه و ژێدەران دەگەڵ کتێبەکەی دیکەدا، که هەر لەمەڕ مێژووی عوسمانییانه، لێک جیاوازن، ئەمه به «تاریخ أبو الفضل» یش نێوی ڕۆیشتووه[٣٦].

کـتـێـبـەکـە لە دوازدە بەرگ هاتووەتە گـۆڕێ، هەرچی نوسـخـەکـەی قاهیرەیەتی، بە نێوی «جریده الأخبار»ەوە ڕۆیشتووە (خریطه الأخبار نووسراوە - وەرگێڕ)، هەر لە باس و خواسی دنیا دروستبوون و مرۆگوورانەوە تا سەروبەندی چوونە سەر تەختی سوڵتان سولەیمان قانونی لە ئەیلوولی ١٥٢٠دا درێژای کێشاوە و پێوە چووە، ئەبولفەزڵی کوڕی مەلا ئیدریسی بدلیسی، بەمە دوو کتێبی لەسەر دیرۆکی عوسمانییان نووسیوە.(٣٧).

١ - ٩ - ٥: وەرگێڕدراوی کتێبی (أخلاق محسنی)ی حوسێن واعیز ئەلکاشفی (مرد: ١٥٠٥)یەو بە فارسییە.(٣٨).

١ - ٩ - ٦: خلاصە تأریخ وصاف: ئەم کتێبە، وەک لە نێوەکەشیڕا دیارە، تەرجەمەکەی ترکیی کورتەی (تاریخ) ناوی مێژوونووسی نامێ، وەسسافە.

١ - ٩ - ٧: مدارج الأعتقاد: ئەمەش تەرجەمەی ترکیی کتێبێکی کەلامی (مناهج العباد) ناوە.

١ - ٩ - ٨: ترجمة ظاهرة: ئەمەش تەرجەمەی ترکیی کتێبە نامێیەکەی سەر بە بژشکیی (ظاهره) ناوی خوارەزمشایە.

١ - ٩ - ٩: تەرجەمەی المواهب العالیة: ئەم کتێبە سەر بە لێکدانەوەی قورئانە، هەر وەک لە ناوەکەیڕا دیارە، تەرجەمەی کتێبی نێوبراوە. دووا شت، با لێرەدا ئەم بەیتانە کە سەخی بەگ لە ئەبولفەزڵ محەمەدەوەی نەقڵ دەکا، وەخوێنین:

«گەرچی ڕابواردنی ئەوینداران دەرد و مەینەتە،
رابواردنی من بوو بە ئاخ و ئۆف،
خودا نەکا ئاڵیی لێوەکانت لە پێش چاوم ون بێ،
چونکە ڕابواردنی ئەم خوێنڕێژییەی چاوت، ئەم سەودایەیە.
چریسکانەوەی لێوە وەک یاقووتەکانت
یەکە سەرمایەی دڵخۆشبوونمە

وەبیر هێنانەوەی لێوی ژیبەخشیشت،
سەفای دڵانی ماندوو و ڕەنجاومە.
ئایەتەکانی قار و بەزە و دە قورئانی باڵادا هەن،
سوورەتەکانی (نوور) و (دوخان) ڕابواردنی میزاجی منداڵانەتن،
دڵ لە سەردەرانەی تۆدا هەڵکورماوە،
بە تەمای عەشقی نیشتمان و نزیکییەتی
چون غەریبان بە نیازی کۆلیتی حەوانەوە سەردەنێنەوە(٣٩).

١ – ١٠: ساڵنامەی ژیانی ئیدریسی بدلیسی

لێرەدا ئەو خاڵانەی دە ژیانی ئیدریسی بدلیسیدا گرینگن، بەڕیز دەخەینە پێش چاو؛ بەڵام وام بە چاک زانی بە گرد و کۆیییەوەی بنووسین.

١٤٥٢: مێژووی بەمەزەنە لێکدانەوەی زووترین لەدایکبوونی ئیدریسی بدلیسی.

١٤٦٩: لەگەڵ خێزانەکەیدا، لە دیاربەکرەوە بۆ تەورێز کۆچکردنیان.

١٤٧٨: لەم مێژووەدا، یا پاش ماوەیەکی کەم بوون بە مونشی (میرزا)ی سوڵتان یاقووبی ئاق قۆیونلووان.

١٤٨٥: ناردنی نامەی پیرۆزبایی بە نێو یاقووب بەگەوە بۆ بایەزیدی دووەم.

١٤٩٥: مردنی بابی لە تەورێز.

١٥٠١: لە تەورێز هەڵبڕانی و چوونە ئەستەمبۆڵ.

١٥٠٢: بە خواستی بایەزیدی دووەم، نووسینی کتێبێکی مێژووی عوسمانییان.

١٥١١: بە ڕێگای دەریادا بۆ گەشتی حەج چوون بە قاهیرەدا گوزەرکردن لەوێڕا بۆ مەکە چوون.

١٥١٢: نامە ناردنی یاوز سەلیم، بۆ ئیدریسی بدلیسی کە لە مەکە دەبێ و بانگێهشتنی بۆ ئەستەمبۆڵ.

١٥١٢: لە مەکە هەڵبڕان و لە ڕێگاوە، بە شام و حەڵەبدا ڕۆشتن و بە ڕێگای

زەریاوە، بۆ ئەستەمبۆڵ گەڕانەوە.

١٥١٤ – ١٥١٧: ئەرکی سەرشانی بەجێهێنانی لە کوردستان و پاڵدانی بە عوسمانییانەوە.

١٥١٦ – ١٥١٧: هاوبەشیکردنی لە سەفەربەرەکانی سووریە و میسردا.

١٥٢٠: لە ئەستەمبۆڵ مردنی. لە ڕوونکردنەوەی ئەو مێژووانەی سەروکاریان بە ژیانی ئیدریسی بدلیسییەوە هەیە، لێرەدا ئاماژەمان بۆ کەنگێ دەست بەنووسین و کتێب دانان، یا کەنگێ لە دانانیان بووەتەوە، نەکرد؛ چونکە ئەمە لە بەشی دووەمدا کە باسی کتێبەکانی تێدا دەکەین، بە دیار دێخین.

## ٢ - ١: سرنجێ لە ژیانی سیاسەت و زانستی ئیدریسی بدلیسی

ڕەنگە ئاوڕێکی سەرپێیانە لە ژیانی سیاسەت و زانستی عوسمانیی (سەدەی ١٥هەم و یەکەم نیوەی سەدەی ١٦هەم)، کارێکی خراپ نەبێ.

أ – ژیانی سیاسیی وی

لە ساڵی ١٢٩٩دا، لە دامەزرانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیرا تا ساڵی ١٥١٢ی چوونە سەرتەختی سوڵتان سەلیم یاوز، ئەم ئیمپراتۆرییەتە لە سیاسەتی دەرەکیدا، تێکڕا، سیاسەتێکی دەرەکیی تایبەتکاری دەبەرابەر ڕۆژاوا، واتە: بیزانس بەڕێوە دەبرد. داگیرکاری پتر ڕووی لە خاکی ڕۆژاوا کردووە. لە سەروەختی بایەزیدی یەکەمدا خاوەری خاکی باڵکان یەکڕاست وەسەر ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی خراوە. سیاسەتێکی ڕۆژلەدوارۆژ پەرەسێن و فرە تەرزهاوێژ بە ئامانج گیراوە.

لە سیاسەتی هوندووری یەکیەتیی ئەنەدۆڵێیش، هەر بەو ئاوایە زۆر بە گوڕ و توان بووە. سەروبەندی خامۆشی، کە بە مەرگی بایەزیدی یەکەم هاتە گۆڕێ و زۆری نەخایاند، هەرچەندە لە سیاسەتدا، بووە بە هۆی پایدۆست و کێشە و هەرای نێوان سالانی ١٤٢٠ – ١٤١٣، بەلان لە سای هیمەتی محەمەد چەلەبی (فاتح) و وەدەستخستنەوەی لە نوێژەنەوە بەرەو یەکخستنەوەی ئەنەدۆڵێ، زۆر

زیندووانه، جارێکی دیکه وەسەرخۆ هاتووەتەوە و دامەزراوەتەوە. لە سەردەمی بایەزیدی دووەمیشدا ئەم سیاسەتە دەرەکییە ڕوو لە ڕۆژاوایە بەردەوام بوو، بەڵام دەگەڵ کوێلەمەند و میرنشینی دولقەدەردا ناکۆکی و تێکگیران دەستی پێ کرد. سەرەڕای ئەو لێک هەڵەنگوتن و هەرایەی بەهۆی ڕووداوگەلێ کە لەلای سوڵتانەوە سەریان هەڵدا و باری سیاسیی نەختێ ئاڵۆز و شپرێو کرد، ئاژاوەکە زۆری نەکێشا و هەر زوو دەستی بەسەردا گیرا.

کێشە و هەرایەکی لە نێوان کوڕانی بایەزیدی دووەمدا، لەسەر چوونە سەرتەخت لە ساڵی ١٥١٢دا سەریان هەڵدا، هەر بە چوونە سەرتەختی سوڵتان سەلیم یاوز لە ماوەیەکی کورتدا خێرا دەستیان بە سەردا گیراوە و نەیانتەنیوەتەوە، تەنانەت بە هاتنە سەرکاری وی گۆڕانکاریی گرینگ ڕوویان داوە. سیاسەتێکی دەرەکییانە کە لە پێشان ڕووە و ئەوروپا و پاڵکانان ڕەچاو دەکرا، وێستاکە ئیدی ڕوویان لە ڕۆژهەڵات و باکور وەردەچەرخاند. لە ئاکامی ئەمە، عوسمانییەکان، شانبەشانی ڕۆژاوا کەوشەن و سنووری ئیمپراتۆرییەتەکەیان لە خاوەر و خاوەری باشوورەوە، تا نێو خاکی ئێران و سووریە و میسر بەرفراوان کردووە و پەرەیان پتر پێ داوە؛ لەبەر هەندێ بنەماڵەکانی خاوەر و خاوەری باشووری ئەنەدۆڵ و وەسەر خاکی عوسمانی خراون و لەمەشدا، وەک لە پێشەوە ڕوونمان کردەوە، مەلا ئدریسی بدلیسی خزمەتی گەورەی نواندووە و بەمە یەکیەتیی خاکی ئەنەدۆڵ، کە ئامانجی سەرەکیی سیاسەتی هوندوور بوو، بە تەواوی ماناوەی، لە سەردەمی سەلیم یاوزدا جێبەجێ کراوە و یەکلا کراوەتەوە. (نویسیار بە هەموو ساناییەکەوە بەڵام هەمیشە هەر کوتەک دەزانێ ڕێی کاروان لە کوێیە! کوردستانی بە بەشێ لە ئەنەدۆڵ لە قەڵەم داوە، دیارە داگیرکەرانی کوردستان بە هەموو شڕ و شکڵێکیانەوە ماڵی خەڵک و خاکی وڵاتی خەڵکیان بەئی خۆ زانیوە – وەرگێڕ).

ئەم گۆڕانکارییە، خۆی کە سەلیم یاوز لە سیاسەتی دەرەکیی عوسمانیدا هێنایە گۆڕێ دوو هۆی گرینگی هەبوون: یەک لەم دووانە و ئەوەی هەرە

گرینگیان سیاسەتی دەرەکیی نێوەڕۆک ئاینییە، کە دەوڵەتی سەفەوی لە سەدەی ١٥هەمدا لە ئێرانێ هێنایە گۆڕێ و بە ئاوایەکی توند، خێرا و بەلەز پەرەی ساند و ڕووە و ئەنەدۆڵێی دەکار برد. وەک ئاشکرایە، شاسمایل دوای ئەوەی ئاق قۆیونلوو و قەرە قۆینلووانی لە نێوبرد، بە تایبەتی بۆ ئەوەی بکارێ ئەنەدۆڵ لە هوندووڕرا داگیربکا، ئاخوندی شیعەی دەنارده خاوەری خاکی عوسمانی و هەڵپەی ئەوەی دەکرد، خەڵکی ئەو ولاتە، گۆیا شیعەن و عەلەوین لە دژ دەسەلاتی عوسمانی گاڵ بدا، یاوز ئەم باردۆخەی، هێمان لە سەردەمی شازادەییدا، لە تەرەبزوون سۆسە کردبوو و بابی، بایەزیدی دووەمی ئاگا کردبوو. کاتێکی بۆ خۆی چووە سەر تەختی سەڵتەنەت و فەرمانڕەوایی و بارودۆخەکە لەو سەروبەندە دا، بەڕادەیەک گەیشت، گەفەی لە یەکیەتیی ئەنەدۆڵێ دەکرد، سەفەربەرێکی گەورە و گرانی لە ساڵی ١٥١٤دا بۆ سەر شاسمایل و ئێرانێ تەیارکرد و ئەوە بوو عوسمانییەکان لە شەڕی (چاڵدێران)ی بەنێوبانگدا سەرکەوتن و شاسمایلیان بەزاند و ئاکامی ئەم سەفەربەرە تا نێو ئێران ئاژنی کرد و گەیشتە تەورێز. سەفەوی پشتی شکا، مەترسیی ئێران بە ئەندازەیەکی گەورە و گران و بەرچاو لە نێوچوو و ڕەوییەوە.

دووەم گۆڕانی گرینگ، دەگەڵ دەسپێکی داگیرکردنی سووریە و میسردا هاتە گۆڕێ. لە سەروبەندی چوونە سەر تەختی یاوزدا، بۆ لە نێوبردنی ئەم مەترسییەش باوەڕی بەوە بوو، کە دەبێ بەسەر سووریە و فەلەستیندا، ناچار بەرەو میسرێ بڕوا. بەشەڕە بەناوبانگەکانی دووابەدوایەکی سالانی ١٩١٦ و ١٩١٧ی مەرج دابوق و ریدانیە و میسر، سەرپاکی خاوەری ناوین تێکەڵ بە خاکی عوسمانی کرا. ئیدی بەمە سەرسووکی و ئەمنییەتی عوسمانییان لە باشووریشڕا دەسەبەر کرا. ئەم سیاسەتەی خاوەر و خاوەری باشوور، کە یاوز سەلیم دەبەرابەر ولات و دەوڵەتێل موسڵمانان لەسەری دەڕۆیشت، نەک لە ئاکامدا یەکپارچەگیی خاکی دەوڵەتی عوسمانی و بوون بە خێوی خاکی نوێشی وەدەست هێنا، بگرە عوسمانییەکان لە هەمان کاتدا شتێکیان، بە

تایبەت لە ڕووی سیاسەتەوە، لەمانە زۆر گرینگتر وەدەست هێنا، کە ئەوەش دەست بەسەر خیلافەتدا گرتنی عوسمانییان بوو.

وەک ڕوونە، المتوکل علی اللەی سێیەم، کە دەسای پاراستن و فەرمانڕەواییی کوێلەمەنداندا بوو، بە لە ناوچوونی یەکجارەکیی ئەم دەوڵەتە، بۆ خۆی هاتە ئەستەمبۆڵ و ئەمانەتە پیرۆزەکانی پێشکێش بە سوڵتان سەلیمی یاوز کرد و پلەوپایەی جێنشینیی ئیسلامەتیی بەرەوڕووی وی کردەوە و ئیدی بەم ئاوایە، هەر لە سوڵتان سەلیم یاوزڕا سەرلەبەری پادشایانی عوسمانی بوون بە خاوەن جێنشینی و بەوەی جێنشینی ئیسلامەتی بەرەو ڕووی ئالی عوسمان کرایەوە، عوسمانییەکان نەک هەر پاراستنی مادی و مەعنەویی پەیڕەو و دەستدایانی عوسمانی، بگرە ئی سەرلەبەری موسڵمانانیان دەستۆ گرت. دیارە ئەمەش دەسەڵاتێکی گەورەی وەدەست عوسمانییان خست. عوسمانییەکان لەمەڕ سیاسەتی سەرەکی، ئاکامێکی دیکەی ئەم سیاسەتەی خاوەر و خاوەری باشوور، کە دەکاریان دەبرد، ئەوە بوو لە ئاکامی وەی، ئاق قۆیونلووان دەبەرابەر سەفەوییان خۆیان نەگرت و دایانە کزی و کەنەفتی و سەفەوییەکانیش لە شەڕی چاڵدێران تووشی بەزینێکی ئابڕووبەرانە بوون، هەر لە بەراییی سەدەی ١٦هەمڕا ژمارەیەک زانای سوننی مەزهەبی ئێران لەتەک برێ زانا و میری ئاق قۆیونلووان کۆچیان کردووەتە وڵاتی عوسمانی و لە خزمەتی دەوڵەتی عوسمانیدا دامەزراون[٤٠] و ئەمەش بێگومان تێکەڵییەکی ئەرێنیی گەورەی لە ژیانی زانست و سیاسەتدا بووە. هەر وەکو لە پێشدا گوتمان، ئیدریسی بدلیسیش یەک لە پیاوانی ئەم چینە زانایانەیە. کەواتە: سیاسەتی عوسمانی لە سەروبەندی ئیدریسی بدلیسیدا بە هەموو ڕووکار و بەریانێکیەوە و سیاسەتێکی گەشەدار و زیندوو و پێشکەوتوو بووە. عوسمانییەکان چ لە ڕووی سیاسەتی هوندوور و چ لە ڕووی سیاسەتی دەرەکییەوە، لە جەنگەی سەروبەندی بووژانەوەدا دەژیان.

٢ – ٢: ژیانی زانست

پاش ئەوەی بە کورتی لە ژیانی سیاسی دواین، دەبێ چاوێک بە ژیانی

زانستیشدا بگێڕین. هەر یەکراست پێویستە بڵێین کە ژیانی زانستیش شانبەشانی ئەو گەشە و پێشکەوتنە سیاسی و ئابورییەیە نوقڵانەی بۆ گەشە و پێشکەوتنێکی گەورە و دوارۆژێکی نزیک لێ دەدا؛ چونکە ئەگەر ئەمە لە کەرتێکی گرینگی ژیاندا سەرهەڵدا، دیارە لە کەرتێکی دیکەشیدا دێتە گۆڕێ و ئەم بارەش تێکرا، بتەوێ و نەتەوێ لە داخوازیی زاکوونی پێشکەوتن دەکەوێتەوە... بە پێچەوانەوە، ئەگەر لە کەرتێکدا پایدۆس، ڕاوەستانێ، پاشەکشەیێ، دواکەوتنی، لە کاروان پاشکەوتنێ ڕوو بدا، ئەوانە لە کەرتەکانی دیکەی ژیانیشدا ڕوو دەدەن؛ چونکە ژیان وەک یەک پاژ، دەگەڵ پاژە هەمەچەشنەکانی یەکدیدا هاوسەروکار و هاوپێوەندن، شتێکی ئەرێنی یا نەرێنی (مثبت و منفي)، دە پارێکدا، هەر بەو ڕەنگ و ڕووەوە بتەوێ و نەتەوێ، کار دە پارەکانی دیکە دەکات... ژیانێکی، ئیدریسی بدلیسی لە ئەنەدۆڵێی بەسەربردووە، لەبەر ئەوەی سەروبەندی بایەزیدی دووەم و یاوز سەلیمی کوڕی داگیرتووە، ئێمەش تەنیا لە ژیانی زانستیی سەردەمی ئەم دوو پادشایە، واتە ژیانی زانستیی دوا چارێکی سەدەی ١٥هەم و یەکەم نیوەی یەکەمی سەدەی ١٦هەم بە کورتی دەدوێین.

پێشان، بە تێکڕایی دەڵێم، ژیانی زانستیی ئەو سەروەختە هێندەی ژیانی زانستیی سەروەختی سەدەی ١٥هەم، کە سەروبەندی محەمەدی فاتیحە زیندوو و گەش و بە گورد و بزووت نەبوو. لە چاو ئاخر و ئۆخری ڕۆژگاری عوسمانییان چالاکییەکی زانستانەی تا بڵێی خەست و خۆڵ لە گۆڕێدا وەدەنگ دێ. جا با ژیانی زانستیی سەروبەندەکە، زانستە هەمەڕەنگەکانی وی و ئەوان کتێبان کو لەمەڕ وان هاتوونە نڤیسین بە دەنگ بێنین.

٢ – ٢ – ١: فەلسەفە، کەلام، تەسەوف

وێڕای وەدینەهاتن و نەهاتنە گۆڕێی دۆکتۆرینی بیر و هزران دە مەیدانی فەلسەفە و کەلام و تەسەوفدا، کاری بەرچاوی وا لەم بابەتانەدا ئەنجام دراوە، کە هەرگیز نابێ بە چاوی کەمیان بنۆڕینێ. ئەگەر دەنێو و نێوەڕۆک و

گەوهەری ئەو کتێبانەی، لەو سەروبەندەدا نووسراون، بنوارین، دە کاتێکدا دە فەلسەفە و بابەتەکانی دیکەی میتافیزیکدا، بە تایبەت تێروانین و ڕامانە فەلسەفییەکانی ئیبن و سینا و ئیمامی غەزالی و ئەفلاتوون لە مەنتیقدا، مەنتیقی ئەرەستۆ، کە مەنتیقوانانی ئیسلامیی لەبار پەیڕەوییان دەکرد، لەباو بوو، هەروەها لە بیر و بۆچوونی تەسەوفیشدا بیر و باوەڕەکانی ئیبنولفارز و ئبنولعەرەبی و بیروباوەڕی دەوروبەری وان دەکار دەبرێ و درێژایان هەن و لە کەلامدا ئێکۆلۆجیی فەخرەدینی ڕازی و قازی سیراجەدین ئورمەوی، فەرمان فەرما و لە باوە و وەک ڕوونە ئەم ئێکۆلەش هەڵپەی لە نوێژەنرا لێکدانەوە و شرۆڤەکردنی مەزهەبی ئەشعەرییەیە(*)؛

* ئەشعەرییە: نیسبەتە وەبالْ ئەلئەشعەری، ئەبولەحسەن، ئەم زانا گەورەیەی ئیسلام ڕۆشنبیر و شەرعزانێکی عەرەبە. لە بەسرە، دە ساڵی ٢٦٠ک/ ٨٣٣ز دا لە دایک بووە و لە بەغدا، لە ساڵی ٣٢٤ک/ ٩٣٥ز دا کۆچی دواییی کردووە، لە لاوێنیدا هاتوچۆی فێرگەی موعتەزیلەی کردووە و ئۆل و مەزەبی وانی لەسەر دەستی ئەلجوعبی خوێندووە و تا تەمەنی چل ساڵی پابەندی هەزهەبیان بووە، چەندین نامیلکەی لە داکۆکی لەو ئۆلە، نووسیوە، بەڵام چەنانێ، دە ماڵە خۆی گردەنشین و خەڵوەتی بووە و تا تەمەنی بووە بە چل ساڵ، هەر بەو گردەنشینییە ماوەتەوە، دوایی، پاش دوو حەوتوو گردەنشینی و سەختگری، خەڵوەکێشیی خۆی شکاندووە و لە مزگەوتی گەورەی بەسرە، جاری لە مەزەبی موعتەزیلە نکولیکردنی دەناو سەدان کەسدا داوە و بۆ هەتا هەتایە، پشتی تێ کردووە و وازی لێ هێناوە، سەربووڕەنووسان سەریان لەم مەزەب وەرگەڕانە سڕماوە و بۆیان نەچووەتە سەر یەک... بەڵام بە پێی زانیارییەکی شارەزایان و دەستیان هێناوە. خۆشیی لە ئیعتیزال نەهاتووە. هێندێ دەڵێن سۆنگە و سەوەوکاری ناوەکی و دەرەکی هەن. زانایانی موعتەزیلە بە پێی مەزەبی خۆیان، لە بیروبۆچوونی خوا چۆن و چییە و مرۆ چۆن ڕەها دەبێ ـ دا دڵیان شکاندووە و هەست و نەستیان بریندار کردووە... ئەشعەری بەوە کە خوای بان سەر بووە بە بنێشتە خۆشەی ژێر ددانی موعتەزیلە و یەک گووتویە قرئانی پیرۆز (ئەفراندی = مخلوق) و تەنیا زاتی خوا (قەدیم)ە و لە هیچ نەبووە و هیچی لێ نەبووە... دەنا =

لەبەر هەندێ ئەو زانستی کەلامەی لە فێرگەکانی عوسمانیدا دەخوێندران، زۆر بە بەربڵاوی و پێوانەکیی بەرفرەوانییەوە چەمکی مەزەبی ئەشعەرییەیە، بەڵام سەیر ئەوەیە لەسەر بیروبڕوای ماتوریدییە دەڕۆشتن، کەچی ماتوریدییەت لە فێرگەکانیاندا نەدەخوێندرا، ئەم بارودۆخە ئەوڕۆکە لەلایەن

= ئەگەر وەنەبێ (قەدیم) دەبنە دوو: (زات) و (سیفەتی)... لەمەڕا دوو قەدیم پەیدا دەبن و ئەویش بەرانبەر بە خوا ناکرێ و کوفرە... واتە: دوو (قەدیم)، (دوو خوا)؛ ئەوەش مەحاڵە، چونکە خوا بۆ خۆی فەرمووویە (لو کان فیهما آلهة الا الله لفسدتا) خۆلاسە ئەشعەری فەرمووویە خوا مایەی بیرکردنەوە و ئاوەز و نەزەر نییە و نابێ کار بەوە بگا هێندە پەتی (تجرید) کرێ چ سەروکاری بە جیهان و مرۆشەوە نەمێنی، هەروەها ئەوەشی پێ ناخۆش بووە بیروبڕوای زۆر بە ئیسراف بەسەر ڕای گشتی موسوڵمانانی سوننی مەزەبدا زاڵ بێ، دیارە ئەم توندڕەوییە، نەک هەر موعتەزیلە ئاڵا هەڵگری بوون، بگرە پیشەگەرانی هەڤڕک و نەیاریشیان زۆر بە توندییەوە پەیڕەویی ئەم بیروبۆچوونەیان دەکرد، کە لە سەختگریی ئاوازەگەرایی بەولاوە چی دی نەبوو، دەنگۆیان بۆ دەکرد... ئەم لە موعتەزیلە وەرگەڕانەی ئەشعەری گرفت و کێشەی نێوخۆیەکیی نێوان ئۆلی سوونییانی، کە بووبوونە زۆر پار و پاژ و دەستە و دەستەجاتەوە، چارەسەرکرد و بوو بە ناوی سەرلەنوێ یەکانگیرییان... ئەشعەری کتێبەکانی چ لە بابەت، بەتایبەت بەرپەرچدانەوەی (خەواریج)و چ لەمەڕ ڕەخنە لە موعتەزیلەگرتنەوە، بە نەوەد ژمارە گەییون. ئۆلی موعتەزیلە چەندین دەور و زمان بە بیروباوەڕێکی (بدعة) لە ئیسلام بەدەر لە قەڵەم دەدرا، تا نیزامولمولکی سەلجوقیی بۆ ڕەخسا و لەسەری هەڵی دایێ و لەسەری کردەوە و ئیمامی غەزالی (ڕ) فریاکەوت و کارەکەی سەلجوقیی تەواوکرد. کتێبەکانی کەمیان وەدەستەمە گەییوە. لە (السنة) و (کتاب الابانة عن أصول الديانة) کە ئی قۆناخی دووەمی ژیی وین، چی دیکەمان پێ نەگەیشتووە، ئەمانەش ئسلامەتیی سوونني مەزەبیان تێدا زۆر بە وردی ڕەپێش خراوە، کتێبێکی دیکەی هەیە نێوی (اللمع في الرد على أهل الزيغ و البدع)ە.

مەزەبی ئەشعەری مەزەبێکی تەوفیقییە... دوو شتی لێک دووفاق ( نقیضین)ی

زانایانی هاوسەردەمەوە تاوتوێ و دادگایی دەکرێ، لەمەڕ لێکدانەوەی سەوەو و سۆنگەی ئەمەش ڕوونکردنەوە و شرۆڤەی هەمەڕەنگ وەدەنگ دێن، بە کورتی دەکارین شرۆڤەکان لە دوو پۆلاندا خەست بکەینەوە:

**یەکەمیان:** لەبەر ئەوەی سیستەمی فێرگەی عوسمانی، دە بنچینەدا درێژای سیستەمی پێشوتری کۆمەڵگای ئیسلام، بە تایبەت سەلجووقی و عەباسییان بوون و لەو فێرگانەدا ئەشعەریگەرایی بە ڕەسمی دەخوێندرا، عوسمانییەکان دەگەڵ داو و دەستووری لە باودا هاوسەروساخت بوون، بەڕەوتی وی هەنگاویان هەڵگرتووە و هەڕمێنیان بەم مەزەبە و درێژایان بەم ئێکۆلە داوە...

**دووەمیان:** کتێبەکانی ئیمامی ماتوریدی چ لە ڕووی ڕیخت و سەبکی زووان و چ لە ڕووی دەکاربردنی بابەتەکانیەوە، تا بڵێی ڕەق و سەختن (وەک مەلای کورد دەفەرموون، قەیدێ لە قوونێ ڕەقترە – وەرگێڕ). سەبارەت بەمە، مامۆستا و ئامۆژگار خۆیان لە قەرەی کتێبەکانی ماتوریدی نەداوە و خۆیان لە فێربوون و فێرکردنیان لاداوە و پێیان نەوێراون، ئەوی لێرەدا باسی لێ دەکەین، جگە لە ئیدریسی بدلیسی، کە لە دووا چارێکی سەدەی (١٥) هەم و (١٦) هەم و یەکەم نیوەی سەدەی (١٦) هەمدا، ئەوانەی سەروساختییان دەگەڵ فەلسەفە و تەسەوف و کەلامدا هەبووە، کەسانی زۆر نامێی وەک سینان پاشا و یاقووت پاشای کوڕی مەلا لوتفی، شاگردی وی و خواجەزادە و قەستەلانی و ئیبن کەمالیش هەن.

بێ لەمانە پێویستە دیاردی بۆ ئەوەش بکەین، کە سوڵتان بایەزیدی دووەم

---

= تەبا کردوون، لەبەر هەندێ، بیروبڕوا و ئۆلی وی لە نێو موسڵمانانندا بە بەرفراوانی تەشەنەی کردووە و چەندین چەرخ و چاخ درێژای هەبووە و هەیە، ئەشعەری لە سەرلەبەری چارەسازییە زەمانەسازییەکانیدا، پێشنیاری کردووە، ئەوەندی گوێ بە سۆسەی ڕۆحی و ئاینی دەدا ، هێندە گوێ بە نەزەر و ئەقڵ و ئاوەز نادا و دەڵێ، چارەسەرەکەی ئەشعەریش و موعتەزیلەش و ماتوریدەیەش لە نیگای ئایدیالیزم و میتافیزیکەوە دەنەزەر گیراوە... لە سرووش (وحی)، بەولاوە، هیچ ڕێیەکی دیکەی بە حەقیقەت گەیشتن ناسەلمێنێ.

بۆ خۆشی، بە تایبەت زانستەکانی فەلسەفە و کۆزمۆگرافیا (جیهان ناسی)ی زۆر مەراق بووە و شیعر و شاعیری زۆر خۆش ویستوون، سینان پاشا (١٤٤٠ – ١٤٨٦) کاتێکی لە سەروبەندی بایەزیدی دووەمدا لە ئەدرنە فێرکار بووە، شەرحێکی لە (شەرحە مەواقیف)ی سەید شەریفی گورگانی، کە باسی کەلام دەکا و باسی (جەوهەر)ی لە کتێبە فەلسەفییەکەیدا کردووە، داوە.[٤١]، سینان پاشاش کتێبێکی دە مێژووی کەلامدا نووسیووە و نێوی (تذكرة الاوليا)یە، یاقووب پاشاش (مر: ١٥١٠) کوڕی سینان پاشایە ئەویش وەک بابی، بە فەلسەفە و کەلامەوە خەریک بووە، دوو کتێبی هەرە گرینگی لەم بابەتانەدا، پەڕاوێزەکانی سەر (شەرحە مەواقیف) و پەراوێزی سەر شەرحی (ویقایە)ی مەولانا سەدرولشەریعەیە کە بۆ خۆی نووسیونی.

خواجە موسلیحەدین، کە لە سەروبەندی فاتیحدا، بە تایبەت لە زانستی فەلسەفە و کەلامدا، لە کەسانی هەرە نواینەی سەروبەندی خۆی بووە، و لە ساڵی ١٤٨٨دا کۆچی دواییی کردووە، لە شاگردانی خدر بەگە. خواجەزادە بە (تهافت الفلاسفه) ناوی ڕۆیشتووە. بەبۆنەی ئەم شاکارییەوە لە خزمەت عوسمانیاندا درێژەی بە فەلسەفەی غەزالی داوە، قەستەلانیی بە بنەچەکە نێو موسلیحەدین مستەفا (مر: ١٤٩٥) بەم نێوەی کە نیسبەتی وەباڵ (قەستەل)ی زێدی نزیک بازیللی، ناوبانگی دەرکردووە، بە تایبەتی کتێبی (الشفا) و (القانون)ی ئیبن سینای خۆندوون[٤٢] و کتێبی زۆری لەمەڕ کەلام و ئاین نووسیون.

کەلامزان و فەیلەسووفێکی زۆر نامێی دیکەی سەروبەندی خۆی، مەلا لوتفی (مر: ١٤٩٤)، یا ساری لوتفی تۆقاتییە، کە کتێبێکی زۆری لەمەڕ کەلام و فەلسەفە هەن، کتێبی سەربە بابەتە تێکڕاکانی فەلسەفە، بە نێوی (المطالب الالهية في موضوعات العلوم)ەوە زۆر مەشهوورە، مەلا لوتفی بە پێودانی ئەندازەی تێگەیشتنی ڕۆژگاری خۆی نماینەی بیروباوەڕی فەلسەفییانە و ئازاد، سەد حەیف و مخابن بووەتە گوریی فەتوای خەتیب و زادەی شێخولئیسلام و سەری تێدا چووە.

نووسـەرێکی دی، کـە لە بابەتە تێکڕاکانی فـەلسـەفەدا کـتێـبی پێـشکێش کردووە، عەبدوڕەحمان کوڕی حەبیبی سەرزییە و بە کتێبی (نخلستان)، کە بە نێوی بایەزیدی دووەمەوەی نووسیووە، تا بڵێی بە ناوبانگ و نامێیە.

یەکێکی دی کە لە ڕیزی ئەوانەی تەسـەوفدا کتێبیان نووسیـووە، (حـەکیم حـالیمی)یە (مر:١٥١٦). ئەم بژیشکە بە ڕەچەڵەک ئاماسیـەییـیـە، عـەرەبی و فارسییەکی بە هێزی دەزانی. شانبەشانی کتێبە بژیشکییەکانی شرۆڤەیەکی لە چامـەی تائیـیـەی ئیبن ئەلفـارز کـردووە، زۆر نامـێـیـە. هەروەهـا کـەڵە موتـەسـەویفـێکی مـەشـهووری دیکەی سـەردەمی خـۆی، لە پیرانی تەریقـەتی خەڵوەکێشی، سومبول ئەفەندی (١٤٧٥ – ١٥٢٩)یە، کە لە بارەی تەسـەوفەوە بڕێ کتێبی بە عەرەبی و فارسی هەیە و هەرە ناوداریان «رسالة الاطوار»ە.

ئیـبن کـەمـالیش لە سـەروبەندی سـوڵتـان سـەلیـمی یاوزدا دەسـتـی بە درەوشـانەوە کرد و لـە سەردەمی سـوڵتـان سولەیمانی قـانوونیدا پلەوپایەی شێخولئیسلامیی درایێ و یەکێ لە زانایانی هەرە گرینگی سەردەمی خۆیەتی.

ئیبن کەمـال، کە لەسـەر بابەتی هـەمەڕەنگ کتێبی نووسیـون، پتر لە پەنجا کتێبی لەمەڕ فەلسەفە و کەلام و تەسـەوف هەن. کتێبی فەلسەفییانەی هەرە گرینگی، ئەو پەڕاوێزەیە کە لەسـەر «تهافت»ەکەی خواجەزادەی نووسیوە. ئیبن کـەمـالیش بە نووسـینی ئەم کـتـێـبـەی، بەدەردی خـواجـەزادە، زۆری غـەزالی گەرایی نوواندووە.

٢ – ٢ – ٢: شیعر و ئەدەبیات

دووا نیـوەی سـەدەی ١٥هـەم و یەکـەم نیـوەی سـەدەی ١٦هـەم لە نیگای لێـشـاوگـەلی شـیـعـر و ئـەدەبەوە سـەروبەندی هـەرە زینـدوو و گـەش و سەرووهـەڵکشانی ژیانی ڕۆشنبیریی عوسمـانییە. بایەزیدی دووەم و سوڵتـان سـەلیمی یاوز، بە تایبـەت شیـعریان زۆر خـۆش دەویست، بگرە بـۆ خـۆشیـان شاعیر بوون. هەمەکارانی دەوڵەت داڵدەدان و نازکێشانی شاعیر و ئەدیبیانی بە ئەرکی سەر شانیان دەزانی. جگە لە ئەسـتـەمبۆڵ، شارەکانی وەک قۆنیە و

دیاربەکر و بەغدا و بەسرە و ئەدرنە و ئوسکوپ و یەنیجەی ڤاردا بووبوون بە مەڵبەندی ئەدەبیات. توێژاڵێکی زەمانەی سەر بە بابەتەکەمان، شاعیر و ئەدیبانی نامێی نێوان ساڵانی ١٤٨١ – ١٥٢١، دەتوانین بەم ڕەنگەیان ڕیزبەندی کەین:

سینان پاشا (مر: ١٤٨٦ز) لە پەخشان سەرایدا سەرقافڵەی ئەدیبانی سەردەمی خۆی بوو. ئەم ئەدیبە بە کتێبی «تضرعات» یا «تضرعات نامە»(٤٣) کە بە تورکیی نووسیووە مەشهورە و تا بڵێی هونەرمەندانە و وەستایانەی خامە ئارایی تێدا کردووە. هەروەها نەجاتی، بە چامە ڕەدیف «دوێنە دوێنە» (بە بادانەوە) غەزەلییەکەی مەشهوورە(٤٤). هەروەها مهری خانمێک لە شاعیرانی ئافرەتی سەردەمیش هەیە. ئەم ئافرەتە شاعیرە لە ٩١٤ک دا کۆچی دوایی کردووە.

لە سەرقافڵەی شاعیرانی مەسنەوی تەرز، حەمدوڵڵای کوڕی ئاق شەمسەدین زۆر بە ناووبانگە، «لەیلا و مەجنوون» و «یوسف و زولەیخا»ی شایستەی نێو هێنانن. لە ساڵی ١٩٤ک/ ١٥٠٨زدا، کۆچی دوایی کردووە «نەسیحی»یش یەک لە ئەدەبیانی خاوەن نێووبانگە. کتێبی «شەهرەنگیز» و «دیوان»ی هەن، لە ساڵی ٩١٨ک/ ١٥١٢زدا مردووە. شاعیر و ئەدیبێکی دیکەش هەیە، نێوی فیردەوسە درێژی ئێدینجیکییە، بە نازناوی فیردەوسیی ڕۆمیش ناسراوە و لە ساڵی ٩١٤ک/ ١٥٠٨زدا مردووە. ئەمیش کتێبی بە ناووبانگی هەیە. ئەدیبێکی دیکەی پێگەیشتووی ئەم سەردەمە کەماڵە زەردە و بە کتێبی «سەلاتین نامە» مەشهوورە و بە سوڵتان بایەزیدی دووەمی پێشکێش کردووە.

٢ – ٢ – ٣: مێژوو

هەروەک لە بەراییترەوە ڕوونم کردەوە، ئەم سەردەمە لە کن عوسمانییان سەردەمی سەرەتای مێژوونووسیی ڕەسمییە. ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە دەسەڵاتە سیاسییەکان گرینگییەکی تایبەکارتریان بە دیرۆک و مێژوو داوە و

لەم ڕووەوە زۆریان بە تەنگەوە هاتوون. مێژوناسیی عوسمانییان لەم سەردەمەدا پێی دە سەروبەندێکی درەخشان ناوە. دیرۆکنووسانی زۆر مەزنی نووای هەمووانەوە عاشق پاشازادە و نەشری دێن.

شانبەشانی گەشەکردنی ڕۆشنبیریی هاوسەردەم دە دیرۆکناسیدا، مێژوو و پەخشاننووسی، تا چ ڕادەیەک گەشەکردنی بە خۆوە دیوە، دیرۆک بە هەڵبەستنووسینیش چۆن لە گوێن تەرزی «سەلیم نامە» بەرچاو دەکەوێ، هەروەها لە تەرزێکیدا قورسایی خراوەتە سەر چەرخی تاکە سوڵتانیش و گەشەی پێ کراوە و گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە و شێوازی ئاڵا و واڵا و زەرقی و بەرقی لە ڕووی زووانەوە جێی سادەگیی زووانی سەردەمانی پێشووتری گرتووەتەوە.

عاشق و پاشازادە هەرچەندە بەشی هەرە گەورەی ژیانی لە سەروبەندی پێشووتردا بەسەر بردووە. لەبەر ئەوەی، هەروەک خۆی دەڵێ، کتێبی «تواریخ آل عثمان» ناوی بە نامێی لە تەمەنی ٨٦ ساڵیدا لە ساڵی ١٤٩٤دا نووسیوە، دەکرێ لە ڕێزی دیرۆکنووسانی ئەو چەرخەدا دابنرێ. ئەم کتێبەی عاشق پاشازادە لە نێوان سەرچارە هەرە گرینگەکانی عوسمانیدا جێی خۆی دەگرێ[٤٥].

هەروەها نەشری محەمەد ئەفەندیش، وەک دیرۆکنووسی هەرە گرینگی سەردەم دەبیندرێ. نەشری لە بورسە مامۆستاییی کردووە و لەوێ لە ساڵی ٩٢٠ک/ ١٥٢٠زدا کۆچی بۆ ئەو دنیا کردووە و بە کتێبی «جهان نما»، کە بە فەرمانی بایەزیدی دووەمی نووسیوە، دە ماهییەتی مێژوویەکی جیهانیدایە و زۆر بە ناووبانگە. ئەم کتێبەی نەشری لە بۆ سەرلەبەری ئەو دیرۆکنووسانەی، لە پاش وی هاتوون، دەوری سەرچاوەی هەرە گرینگی گێڕاوە.

یوسفی ئەدرنەیی «شەوقی» تەخەللوس و ڕۆحی چەلەبی و سینان چەلەبی و کەشفی محەمەد چەلەبی و شوکری و ئیسحاق چەلەبی و ئیبن کەمال، سەرلەبەریان لە ڕیزی دیرۆکنووسانی دیکەدا جێگای شایستەی خۆیان دەگرن. هەروەها «سەلیم نامە»ی کەشفی محەمەد چەلەبی (مر: ٩٣١ک/

١٥٢٤ز)، «سەلیم نامە»ی ئیسحاق چەلەبی و «النجوم الزاهرة في ملوك مصر و القاهرة» لە ڕیزی چەندین کتێبی دیکەی مێژوونووسیدان[٤٦].

٢ – ٢ – ٤: مۆسیقا و خۆشنووسی

ئەم سەروبەندەی عوسمانی بەش بەوەندەی دەگەڵیدا هاوسەروکارین لە نیگای هونەرە جوانەکانەوە سەروبەندێکی زۆر گرینگە. بە تایبەت خۆشنووسی. میناتوور، جزوبەند و شیرازەبەندی و بەرگبەندی و مۆسیقا لە بارودۆخێکی زۆر گەشەداردا بوون. هەر لە مێژەوە ئەو سەروساختمەندی و سۆز و عەلاقەمەندییەی کە سوڵتانانی عوسمانی دەگەڵ هونەرە جوانەکانیاندا هەبووە، دەپێشخستن و گەشە و پەرەپێدانیاندا دەورێکی گەورەیان گێڕاوە. مۆسیقای تیئۆریکیی عوسمانی، پێشتر دەبن کارکردی کتێبەکانی ئیبن سینا و ئیخوان ئەلسەفا و ئیبن نەسر و کەمالی تەبریزی، هێندێکیان یا هەموویان، کە کرابوونە تورکی، گەشەی کردووە.

محمد چەلەبی، کوڕی ئیسرافیلزادەی دەنیزلی (لادیکی) لە مۆسیقازانانی بە نامێی ئەم سەروبەندەیە. کتێبی «فەتحییە»ی لەم بابەتەدا، پێشکێش بە سوڵتان بایەزیدی دووەم کردووە. شەخسییەتێکی گرینگی دیکەی شەمسەدین نەحیفیی (مر: ٩٠٠ک/ ١٤٩٢ز) ئایدینی کوڕی وەستا شەمسیی سەردەمی سوڵتان محمدی فاتیحە. شەمسەدین بە کتێبی «بەرەکەت» نێو، کە لە بابەت مۆسیقاوەی نووسیوە، زۆر بەناووبانگە. ئەخیزادەش بە کتێبی «رسالة الموسيقي في الادوار»ەکەی دە ڕیزی مۆسیقاناسانی سەردەمی خۆی دەژمێردرێ. لێرەدا دەبێ شازادە قۆرقوتی کوڕی بایەزیدی یەکەمیش نێو بەرین، ئەو هەروەک لە مۆسیقادا ئوستادی بووە، هەروەها داهێنەری ئامێرێکی بەنێوی «غذای روح»یش بووە[٤٧].

دە ڕیزی بەستەکار و سترانبێژ و وەستای سەروبەندیدا ئەم نێوە بە نامێیانە بەرچاودەکەون: ساغەری، پووربەگ، زەینەل عابدین، عەندەلیب تەبووری زاری و محێدین محەمەد.

بەش بە حاڵی لکێکی دیکەی هونەرە جوانەکان کە هونەری خۆشنووسییە، هونەری خۆشنووسیی عوسمانییان لەم سەروبەندەدا، پتر دەژێر کارکردی خۆشنووسیی ئێران و ئیلخانییاندا گەشەی کردبوو، بەڵام ئەم سەردەمە دەشێ بە سەردەمێ لە قەڵەم بدرێ کە هونەرێکی خۆشنوویسیی عوسمانی لەباوەو شێوازێکی عوسمانییانەی بە خۆوە بینیوە، بە تایبەت حەمدوڵڵای بە نازناو (شێخ)، لە هونەری خۆشنوویسیدا ڕچەیەکی نوخشە و نوێی کردووەتەوە و بووە بە بنیاتنێی فێرگەیەکی تایبەت بە عوسمانییان.

شێخ حەمدوڵڵا کوڕی شێخ مستەفای ئاماسیەیە و لەساڵی ٨٤٠ک/ ١٤٣٦ز دا لە دایک بووە و لە ساڵی ٩٢٦ک/ ١٥٢٠ز دا مردووە. خەیرەدینی مەرعەشی (مر: ٨٤٧ک/ ١٤٦٩ز) فێرکاریی کردووە و خەتی نەسخ و سولسی لێ فێربووە. حەمدوڵڵا ئوستادی تەڕدەستی شەش جۆرە خەتی بە نێوی «الاقلام الستة» یا «شەش قەڵەم»ی وەک: سولس (ثلث) و موحەققەق (محقق) و نەسخ و روقعە و تەوقیعی و ڕێحانییە و کتێبێکیشی هەر لەم هونەرەدا نووسیوە و ئەم نموونە خەتانەی تێدا باس کردووە و بە نموونەی هێناونەوە.(٤٨)

حەمدوڵڵا شاگردێکی زۆری، لەوانی سەرمەشقی ویی درێژە پێ داون و پێی گەیاندوون ئەو هونەرەیان لە پاش خۆی لێ هەڵگرتووەتەوە. سەردەفتەری وان نێوی وەک: مستەفای دەدەی کوڕی (مر: ٩٤٥ک/ ١٥٣٨ز) و شوکروڵڵای زاوای (مر:٩٥٠ک/ ١٥٤٣ز) و جەلالی کوڕی محێدین و جەمالەدینی برای و ئەحمەدی قەرە حەساوی (مر:٩٦٣ک/ ١٥٥٥ز) و عەبدوڵڵا چەلەبیی ئاماسیەیی بەرچاو دەکەون. لە هاوچەرخانی لاری شێخ حەمدوڵڵا، نێوی وەک عەلی کوڕی یەحیا و محێدین قازب عەسکەری ئەدرنەیی لە نێوان خۆشنوویسانی گرینگی سەروبەندی عوسمانییاندا دەبیندرێن.

ب ی. ڕیازییات و ستێروانی و فیزیک (ژمارەناسی، ستێرناسی، خۆرسکناسی) ژمارەناسی و ستێرناسیی عوسمانیی چەرخ و چاخی سوڵتان بایەزیدی دووەم و سەلیم یاوز دەشێ بگوترێ درێژای هەمان ئێکۆلی

سەمەرقەندە، کە ئولوبەگ و قازی زادەی ڕۆمی و غیاسەدینی جەمشیدیی کاشانی بە هۆی عەلی قوشچییەوەیان دامەزراندووە و دەینوێنن.

زانای هەرە نامێی ژمارەناسی و ستێرناسیی سەردەم، سینان پاشایە. قازیی ئەستەمبۆڵ، کوڕی خدربەگی بە ناووبانگە. سینان پاشا. کە بە خواجە پاشاش ناسراوە، لە نێوان سالآنی ١٤٤٠ – ١٤٨٦دا ژیاوە. سەرەتای خوێندنی لە ئیزنیک بووە. دەگەڵ هاتنە سەرتەختی بایەزیدی دووەمدا لە فێرگەی دارولحەدیس، لە ئەدرنە، مانگی بە ١٠٠ ئاقچە دامەزراوە و ژمارەناسی و ستێرناسیی لە عەلی قوشچییەوە فێربووە. ئەم کە ئەدیب و کەلامناس و فەیلەسووف و موتەسەویفیش بووە، زێتر لە ١٥ کتێبی لەم ڕشتەیەدا نووسیوە. جگە لە سێ کتێبی بە تورکیی، لەمەڕ ئەدەبیات و تەسەوف، کتێبەکانی دیی بە عەرەبی نووسیون و شاگردێکی زۆری پێ گەیاندوون و هەرە نامێیان مەلا لوتفییە.

دوو کتێبی سینان پاشا، بەش بەوەندەی سەرەودەری بە ئێمە گەیشتبێ، یەکێکیان ستێرناسی و ئەوی دیکەیان لە بارەی ئەندازەوە، سەر بە زانستە بنەڕەتەکانن. یەکێ لەمانە ئەو شەرحەیە، کە بە فەرمانی سوڵتان فاتیح، لە نامیلکەی ئەستێرەناسییەکەی چەغمینی کردووە[٤٩]. هەرچی ئەوی دیکەیانە نامیلکەیەکی چکۆلەیە، کە عەلی قوشچی لەمەڕ ڕەواندنەوەی گرێکوێرەیەکی ئەندازە، هێنابوویە گۆڕێ، ئەم نامیلکەیەش ژمارەی ٧٢١ی لە کتێبخانەی کوپرولو لێ دراوە[٥٠]. زانای سەرگەرمی ژمارەناسی و ستێرەناسیی دووەمی سەردەم، میرم چەلەبییە (مر: ١٥٢٥). نێوی ڕاستەقینەی میرم چەلەبی محەمەد کوڕی محەمەدە و نەوەی قازی زادەی ڕۆمی و عەلی قوشچییە و لە خزمەت خواجەزادە و سینان پاشا دەرزی خوێندووە و برێ کتێبی لەمەڕ ژمارەناسی و ستێرناسی و ئوسترلاب و ستێرلۆگی داناوە و زۆربەی کتێبەکانی پێشکێش بە سوڵتان بایەزیدی دووەم کردووە.

کتێبی هەرە بەناووبانگی وی، ئەو شرۆڤە فارسییەیە کە بە فەرمانی سوڵتان بایەزیدی دووەم لە زیجی ئولوغ بەگی، بەسەر ناوی «دستور العمل و

تصحیح الجدل»وە دەرکردووە[٥١]، جا بۆ لە زیجی ئولوغ بەگ گەیشتن، ئەو شرۆڤەیە تا بڵێی کارێکی بەسوود و پێویستە. میرم چەلەبی بە سای ئەو کتێبەوەی، لە دوای زانای ئەندەلوس، «البتروجي» (١٢١٧) لە دنیای خاوەری ئیسلامەتیدا، لەمەڕ ئەو چالاکییانەی، بۆ پووچاندنەوەی سیستەمی بەتلەیمووس Pstolemaios بە خەرج دراون بە یەکێ لە ئاڵا هەڵگرانی ئەو مەیدانە دادەنرێ.[٥٢]

ژمارەناسی گرینگی دیکەی هەر ئەو سەردەمە نەسووحی مەترەقچییە و بە دوو کتێبی ژمارەناسیی شاکاری سەرناو «جمال الكتاب» و «عمدة الحساب» نێوی دنیای گرتووەتەوە و هەردوو شاکارەکانیشی پێشکێش بە سوڵتان سەلیمی یاوز کردوون. کتێبی دووەمی لە ٢٢ پاژ پێک هاتووە.

ژمارەناسێکی دیکە موسلیحەدین کوڕی سینانە. کوڕی سینان دە ساڵی ٩٠٥ک/ ١٥٠٠ز دا کتێبێکی ژمارەناسی و هیدرۆستاتیکی (لەمەڕ هاوکێشیی و شاری شلکان «الموائع») بە ناوی سوڵتان بایەزیدی دووەمەوە نووسیوە. لەم کتێبەدا قسە لەوە کراوە کە تەنەکان هەریەکە کێشی تایبەتی خۆی هەیە و بە پێی یەکێ لە ئەزموونە هێدرۆستاتیکەکانی ئارخمیدس Arkhemedes ئەگەر تەنێکی لە دوو ماددە لێک جوێ پێک هاتگ، بە نموونە: لە دەفرێکی «زیو»دا دانێ و بێ ئەوەی دەفرەکە تێک بدەی، دەزانی مقداری هەریەک لەم مادەیە چۆن لێک جوێ کەیەوە[٥٣].

نووسیارانی ژمارەناس و ستێرناسی دیکەی سەردەم ئەمانەن:

مەلا لوتفیی تۆقاتی کە، بە نێوی ساری لوتفیش ناسراوە، یەکێکە لەو زەبردەستانەی کتێبێکی لەمەڕ ئەندازە بە نێوی «تضعيف المذبح» (المسبع – وەرگێڕ –)ەوە نووسیوە. کتێبەکە قسە لەمەڕ گرێکوێرەی لە ئەوروپا بە گرێکوێرەی دیلۆس Delos Proplame ناسراو دەکا... کتێبەکە بەوە دەست پێ دەکا بە یەکدی گردەبڕکردنی هێڵ، مەتر چوارگۆشە و شکڵی دیکە دەست پێ دەکا، ئەوە ڕوون دەکاتەوە بە دوو مۆرە [شەشپاڵوو] (مكعب) – وەرگێڕ – لەتەک یەکدی دانان نییە، بگرە هەشت جار گەورە کردنەوەیەتی. بێ لەوە پەل

بۆ باسی ئوسوولی (هاوڕێژەکیی ناوین – التناسب المتوسط) داوێ. لەمەش بترازێ، کتێبەکە باسی ئەوە دەکا ئەگەر فەرمانڕەوایەک ئەندازە نەزانێ، لە بڕیار و حوکمداندا ڕەنگە بە هەڵەدا بچێ. ئەم کتێبە پڕبەهایە ئا. ئادی وار مردوویە بە فەڕەنسزی(٥٤). محێدین محەمەدی ژمارەناسی بەنازناوی حاجی ئاتمە ناسراو، پاش لە ١٤٨٤دا مردنی کتێبێکی ژمارەناسیی بەسەرناوی «مجمع الفواد»ەوە نووسیوە و بە ناوی «مجموع القواعد في الحساب»یشەوە نێوی ڕۆیشتووە. ئەم کتێبە بە تورکی نووسراوە. لە سێ پاژدا سەروبەرنراوە(٥٥). خەیرەدین و پیر مەحموود سدقیی شاگردی یەک لەم دوو ژمارەناسانە، خواجە، کە لە سەردەمی بایەزیدی دووەمدا ژیاوە کتێبێکی بە نێوی «مفتاح كنز ارباب قلم و مصباح دررموز ارباب رقم»ەوە بە زمانی عەرەبی داناوە شاگردەکەشی ئەم کتێبەی بەرفرەوان کردووەتەوە و کردوویە بە تورکی.

هەروەها دەکارین، لە ڕیزی ئەو ژمارەناس و ستێرناسانەی لەم سەروبەندەدا پێ گەیشتوون، ئی وەکو محێدین نیکساریی شاگردی فەتحوڵڵا شێروانی (مر: ٩٠ک/ ١٤٩٥ز) و محەمەد قوتبەدینی برای میرم چەلەبی و مەحموودی شاگردی سینان پاشا و مزەفەرەدین شیرازی و موتەتەبیب جەیلان، نێو بێنین. مزەفەرەدین شیرازیی هاوسەردەمی وان ئەندازەی ئیقلیدس Euklidesی لە فێرگەی «سەمانیە»ی ئەستەمبۆڵ بە دەرز گوتووەتەوە و بێ لەمە پەڕاوێز و قەید و تەزبیبیشی بۆ ئەندازەی ئیقلید نووسیوە. شیرازی، لە شاگردانی سەدرەدین شیرازی و جلالەدین جەووانی بووە. هەرچی جەیلانە نامیلکەیەکی بە زمانی فارسی لەمەڕ ستێرنامە و ستێرناسی، لەمەڕ کاری ساڵنامەنووسیی لە بۆ شازادە قۆرقوتی کوڕی سوڵتان بایەزیدی دووەم نووسیوە.

٢ – ٢ – ٥: بژیشکی و دەرمانسازی

عوسمانییەکان چون سەدەکانی ١٤ و ١٥، لە سەدەکانی ١٦هەمیشدا وەتەنگ دامودەزگا و مەڵبەندی فێرکردن و پەروەردەکردنی تەندروستییەوە هاتگن و بژیشکییان پاراستووە، دەشێ بژیشکی و دەرمانسازیی عوسمانیی ئەم سەروبەندە بە درێژای لە بژیشکی و داودەستووری ئیسلامەتی تێگەیشتن لە قەڵەم بدرێ. ئەمەش، ڕاستیت گەرەکە سەرچاوەکەی لە داودەستوورگەلی ئیبن سینا (شینە؟)ی کوردی بەیتاڵدایە.

یەکێ لە هەرە نامێ و گرینگی بژیشکانی ئەوان ڕۆژگار، قوتبەدین ئەحمەدی بژیشکە (مرگ ١٤٥١ – ١٤٦٩). قوتبەدین یەکێ لە وەزیر و پزیشکانی ئەبو سەعید گورگانیی نەوەی تەیموور بوو. بەسەر مەرگی ئەبوو سەعید لە ١٤٩٩دا، هەر لەو سەروەختەدا هاتووەتە ئەنەدۆڵێ و دەخزمەت سوڵتان محەمەد فاتیحدا بژیشکیی کردووە. هیچ ئاسەوارێکمان لەم کەڵە بژیشکە فرە پلەوپایە بەرزەوە دەست نەکەفتگە. بۆ خۆی بژیشکی زۆری پێ گەیاندوون، بژیشکی زۆر بەنرخ و پایەداری سەردەم، عەلی چەلەبی، ئەم زاتە پێی گەیاندووە. بژیشکی گیا و گۆڵیش بووە.

بە پێی کتێبی «شەقائق» میزگیرانی بە لوولەی میزبەردان چارەسەر کردووە و بەم لوولانە ناوی دەرکردبوو[٥٦]. ئاخی چەلەبی لە بابەت میزەڕۆ (المجاري البولية – Uroloji) وە زۆری لێ فێربووە.

بژیشک ئاماسیەییە بژیشکی لە «دارالشفا»ی ئاماسیە خوێندووە. کتێبێکی بژیشکایەتیی هۆنراوەی بە زمانی فارسی بە نێوی سوڵتان محەمەد فاتیحەوە هەیە و نێوی لوتفی محەمەدخانی بەسەرەوەیە. کتێبێکی دیکەشی بەسەرناوی «قاسمیە»وە هەیە.

یەک لە بژیشکانی زۆر نامێی سەروبەندی دیکە، ئاخی چەلەبییە (١٤٣٤ – ١٥٢٤). بۆ خۆی نەشتەرگەریش و بژیشکیشە. دەگەڵ بژیشک کەمال شیرازیی بابیدا پێکەوە لە ئێرانەوە هاتووەتە ئەنەدۆڵێ. پێشان دەخزمەت ئیسماعیل بەگی چاندارئۆغڵوو و پاشان دەخزمەت سوڵتان فاتیحدا بووە.

زووتر دەگەڵ بابیدا، لە ئەستەمبوڵ نەخۆشخانەیەکی تایبەتی کردووەتەوە و لەبەردەستیدا فێرە بژیشکی بووە. پاشانەکێ لە خزمەت قوتبەدین و ئاڵتوونی زادە دەرزی خوێندووە. لە سەروبەندی بایەزیدی دووەمدا جاری سێیەم، سەرلەنوێ کراوە بە سەرۆک بژیشک. لە تەمەنی نەوەد ساڵیدا، دە ١٥٢٤دا، لە میسر مردووە. بۆخۆی، بە تایبەت پسپۆڕی نەخۆشیی گورچوو و میزەڵدان بووە و لەم بابەتەدا کتێبێکی بەنرخی، لە ١٠ بەش پێکهاتگ نویسیگە و نێوی «فائدة حصاة»ە.

ئیبن کەمالی بابی ئەم بژیشکە، کتێبی «الموجز في الطب»ی کە ئیبن سینان دە شەرحی کتێبی «القانون في الطب»ی ئیبن سینایدا نووسیوە، کردووە بە تورکی(٥٧).

هەروەها یەکێ لە بژیشکانی دیکەی سەردەم دەتوانین نێوی محێدین محەمەد (مر: ٩١٠ک/ ١٥٠٤ز) و حاجی حەکیم (مر: ٩١٣ک/ ١٥٠٧ز) و بەدرەدین قەیسوونی زادە (مر: ٩٢٠ک/ ١٥١٤ز) و محەمەد کوڕی لوتفوڵڵا و مووسا جالینۆسی ئیسرائیلی کە زێتر بە کاری دەرمانسازییەوە خەریک بووە وە بیر بێرینەوە، مووسای جالینۆسی مووسەوییە. بە فەرمانی ئەخی چەلەبی، لە مەڕ خاسیەت و تایبەکارییەکانی چارەسەری نەخۆشییان کتێبێکی نووسیوە و زۆری لە «کلیات»ی ئیبن روشد وەرگرتووە.(٥٨) لەم سەردەمەدا کتێبێکی سەربە دەرمانسازی و نەخۆشییە ناوسکەکانیشی کردووە بە تورکی. ئەم کتێبە تەرجەمەی تورکیی «الحاوي الصغیر» (٥٩)ی بە عەرەبیی مەحموودی کوڕی زیائەدین ئەلیاس شیرازییە (مر: ١٣٣ز)، کە ئەحمەدی کوڕی بالیسی فەقیه کردوویە بە تورکی.

هەر لەم سەردەمەدا کتێبێکی دیی بە تورکی تەرجەمەکراوی بژیشکی دەبینین. ئەم کتێبە لە زمانی یۆنانیڕا کراوە بە تورکی. کتێبەکە، کە بۆ خۆی لە کتێبێکی بژیشکی، لەسەردەمی بایەزیدی دووەمدا، لە قەڵای موودان، لە کاتی داگیرکردنی مۆرادا وەگیرکەوتووە، هاتووەتە گۆڕێ.

تەرجەمەکەی ناوی «جەڕاحنامە» یان «علائم جراحین»ی پێوەیە و لە ساڵی

١٥٠٠دا تەواو بووە. ئەم کتێبە لە کاتێکدا نە نێوی نووسیارەکەی و نە نێوی ئەسڵییەکەی ئاشکرا و ڕوونە هەروەها، نێوی تەرجەمەکەشی نازانین(٦٠). لە پاژی ٢٢ی کتێبەکەدا «نەخۆشیی فەرەنسزی» فەرەنگی «سلفس – وەرگێڕ»، کە لە سەفەربەری ١٤٥٩دا قەڕاڵی فەرەنگ، چارل Charlesی هەشتەم کردوویەتییە سەر ناپۆلی باس کراوە و ئەم نەخۆشییە لە نێو عوسمانییان بۆ یەکەم جار زاندراوە.

هەروەها دەتوانین دووا کتێبێ، کە ئیبن کەمال لەمەڕ زایەند «سێکس» بەهێزکردن، بە فەرمانی یاوز داینەوە، باس بکەین. نێوی کتێبەکە «رجوع الشیخ الي صباه في قوة الباه»ە.

ئیدریسی بدلیسی

# بەشی دووەم

# کتێبەکانی ئیدریسی بدلیسی

هەروەکو لە پێشترەوە باسمان کرد، ئیدریسی بدلیسی بەهرەمەندێکە، خامەی دە مەیدانی زۆر بابەتدا تاوداوە. بابەتی کتێبەکانی لە فەلسەفەڕا بۆ بژیشکی، لە سیاسەتڕا بۆ تەسەوف، لە دیرۆکڕا بۆ حەدیس و قورئان شرۆڤەکردن و لێکدانەوەی خۆی هەڵداوە. لێرەدا باسی کتێبەکانی بەکورتی، بە پێی بابەتەکانیان دەخەینە پێش چاو:

## ١- کتێبەکانی سەر بە زانستەکانی هونەر

١ – ١: بژیشکی

سەرچاوە و ژێدەران لەمەڕ دوو کتێبی جوێ جوێی دەدوێن. یەکەمیان بە نێوی «رسالة الأبا عن مواقع الربا»، دووەمیان بە نێوی «رسالة في طاعون و جواز الفرار عنه» بە نامێین[٦١]، بەڵام ئێمە بەوەندەی بۆمان ساغ بووەتەوە، ئەمانە دوو کتێب نین، بگرە تاکە یەک کتێبە، کە بە دوو نێوی لێک جیاواز لەبەری نووسراونەوە. ئەم کتێبە کە بە زمانی عەرەبییە و بە مەزەندە ڕەنگە لە دەوروبەری ساڵی ١٥١٢دا نووسرابێ، لە نەخۆشیی پەتا و چۆن خۆ لێپاراستنی دەدوێ. وەک دەڵێن کتێبەکە محەمەد ساڵح ئەفەندیی بدلیسی لە سەردەمی سوڵتان محەمەدی یەکەمدا کردوویە بە تورکی[٦٢].

نوسخە دەسنووسەکانی ئەم کتێبە لەم جێگایانە هەن: سەلیم ئاغا، ١٢ – ٧٢، عەلی پاشای شەهید ٢٠٣٣، بەرلین. ٦٣٧١ .

١ – ٢: ئاژەڵناسی

ئەو کتێبەی لەمەڕ ئاژەڵناسی نووسیوە، بە سەرناوی «ترجمة حياة

الحیوان»ە، کتێبەکە، هەروەک لە نێوەکەیڕا دیارە تەرجەمەی فارسیی کتێبی «حیاة الحیوان»ی نامێی زانای میسری، کەمالەدین محەمەد کوڕی موسا ئەلدەمیری (مر: ٨٠٨ک/ ١٤٠٦)یە[٦٣]. نێوی ئەو گیانلەبەرانەی دەو کتێبەدا هاتووە، بە پێی زنجیرەی ئەلفبێکە ڕیزبەندی کراون. بدلیسی ئەم تەرجەمەیەی لە سەردەمی داگیرکردنی میسردا جێبەجێ کردووە. لەبەر ئەوە دەکرێ بڵێین ئەم تەرجەمەیە لە دەوروبەری ساڵانی ١٥١٧ یا ١٥١٨دا سەروبەرنراوە. ئیدریسی بدلیسی ئەم کتێبەی کە هێندێ نوسخەی بەسەرناوی «حیاة الحیوان» یا «أحیاء الحیوان لترجمان حیاة الحیوان»یشەوە ناسراوە، بە سوڵتان سەلیمی یاوزی پێشکێش کردووە.

نوسخەکانی دەستنووسی ئەم کتێبە لەم کتێبخانانەدا هەن: سەرای تۆپ قاپوو، کۆشکی ژمارە: ١٦٦٥، ئەم نوسخەیە بە دەسخەتی ئیدریسی بدلیسی خۆی نووسراوەتەوە[٦٤].*

---

* لە ساڵی ١٩٨٢دا بۆ خۆم چوومە کۆشکی ژمارە ١٦٦٥، ژمارەیەک کتێبی ئیدریسی بدلیسیم دیتن. کتێبی «سیاحەتنامە»ی ئەولیا چەلەبیشم، کە بە دەسخەتی خۆی نووسراوە، دیت. ئەوەی نابێ لە بیرکرێ، وەختی خۆی د. حسێن داقوقیی دۆستم حەکایەتی قەسیدەیەکی بۆ کردبووم، کە گۆیا لە کتێبی ئەم سیاحەتنامەیەدا هەیە و بە زمانی کوردییە و ئولیا چەلەبی، لەمەڕ زمانی کوردی و شێوەکانی و هێندێ سترانی کوردی و بنەچە و ڕەچەڵەکی کورد دوواوە. منیش لە نوسخە چاپکراوە عوسمانییەکەیدا ئەم باس و خواسەم بەرچاو نەکەوت... بە پرسیار بۆم ڕوون بووەوە کە تورکەکان ئەم باسەیان لێ لابردووە و کەسیش بە تەنگییەوە نەهاتووە. بەڵێ لەم کتێبخانەیەدا کتێبەکەم دیتەوە و نواڕیمە ئەو چەند لاپەڕەیە کە لابراون، دیتم قەسیدەیەکە، بە زمانێکە، نە کوردییە و نە هیچ، نووسیار بۆ خۆی شتێکی دەس کەوتووە و هێندێ لە زاری زازایی دەچێ و زازاییش نییە. باسی نیشتنەوەی کەشتییەکەی نووح دەکا و گۆیا ئەو کەشتییە لەسەر چیای ئارارات نیشتووەتەوە و ئەویش وڵاتێکی ئاوەدان بووە و پاشای شارەکەیان نێوی کوردۆییم بووە. زمانەکەشیان نە تورکی و نە عەرەبی و نە

١ – ٣: لەمەڕ گەردوونناسی

ئەم کتێبە نێوی «رسالەء بحریە» یا «ربیع الأبرار»ە و بە فارسی لەبەرەو ئاخر و ئۆخری فەرمانڕەواییی سوڵتانی ئاق قۆیونلووان، یەعقووب بەگدا نووسراوە و پێشکێش بەو کراوە. ڕەنگە لە نێوان ساڵانی ١٤٨٨ – ١٤٩٠دا نووسرابێ. کتێبەکە بۆ خۆی لە چواربەش پێک هاتووە. لە بەشی یەکەمدا باسی ئەوە کراوە، کە دنیا چۆن لە چوار سریشت هاتووەتە گۆڕێ و چوار وەرزی ساڵ لە سۆنگەی چی پەیدا دەبن. بەشی دووەم لەبارەی هاتنە گۆڕێی خۆڕسک و ڕووداوان دەدوێ. لە بەشی سێیەمدا باسی ئەوە کراوە، وەرزی بەهار چۆنە و فەرقی دەگەڵ وەرزەکانی دیکەدا چییە. لە چوارەم پاژدا باسی جیرمە ئاسمانییەکان و کەش و ئاو و هەوا کراوە.

تاکە نوسخەی سەرەودەر زانراوی ئەم کتێبە، لە کتێبخانەی سولەیمانییە، بەشی ئەسعەد ئەفەندیدا بە ژمارەی: ٦/١٨٨٨ تۆمار کراوە. ئەم نوسخەیە لە زیلحەجەی ساڵی ٩٥٢ک/ کانون الأول ١٥٤٦ز دا بەخەتی نەستەعلیق (نەسخی تەعلیق) لەبەری نووسراوەتەوە.

## ٢- کتێبی فەلسەفی و کەلامییەکانی وی

ئیدریسی بدلیسی زۆر لە نزیکەوە سەروکاری لەگەڵ مەسەلە فەلسەفی و کەلامییەکاندا هەبووە و لەم ڕشتانەشدا کتێبی نووسیوە. کتێبگەلێ لەم بابەتانە بەمە گەیشتبن ئەمانەن:

٢ – ١: رسالە فی النفس

کتێبی هەرە گرینگی ئیدریسی بدلیسی کە ڕووت دەگەڵ فەلسەفەدا هاوسەروکارە، ئەم کتێبەیەتی. کتێبەکە لە دەروازەیەک و شەش پار و

---

فارسی بووە... ئەم چەند لاپەڕەیە نووسیارێکی فەلەمەنشی کردبووی بە وتاریک و بە فەرهەنگۆکێکەوە دەزیمنی چەند وتارێکیدا (ئینیستیتووی پاریس) بەسەرناوی (دراسات کردیة)ەوە بڵاوی کردووەتەوە.

ئەنجامێ (خاتمة) پێک هاتووە. بابەتەکەی سەروکاری دەگەڵ ڕۆح (نەفس) و مەسەلەگەلی سەر بە نەفس هەیە. ئیدریسی بدلیسی لە بابەت نەفسەوە، دەژێر کارکردی ئیبن سینا و فەیلەسووف و کەلامزان نەجمەدین عەلی بن عومەر ئەلقەزوینی - دا، کە بە «الکاتبي» مەشهوور (مر: ٦٧٥ک/ ١٢٧٦ز)، بووە؛ چونکە بدلیسی لەم کتێبەیدا بەخەست و خۆڵییەوە لەو دوو فەیلەسووفە، بە تایبەت لە ئیبن سیناوە نەقڵ دەکا.

تاکە نوسخەی ئەم کتێبە وەک زاندرابێ، لە کتێبخانەی جۆن رایلاند John Rylands، لە شاری مانچستەر Manchester، لە ئینگلتەرەیە. بە ژمارە ٣٨٥ تۆمارکراوە. مێژووی نووسرانی دیار نییە. بەخەتی تەعلیق نووسراوە[٦٥].

٢ - ٢: شەرحی حاشیەی تەجرید

کتێبێکی وا، لە کن کتێبنووسانی عوسمانی نیسبەت دراوەتە پاڵ بدلیسی[٦٦]، تا ئەوڕۆکە هیچ نوسخەیەکی بە دەست نەکەوتووە. کتێبێکی بەوجۆرە کە بە عەرەبی داندراوە، بنوارینە نێوەکەی، دەبێ شەرحی ئەو پەراوێزە بێ کە سەید شەریفی گورگانی (مر: ١٣٤٠ - ١٤١٣) بەسەرناوی «حاشیة تجرید»ەوەی لە «تجرید الکلام»ی نەسیرەدین تووسیی، فەیلەسووفی نامێ کردووە.

٢ - ٣: مناظرهٔ عشق باعقل

ئەم کتێبە نیوە فەلسەفی و نیوە تەسەوفییانە ماهییەتە، بەتەرزە پەخشانێکی فارسی نووسراوە. هەروەک لە نێوەکەیڕا بەدیار دەکەوێ، عەقڵ و ئەشقی کردووەتە بابەتی باس و خواس. تەنیا نوسخەی دەسنویسێ، کە تا ئێستا زاندرابێ، لە کتێبخانەی دەوڵەت لە بایەزیدە و بە ژمارە ٥٨٦٣ تۆمارکراوە و بە خەتی نەستەعلیق نووسراوە و لەساڵی ١٢٦٦/١٨٥٠دا بە دیاری پێشکێش بە کتێبخانەی سوڵتان عەبدولحەمید کراوە.

٢ – ٤: بەرپەرچی ڕافزییان

بە پێی زانیاریی ریفعەت ئەفەندی لە سەرچاوەکاندا، ئیدریسی بدلیسی بەربەچدانەوەیەکی ڕافزییەکانی بە زمانی عەرەبی نووسیوە[٦٧]. تا ئەمڕۆ هیچ نوسخەیەک لەم کتێبەمان وەگیر نەکەوتووە.

## ٣- کتێبەکانی لەمەڕ تەسەوف

ئیدریسی بدلیسی لەمەڕ تەسەوفیش زۆری کتێب نووسیون. ئەگەر ئەم کتێبانەی سەربە تەسوفی دەگەڵ کتێبەکانی سەر بە ڕشتەکانی دیکە بەراورد بکەین دەزانین ژمارەیان چەندە. بە پێی ئەو هەندە زانیارییەی هەمانە ژمارەی کتێبە تەسەوفییەکانی شەشن، دووانیان لە دانانی خۆی و ئەوانی دیکەیان شەرح و شرۆڤەکردنن.

٣ – ١: ئەوانەی بۆ خۆی دایناون

٣ – ١ – ١: کنز الخفی فی بیان مقامات الصوفی

کتێبێکی بەو حاڵ و ڕەنگەی ئیدریسی بدلیسی کە ڕەنگە بە عەرەبی نووسرابێ تەنیا لەلایەن محەمەد تاهیری بورسەییەوە زاندراوە[٦٨]. تا ئەوڕۆکە بە تووشی هیچ نوسخەیەکییەوە لە هیچ کۆییەک نەهاتووین.

٣ – ١ – ٢: مرأة العشاق

ئیدریسی بدلیسی ئەم کتێبەی، کە بە زمانی فارسییە، پێشکێش بە سوڵتان سەلیم یاوز کردووە. کتێبەکە برێتییە لە بەراییەک و دوو پار و مەبەست (مەقسوود) و شتێکە لە تەرزی پەخشانیش و هەڵبەستیش. مەقوولاتی تەسەوف و زاراوەکانی وی، بابەتی هەمەجۆری تەسەوف، لە بابەتە سەرەکییەکانی کتێبەکەن. نوسخەیەکی کتێبەکە لە کتێبخانەی سولەیمانییە، لە بەشی ئەسعەد ئەفەندیدا بە ژمارە ٤/١٨٨٨ تۆمارکراوە. ئەم نوسخەیە بە خەتی محەمەد کوڕی بیلال لە ساڵی ٩٥٤ک/ ١٥٤٦ز دا بەخەتی نەستەغلیق بەرگیراوەتەوە.

٣ – ١ – ٣:تحفهء درگاه عالی

کتێبێکی ده شێوه و ناوەڕۆک تەسەوفی وەی تەرحە، تەنیا لە لایەن ی.چ. ئۆزون چارشولووەوە نیسبەتی وەبالّ ئیدریسی بدلیسی دراوە[٦٩]. لە سەرچاوەگەلێکی دەستمانی پێ گەیشتووە، باس و خواسی ئەوە هەیە کە ئیدریسی بدلیسی کیتاوێکی وەی حاڵ و تەورە هەس. دەو هەموو کتێبخانانەی بەسەرمان کردوونەوە تووشی کتێبێکی وا نەهاتووین.

٣ – ٢: کتێبە شەرحەکانی

٣ – ٢ – ١: شرح فصوص الحکم

بێ ئەوەی ئاگاییمان لە سەروسۆراخی هیچ یەک لەو ژێدەرانە بێ، کە هەن، ئەم کتێبەی، کە بەوی نیسبەت دراوە[٧٠] هەروەک لە نێوەکەیڕا دیارە، ڕەنگە شەرحی بەعەرەبی نووسراوی کتێبی «فصوص الحکم»ی موتەسەویفی مەزنی عەرەب (١١٦٥ – ١٢٤٠) ئیبن ئەلعەرەبی بێ.

٣ – ٢ – ٢: شرح الخمرية

ئەم کتێبە کە شەرحی عەرەبیی[٧١] «القصيدة الخمرية»ی شاعیری موتەسەویفی نامێ. ابن الفارض المصری (١١٨٢ – ١٢٣٥)یە. حەیفێ، تا ئەوڕۆکە تووشی هیچ نوسخەیەکی، کە هەبێ نەبووین.

٣ – ٢ – ٣: الحق المبين فی شرح الحق اليقين

لە ئەسڵەکەدا «حق المسين في شدة حق اليقين» نووسراوە، ئەو کتێبە شەرحی کتێبە تەسەوفانەکەی مەحموودی شەبوستەرییە، کە بە نێوی «الحق اليقين» مەشهوورە.

ئەم شەرحە بە نێوە کورتەکەشەوە کە «شرح الحق اليقين»ە بە نامێیە، ئیدریسی بدلیسی ئەم شاکارەی لە دوادوای سەردەمی سوڵتان بایەزیدی دووەمدا کە لە مەکەی شەریف بووە، سیاییی بۆ گرتووەتەوە و لە سەرەتای

سـەردەمی سولّتـان سـەلیمی یاوزدا هەنگێن توانیـویەتی بینووسێ؛[٧٢] بۆیە لەوانەیە لە ساڵانی ١٥١٢ – ١٥١٤دا نووسـرابێت. کتێبەکە بریتییە لە هەشت پار (باب)، چەندین بابەتی سۆفییانە و مەسەلەکانی یەکیەتیی هەبوون (وحدة الوجود)ی تێدا باس کراون، ئیدریسی بدلیسی ئەم نووسینەی بۆ سولّتان سەلیمی یاوز کردووە بە دیاری، تاکە نوسخەی زاندراوی بە ژمارە ٢٣٣٨ لە ئایا سۆفیا پارێزراوە.

٣ – ٢ – ٤: شرح منظومەء گلشن راز

ئەمە شـەرحی کتێبەکەی مەحمـوودی شـەبوسـتـەرییە، کە بە «گلشن راز» ناسـراوە، ئەم کتێبە بۆ خۆی لە بابەت سۆفیزم، شرۆڤەی هەڵبەستەکانی گوڵشەنی ڕازە، هێندێ سەرچاوە لەو باوەڕەدان کە ئەم کتێبە فارسییە[٧٣] هی ئیدریسی بدلیسی خۆیەتی، بەڵام نوسخەی لە کتێبخانەکاندا زۆرە و بە نێوی ئیدریسی بدلیسییەوە نییە، بگرە بە نێوی حیسامەدین بەدلیسیی بابیەوەیە، لە بەراییشدا ئەوەمان ڕوون کردەوە، کە بابی کتێبەکەی شەبوستەریی شەرح لێ داوە، دوو شەرحی ئەم کتێبە یەکێکی لە کتێبخانەی سولەیمانییە و ئەوی دییان لە کتێبخانەی سەلیم ئاغادا پارێزراوە.

## ٤- کتێبە سیاسی و ئاکارەکییەکانی وی

مەلا ئیدریسی بدلیسی ئاوڕی لە پرسێن سیاسی و ئاکاریش داوەتەوە و لەم بابەتەدا کتێبی جوان جوانی نووسیون، لەم جۆرە کتێبانەی بەمەگەیشتبن، دوو کتێبی زۆر گرنگی ئەمانەن:

٤ – ١: مرآة الجمال

ئەم کتێبە لە سەروبەندی بایەزیدی دووەمدا بە فارسی نووسراوە و پێشکێش بە سولّتانی نێوبراو کراوە، ئەم شاکارە تژی پەیڤ و قسەی کورت و حەکیمانەی سەر بە ئاکار و سیاسەتە و برێ تەمێ و ئامۆژگاریی ڕێنیشاندەری شایستەی سولّتان و فەرمانڕەوایانی تێدایە، ئەمە لە پێش

کتێبی «قانون شاهنشاهی»دا لە پاژی ئەسعەد ئەفەندی لە کتێبخانەی سولەیمانییەدا هەڵگیراوە، نوسخەکە لە ٩٥٢ک/ ١٥٤٦ز دا محەمەد کوڕی بیلان بەخەتی نەستەعلیق لەبەری نووسیوەتەوە.

٤ – ٢: قانون شاهنشاهی

ئەم کتێبە، کە وەک «مرآة الجمال» لە ماهیەتێکی سیاسی و ئاکاریدایە و هەردووکیان لێک دەچن، کتێبێکە بە فارسییە و پێش مەرگی سوڵتان سەلیم یاوز تەواوکراوە، بەڵام ئەم شاکارە هەروەک لە ناوەکەیڕا بەدیاردەکەوێ بە نێوی سوڵتان سولەیمانی قانونییەوە نووسراوە و پێشکێش بەو کراوە، هەر لە دوای مەرگی سوڵتان سەلیم یاوز بە مەودایەکی زۆر کورت، ئیدریسی بدلیسی هەر بەیەک دوو مانگی چوونە سەرتەختی سوڵتان سولەیمانی قانونی ڕاگەیی و ئێستاش ڕوون نییە گەلۆ ئەم کتێبە ئی خۆی یا ئی ئەبولفەزلی کوڕیەتی و بە سوڵتان سولەیمانی قانوونیی پێشکێش کردووە؟ وێڕای ئەوەش حەسەن تەوەکولی دەڵێ ئیدریسی بدلیسی ئەم کتێبەی پاش مەرگی سوڵتان سەلیم یاوز بە ماوەیەکی کەم تەواو کردووە. بەڵام بەسەر مەرگی سوڵتاندا چەند قەسیدەیەکی کە لە پەسنیدا نووسیبوو، لێ دەرێناوە و ئەوجا بە سوڵتان سولەیمانی قانوونیی پێشکێش کردووە(٧٤).

ئەم کتێبە کە وا پێ دەچێ پاش «حیاة الحیوان» نووسراوە، لە پێشەکییەک و چوار مەبەست (مەقسەد) پێک هاتووە، هەروەک لە «مرآة الجمال»دا کراوە، ئیدریسی بدلیسی لەم کتێبەشدا چۆن بە ئەندازەیەکی بەربڵاو لە کتێبی لە نوواوەی هەمووانەوە، جەلالودینی دەووانی کردووە، هەر بەو ڕادەیەش ئیقتباسی لە بیروبڕوا و فەرمایشتەکانی جامی و کەمالی و ئیقتباسی لە فیردەوسی و سەعدی و حافز کردووە.

هێندێ نوسخەی ئەم کتێبە لەم کتێبخانانەدا پارێزراون، ئەسعەد ئەفەندی ٢/١٨٨٨ مۆزەخانەی کتێبی ئیسلامی تورک (ئیستانبول) ٢٠٨٧ لێوەتۆژی ئێرانی حەسەن تەوەکولی ئەم نوسخانەی کردووە بە بنەما و تێزی

دوکتۆرایەکەی لەسەر ئەم کتێبە نووسیوە، بڵاوۆکی ڕەخنەکی و تەرجەمەی تورکیی «قانون شاهەنشاهی» ی ئیدریسی بدلیسی زانستگای ئیستانبول کولییەی ئەدەبیات پشکی دیرۆک، ئیستانبول ١٩٧٤، لێوەتۆژ لە تێزەکەیدا دە پێشدا، پاش ئەوەی لە ژیانی بدلیسی و کتێبەکانی کۆڵیوەتەوە، دەقە فارسییەکەی و تەرجەمە تورکییەکەی پێشکێش کردووە.

## ٥- کتێبە ئاینییەکانی

ئیدریسی بدلیسی لە مەیدانی فیقە (شەرع) و حەدیث (فەرمایشتی پێغەمبەر – د) و تەفسیر (لێکدانەوەی مانای ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز)یشدا کتێبی نووسیون، لەم کتێبانەیدا چەندین پرس و مەسەلەگەلی ئاینیی باس کردووە. ئەو کتێبانەی دە ڕۆژگاری ئەوڕۆدا بەدەست مە گەیشتوون ئەمانەن:

٥ – ١: کتێبە شەرعەکانی وی

٥ – ١ – ١: مناظره الصوم و العيد

ئەم کتێبەی ئیدریسی بدلیسی وەک لە ناوەکەیڕا دیارە، دەگەڵ ڕۆژووگرتن و مانگی دەمەزاندا هاوسەروکارە، کتێبەکە لەسەروبەندی سوڵتان بایەزیدی دووەم، دە ساڵی ٩٠٨/١٥٠٢ز دا بە زمانی فارسی نووسراوە، ناوبەناو هەڵبەست و کاوکاوێ پەخشانە و بە سوڵتان بایەزیدی دووەم پێشکێش کراوە. نوسخەیەکی لە کتێبخانەی سولەیمانییە، بەشی ئەسعەد ئەفەندی دا بەژمارە ٥/١٨٨٨ تۆمارکراوە. خۆی دەسنووسە، لە ساڵی ٩٥٢ک/ ١٥٤٦ز دا بەخەتی مەحموود کوڕی بیلال نوسخەگری لێ کراوە، (ذي القعدة) بەخەتی نەسخ تەعلیق نووسراوەتەوە.

٥ – ١ – ٢: شرح أسرار الصوم من شرح أسرار العباد

ئەم کتێبەش کە سەر بە خواپەرستییە و وەک یەکەم کتێبی لەم بابەتدا هەر لەمەڕ ڕۆژووگرتن و نەپەنییەکانی ڕۆژووەوەیە، کتێبەکە بە زمانی عارەبی نووسراوە، دەگەڵ کتێبی یەکەمیدای لەبەر یەکدی گری، لێک جیاوازن، مەلا

ئیـدریسـی بدلیـسـی ئـەم کـتـێـبـەی دە مــەکـە، دە سـاڵی ٩١٧ک/ ١٥١١ز دا نووسـیـوە و بە سوڵتـان گـاوریی کوێلەمـەندی پێشکێش کردووە. نوسـخـەیەکی دەسنووسی کتێبەکە لە کتێبخـانەی سولەیمانییـەی ئایا سـۆفـیـا، بە ژمـارە ١٩٩٤ پارێزراوە.

٥ – ١ – ٣: رسالة في اباحة الأغاني

ئیـدریسـی بدلیسـی بۆ خـۆی لە کـتـێبی «قـانون شـاهـنشـاهـی»[٧٥] یەکـەیدا نووسیـویە: کتێبێکم بەم نێوە بە فـارسـی نووسیوە، بەڵام تا ئـەورۆ ڕاستـی ئەو کتێبـە نەهـاتووین. ئیدریسی بدلیسی لەم کتێبەدا باسـی سـەرلەبەری ئەو دەنگ و ئاوازانـەی بە شـەرع و حەڵاڵن، ئەو سـاز و سـەنتـوور و ئامێـرە مۆسـیـقـایـانـەی لێدانیان گـوناه نییـە، باس کردوون، مـەلا ئیدریس هـەروەکو لە کتێبی «قـانون شــاهـنشــاهـی» یەکـەیدا باسـی حــەڵاڵیی گــوێ لە عــود و نـەی گـرتـنی ڕوون کردووەتەوە، هـەروەهـاش ئـەم باسـەی لە ڕوانگەی خـۆیەوە، لەمـەڕ مـۆسـیـقـا لە نامیلکەیەکدا بۆ خۆی نووووسیـوە و پشت بە بیروبڕوای شـەرعزانی گەورە و بە دەستاوێز و بەڵگەی ڕوون، حەڵاڵیی ئەو شتانەی باس کردووە.

٥ – ٢: کتێبەکانی سەر بە حەدیس

ئیـدریسی بدلیـسـی بەپێی داوودەسـتـوری باو و لە ڕمێن دوو دانە کـتـێـبی، یەکــیــان بـەعــەرەبی و بـە نیــوی «حــدیث الأربعین» (الأحــادیث الأربعین) – وەرگێڕ[٧٦] و ئەوی دییـان بە سـەرناوی «چهل حدیث» بە فـارسـی نووسـیـون و هـەردوو کتێبـەکەش ئەورۆ، کـە بە دەست مە گەیشتین وا چاکە لەمـەڕ هـەریەک لەوان قسێکی بکەین:

٥ – ٢ – ١: ترجمة و تفسیر الحدیث (الأحادیث – وەرگێڕ) الأربعین

کتێبی یەکەمی ئیدریسی بدلیـسی بەو نێوەیە. بە زمانی فـارسـی نووسـراوە. هـەروەک کـتـێـبـەکـەی پێـشـینی، ٤٠ دانە حـەدیسـی بە هـەڵبـەست کـردووە بە فـارسـی، دیسـان هـەر بـە هـەڵبـەست، سـەرلەنوێ حـەدیسـەکـانی یـەکـەیەکە لێک

داوەتەوە و دەی یەکەمی ئەم چلە لە بابەتی ئیمان و ئیسلامن و دەی دووەمی لەمەڕ کاری چاک و خراپ و درێوە و دەی سێیەمی لەبارەی شتگەلێکن لە ڕووی ئاکار و ئەخلاقەوە بە فەزیلەت (ئەردەو) دەژمێردرێن، یان ناژمێردرێن و دەی چوارەمی باسوخواسی ئەو دنیا و حەشر و نەشرە.

ئیدریسی بدلیسی لە نووسینی ئەم کتێبەیدا دەبن کاریگەری و سرووشی «مەلا جامی»دا، کە ئەویش کتێبی (چهل حدیث)ی نووسیوە؛ چونکە هێندێ لە حەدیسەکانی کتێبەکەی مەلا جامیشدا دەقاودەق هەن و هەر کێشەی، مەلا جامی کتێبەکەی خۆی پێ هونیوەتەوە، کە «فاعلاتن مفاعلن فاعلن «– ب – – ب – ب – – ب –» وەرگێڕ». کتێبەکەی هەڵبەستووە(٧٨).

مەلا ئیدریسی بدلیسی لە بەراییی کتێبەکەیدا وا دەگەیەنێ، کە کتێبەکەی لە تەمەنی پەنجا ساڵی تێ پەڕاندووە، ئەوجا نووسیویە. بۆ خۆی فەرمووویە، پەنجا ساڵی تەمەنم بە پڕوپووچ بەسەربرد، ئەوی ماومە، بە نیازی وەی لە شەفاعەتی حەزرەتی پێغەمبەر (د) بەخورداربم، لە نووسینی ئەو کتێبەدای بە خەرج بدەم. ئەم کتێبە دوو نوسخە دەسنووسی بەدەستەوەن: یەکەمیان لە زانستگای ئیستامبول، لە بەشی دەستنووسە فارسییەکاندا، بە ژمارە ٨٢٣، پارێزراوە، ئەم نوسخەیە بە خەتی عەبدولڕەحیم نەجیم لەبەری گیراوەتەوە پێشکێش بە جەودەت پاشای وەزیری داد (عدلیة) کراوە. دووەمیان لە کتێبخانەی سولەیمانییە لە بەشی لالە ئیسماعیلدا بە ژمارە ٣٠ تۆمار کراوە.

٥ – ٣: کتێبی تەفسیرەکەی (قورئان لێکدانەوە)

٥ – ٣ – ١: حاشية على تفسير البيضاوي

بە پێی زانیاریی ئەوڕۆمان تاکە کتێبی تەفسیری ئیدریسی بدلیسی ئەو کتێبە پەراوێزەیە، کە لەسەر کتێبەکەی قازی بەیزاوی، شرۆڤەکاری نامێی خاوەن بەهرە (مر: ١٢٨٦) «انوار التنزيل و اسرار التاويل»ی نووسیوە. ئەم پەڕاوێزە سەرلەبەری ئەو ئایەتانەی بەیزاوی تەفسیری کردوون گرتووەتەوە، ئەم کتێبە بریتییە لەو ئایەتە هەڵبژاردانە و پەڕاوێزەکانی سەریان واتە: کورتە

تەفسیر و لێکدانەوەیەکیان. کتێبەکە بە زمانی عەرەبی نووسراوە و پێشکێش بە سولتان بایەزیدی دووەم کراوە[٧٩] و لە بەشی سەرەکیی کتێبەکەدا «قەسیدەی بلیغە»ش کە پێشکێشی هەر ئەو سولتانەی کردووە.[٨٠] هەیە، نوسخەیەکی لە کتێبخانەی سولەیمانییە، بەشی ئایا سۆفیا، بە ژمارە ٣٠٣، بە خەتی نەستەعلیق پارێزراوە.

## ٦- کتێبەکانی لەمەڕ مێژوو و گەشتوگوزار

ئیدریسی بدلیسی خاوەنی دوو کتێبی سەر بە مێژووی عوسمانییە، هەروەها کتێبێکی گەشتنامەی سەر بە مێژوو، بە تایبەت مێژووی ئاق قۆیونلووانیش و سەر بە جوغرافیاشی هەیە، وا لێرەدا زانیارییان لەبارەوە دەنووسین:

٦ – ١: هەشت بەهەشت (هشت بهشت)

کتێبی هەرە گرنگی ئیدریسی بدلیسی کە سەروکاری بە مێژووی عوسمانییەوە هەیە و نامێترین کتێبی وییە «هشت بهشت»ە. کتێبەکە بە زمانی فارسی نووسراوە و سەرناوەکەشی هەر بە فارسییە و بە مانا «هەشت بەهەشت»ە، هێندێ جار ئەم سەرناوە بە شێوەی «هشت بهشت» نووسراوە، هەڵەکە لە مانادا نییە لە تەرزی گوتندایە[٨١]. سولتان بایەزیدی دووەم کاتێکی داوای بەڕەسمی مێژوونووسینی عوسمانیی کرد، لە زانایانی سەردەمی، کە ئیدریسی بدلیسی یەک لە ئەوان بووە ویست لەسەر شێواز و تەرزی کتێبەکانی مێژوونووسانی نامێی وەک عەتا مەلیک ئەلجوینی وەساف و موعینەدین یەزدی و شەرەفەدین یەزدی کتێبان بنووسن. ئیدریسی بدلیسی بە پێی ئەم داوخوازەی سولتان، دەس بە نووسینی مێژوویەکی عوسمانی دەکا و لەمەودای ٣١ مانگدا، وەک خۆی دەڵێ «دوو ساڵ و حەوت مانگ»[٨٢] واتە: لە ناوندی ساڵی ٩١١ک/ ١٥٠٥ز دا تەواوی دەکا. هەر دەو ساڵەدا کتێبەکە پێشکێش بە سولتان بایەزیدی دووەم دەکا. وەک لە ئیدریسی بدلیسی خۆی بیسستراوە[٨٣] کتێبەکە نێوێکی دیکەشی هەیە، ئەم ناوی دووەمە کە بە

عەرەبییە بەم جۆرەیە: «كتيب الصفات الثمانية في اخبار القياصرة العثمانية».
(بە پێی قاعیدەی مەشهوور دەبێ الثمانی بێ - وەرگێڕ).

ئەم کتێبە بە سوڵتان بایەزیدی دووەمیشەوە، باسی بەهەشتی یەکەمی پاشایانی عوسمانی کردووە، کتێبەکە زۆر جوانە، و بە تەرزێکی ڕەق و تومتەراقانە نووسراوە و بەزەک و دۆزەکی ئەدەبییانەی لێ بووە بە نەخش و بۆ خۆی ئەسڵەن بە پەخشان نووسراوە، بەڵام نزیکەی ٨٠٠ دێرە قەسیدە و «چوارینە»شی تێدایە.

دیارە ئیدریسی بدلیسی دە نووسینی «هشت بهشت»دا، کەڵکی لە کتێبی مێژوونووسانی دی، کە دیرۆکی عوسمانییان نووسیوە، وەرگرتووە، بەڵام دیاردیی بۆ ئەو سەرچاوانەی لێی وەرگرتوون، نەکردووە.

زۆر کارێکی خواسایییە کە ئیدریسی بدلیسی سوودی لە دیرۆکنووسی وەک: بەتایبەت، عاشق پاشازادە و نەشری و شوکرولا، کە مێژووی پادشایانی پێش سوڵتان بایەزیدی دووەمیان نووسیوە، وەرگرتووە؛ چونکە لە کتێبە مێژوویینەکانی وەک: بە تایبەت، نەشری و شوکرولا سوودوەرگرتن کارێکی خواسایییە. ئەدی ئەوە نییە کتێبەکەی نەشری و مەلا ئیدریسی بدلیسی زۆر وەک یەک دەچن، هەر ئەم وێکچوونەیە سەرنجی Babinger ی ڕاکێشاوە و وەلێ پشت بەمانە، بە قنیاتێکی هەڵەی وا گەییوە کە گۆیا نەشری سوودی لە «هشت بهشت»ەکەی ئیدریسی بدلیسی وەرگرتبێ، نەخێر ئیدریسی بدلیسی کەڵکی لە نەشری وەرگرتووە، ئەمەش هەر لەباری مێژووەوە هەر بەو ئاوایەیە؛ چونکە نەشری «جهاننما»ی دە ساڵی ٨٩٨ک/ ١٤٩٢ز دا تەواو کردووە و بە سوڵتان بایەزیدی دووەمی پێشکێش کردووە، کەچی ئیدریسی بدلیسی «هشت بهشت»ی پاش بەلایەنی کەمەوە، دە ساڵ دەست پێ کردووە. دەی با نێوەڕۆکی «هشت بهشت» هەڵدەینەوە.

کتێبەکە لە بەراییەک و هەشت بەش و ئاکامێ پێک هاتووە و دە پێش هەر پاژێکدا بەراییەک و دەروویەک و چەندین وردە پار و ئەنجام هەن:

**١: بەرایی:**

١ – ١: دیرۆکناسی

١ – ٢: بنەماتەی عوسمانییان و ئەردەو (فضل)یان.

**٢: بەهەشتی یەکەم: عوسمان و سەروبەندی وی.**

٢ – ١: بەرایی: ڕەگ و ڕەچەڵەکی عوسمانی و کۆتەرەی ڕەچەڵەکیان.

٢ – ٢: دەرووی ٢.١: سەروکاری سەلجووقی – عوسمانی و چوونە سەرتەختی عوسمان و یەکەم شەڕەکانی عوسمانی.

٢ – ٣: ١٥ داستان: ٦ داستانی لەمەڕ ڕووداوگەلی بەر لە چوونە سەرتەختی عوسمان و ٦ داستانی لەبارەی ڕووداوەکانی پاش ئەون.

٢ – ٤: ئەنجام: مەرگی عوسمانی.

**٣: بەهەشتی دووەم: ئۆرخان و سەردەمی وی.**

٣ – ١: بەرایی: هۆکارەکانی چوونە سەرتەختی ئۆرخان.

٣ – ٢: ١ و ٢: چوونە سەرتەختی ئۆرخان، ئەردەو و فەرمانڕەوایانی پێش وی.

٣ – ٣: ٨ داستان: لەمەڕ سەرفەربەر و داگیرکارییەکانیەتی.

**٤: بەهەشتی سێیەم: مورادی ١ و سەروبەندی وی.**

٤ – ١: ١٨ داستان: چوونە سەرتەختی مورادی ١ و فەرمانڕەواییی وی و ڕووداوەکانی سەر بە سەروبەندی وی.

**٥: بەهەشتی چوارەم: یلدرم بایەزید و سەروبەندی وی.**

٥ – ١: دەرووی ١ و ٢: فەرمانڕەواییی بایەزیدی یەکەم و ئەردەوەکانی وی.

٥ – ٢: ١٦ داستان: لەمەڕ فەرمانڕەوایی بایەزیدی یەکەم و ڕووداوەکانی سەردەمی وی.

**٦: بەهەشتی پێنجەم: محەمەدی ١ و سەروبەندی**

٦ – ١: دەروو: چوونە سەرتەختی محەمەدی یەکەم و ئەردەوەکانی وی.

٦ – ٢: ٢٨ داستان: فەرمانڕەواییی محەمەدی ١ و ڕووداوەکانی سەردەمی وی.

٦ – ٣: ئەنجام: مەرگی محەمەدی ١

**٧: هەشت: موڕادی دووەم و سەروبەندی وی.**

٧ – ١: ١ و ٢ دەروو: چوونە سەرتەختی موڕادی دووەم و ئەردەوەکانی وی.

٧ – ٢: ٢٨ داستان: فەرمانڕەواییی موڕادی دووەم و ڕووداوگەلی سەردەمی وی.

٧ – ٣: ئەنجام: مەرگی موڕادی دووەم.

**٨: بەهەشتی حەوتەم: محەمەدی ٢ (فاتیح) و سەردەمی وی.**

٨ – ١: ١٠ بەرایی: چوونە سەرتەختی محەمەدی دووەم.

٨ – ٢: بەرایی دووەم: سوڵتان و شایانی هاوچەرخی وی.

٨ – ٣: دەروو:

دڵ: ئەردەوەکانی محەمەدی دووەم

١ – باڵ: زاڕووەکانی محەمەدی دووەم.

٢– باڵ: وەزیران و سەرکردەکانی محەمەدی دووەم

٨ – ٤: ٢٩ داستان: لەمەڕ ٢٩ سەفەربەری محەمەدی دووەم بۆ سەر وڵاتانی مەسیحیایی و موسڵمانانی دیکە.

٩ – بەهەشت هەشتەمبایەزیدی دووەم و سەردەمی وی.

٩ – ١:بەرایی: ءەردەوەکانی بایەزیدی دووەم.

٩ – ٢:دەروو: فەرمانڕەوانڕەواییی بایەزیدی دووەم، پاشا و سوڵتانانی هاوچەرخیوی.

٩ – ٣: دڵ: چوونە سەر تەختی بایەزیدی دووەم.

٩ – ١:٤ ٠بەهەشت: ٨ داستان، سەفەربەرەکانی بایەزیدی دووەم، وڵاتگری و ڕووداوەکانی چاخی وی.

٢٠بەهەشت:

١– باڵ: زارووەکانی بایەزیدی دووەم، وەزیرەکانی، سەرکردەکانی و میرانی وی.

٢– باڵ: زانایانی سەروبەندی بایەزیدی دووەم.

پایین: مەرگی بایەزیدی دووەم و چوونە سەر تەختی سوڵتان سەلیم یاوز.

ئیدی بەم ئاوایە نێوەڕۆکی «هشت بشهت»م بە کورتی عەرزکردن، لێ بەلێ ڤردا پرسەک لەمەڕ دیرۆکی نووسینی ئەم کتێبە دێتە گۆڕێ. ئەوەبوو، ئێمە لە پێشترێ گوتمان، پشت بە سەرچاوەکان، کتێبەکە دە ساڵی ١٥٠٦دا دووایی هاتووە، وەلێ پاژی ئەنجام (پایز)ی وی، وەک ڕوونە، کارەکە بە مەرگی بایەزیدی دووەم و هاتنە سەرتەختی پادشاییی سوڵتان سەلیم، واتە: بە ڕووداوەکانی ١٥١٢ گرێداییە. بەو پێیە، بەشی هەرە سەرەکیی کتێبەکە، هەرچەندە لە ١٥٠٦دا تەواویش کرابێ، دەبێ ئەوە بسەلمێندرێ، کە پاژی ئەنجامی ئەم کتێبە لە ساڵی ١٥١٢دا نووسراوە. لەبەر هەندێ دەکرێ بگوترێ، مێژووی هەرە زووی تەواوبوونی کتێبەکە بە بتوونی، ساڵی ١٥١٢یە. جا هەر بۆیە محەمەد تاهیری بوورسەیی دەڵێ، مێژووی تەواوبوونی کتێبەکە لە «٩١٩ک/ ١٥١٢»یە[٨٤] ئەم کتێبەی ئیدریسی بدلیسی لە ڕیزی سەرچاوە هەرە بەهادارەکانی مێژووی عوسمانییە. کتێبەکە بۆ مێژوونووسانی پاش وی بووەتە سەرچاوەی دەسکەلا و زۆری کارتێ کردوون، بە تایبەت بۆ نووسینی «تاج التواریخ»ی خواجە سەعدەدین و «کنة الأخبار»ی علی و «صفایح الأخبار»ی منجم باشی و «سەلیم نامە»ی ئەدرنەیی زۆر سوود لە «هشت بهشت» وەرگیراوە. هەشت بەهەشت، تا ئەوڕۆ هەر بە دەسنووسی دەستاودەست دەکرێ و سەرەڕای گرینگیی وی، ئەفسووس و مخابن، شتێکی ئەوتۆی لەسەر نەنووسراوە، ڕۆژهەڵاتناسی نامێ D.S.Margoliourh پێش مردنی، گوتوویە، تەرجەمەی ئینگلیسیی ئەم کتێبە، بەمەتنە فارسییەکەوەی لە زنجیرەی The Oriental Translation Fund Rayol Asiatic Socity دا بڵاو دەکرێتەوە، بەڵام بەڵێنەکەی بەجێ نەهێنا.

نوسخەی دەسنووسەکانی هەشت بەهەشت لەم کتێبخانانەدا هەن:

أ – لە تورکیا:

ئەسعەد ئەفەندی: ٣١٩٧: نور عوسمانییە:٣٢١١,٣٢٠٩، علی ئەمیری

ئەفـەندی ٨٠٠ – ٧، ٣٢١١، کۆشکـی ڕەوان: ١٥١٥، خـالس ئەفـەندی: ١٩٦٤، ڕەزا پاشا: ٨٨٨، لالە ئیسماعیل: ٣٧٩، عارف ئەفەندی: ١٩٤٦، ئایا سۆفیا: ١١،٣٥٤١ . ئەحمەد: ٣٩١٤، بایەزید: ,٥١٦١.

ب – لە وڵاتی بیانی:

بانکیپور: ٥٣٢,٥ – ٤، بەرلین: م س. ئۆریەنت MS.Orient، ژمارە ٣١٧٩، ٨٥ Chonykvo، قـــاهـیـــــرە: ٥٠٩، مــــــەجلیس (تـەهران): -ups dla:Bodlian274,276.H-9، لەسـەردەمی عوسـمانییانـدا خـەڵک پتر وەتەنگ هەشت بەهەشـتەوە هاتوون. ئەم کـتێبە لە سـەروبەندی سـوڵتان مـحـەمـەدی یەکەمـدا، لە سـاڵی ١١٤٩ک/ ١٧٣٣ز دا عبـدلباقی سـەعدی (مر: ١١٦١ک/ ١٧٤٨ز) کردوویـە بە تورکی. ئەم تەرجەمـەیە نێوی «ترجمەی هشت بهشت»ە. عبـدلبـاقیی مـەخلەس سـەعدی، بۆ خـۆی «وانـی»یە و برای دوڕڕی ئەفـەندییـە، بەکـاری کـاتبـێـتـیی دیواندارییــەوە خــەریک بووە، پاشــانـەکێ لە هـۆتین و (لەهستان – وەرگێڕ) بووە بە دەفتەرداری « شقی ثانی». بابینگەر Babinger دەڵێ: «هشت بهشت»ەکەی ئیبن کەمـالیشی کـردووە بە تورکی، بەڵام هـەروەک تا ئێـسـتـا تووشـی هیچ تەرجـەمــەیەکی ئەوها نـەهاتووین، هـەروەهاش دەو سـەرچاوانـەدا، ئێـمـە توانـیـبـێـتـمـان بیـانبـینین، تووشی هیچ زانیـارییـەک نەهاتووین. بە جیـا، قسـە لەوە کراوە، کـە Storey دەڵێ تەرجەمـەیەکی دیکەی هەشت بەهـەشت لە لایەن حـوسـەین کـوڕی حـەسـەنی مـونشـیـیەوە کـراوە لە بوخـارا سـیـمـینۆف، بـە ژمـارە٤٣ پارێزراوە(٨٥)، بەڵام ئەم تـەرجـەمـەیە هیچ زانیارییەکی لەمەڕ نییە.

تەرجـەمـەکەی سـەعدی عـەبدلباقی لەم کتێـبخـانانـەدا بە دەسنووسی هـەیە: ئایا سـۆفیا: ٣٥٤٤، نوور عـوسـمـانییـە: ٣٠٧٨، ڤیانا. کـتێبـخـانەی نەتەوەکی Stockholm، ٩٩٤: کتێبخانەی شاهی: ٧٠، حەمیدییە: ,٩٢٨

ئەوەی بەجـێ زاندراوە، ئەبولفـەزڵ مــحــەمـەد ئەفـەندیی کـوڕی ئیـدریسی بدلیـسی، دونگڵـەیەکی ڕەگـەڵ هـەشت بـەهـەشت خسـتووە. ئەم دونگەڵەکـە بە

نێوی «سولەیمان نامە» یا « ذیل هشت بهشت» ناسراوە، نووسینی دونگەڵەکە لە ساڵی ٩٧٤ک/ ١٥٦٦ز دا تەواو بووە[٨٦]. ئەم کتێبە لەم کتێبخانانەدا بە دەسنووسی هەیە: لالە ئیسماعیل ئەفەندی: ٢/٣٤٨، کۆشکی ڕەوان: ١٥٤٠، ئەسعەد ئەفەندی: ٢٤٤٧، Gotho:٣٢ . بۆ دواجار، شتێکی دیکە لەبارەی هەشت بەهەشتەوە هەیە، قسەی لێ بکەین: Cl.Huort نووسیویە: کتێبەکە لە ٨٠٠٠٠ بەیت پێک هاتووە[٨٧]. ئەمە هەڵەیە. هەر ئەم هەڵەیە لە ئەنسیکلۆپیدیای تورکدا سەرلەنوێ دووپات کراوەتەوە،[٨٨] هەروەک بە دیارمان خستووە، کتێبەکە زێتر لە ٨٠٠٠ دیڕە بەیتی تێدان. بەهەرحاڵ نووسیار، بەهەرحاڵ نووسیار، یا دەبێ لە ژمارەدا هەڵەی کردبێ، یا دەگەڵ «سەلیم نامە»کەی ئیدریسی بدلیسدای، کە ٨٠٠٠٠ دێرە بەیتە تێکەڵ کردووە.

٦ – ٢: سەلیم نامە:

کتێبی دووەمی سەر بە مێژووی عوسمانییان، کە لە بابەتی سەلیم نامە و تەنیا لەمەڕ یاوز سوڵتان سەلیم و سەروبەندی وی دەدوێ، «سەلیم نامە»ی ئیدریسی بدلیسییە. ئەم کتێبە لە سەرچاوەکاندا، ناوبەناو، نێوی بە «سەلیم شاهنامە»ش ڕۆیشتووە. ئیدریسی بدلیسی ئەم کتێبەی لەسەر خواستی یاوز سوڵتان سەلیم نووسیوە. کتێبەکە بە فارسی نووسراوە و هێندێ جار بە هەڵبەست، هێندێ جار بە بەخشان نووسراوە. ٨٠٠٠٠ دێرە شیعری تێدایە. بۆ خۆی لە دوو دەروو «مدخل» و لە دوو پاژی سەرەکی پێک هاتووە. بابەتی کتێبەکە. لەمەڕ لەدایکبوونی یاوز، زاڕۆتیی وی، ئەو شەڕ و سەفەربەرانەی کردوونی، لە ساڵی ٩١٨ک/ ١٥١٢ز دا بوون بە پادشایەتیی وی و ڕووداوگەلێکن، ئیدریسی بدلیسی بە چاوی خۆی، لە ساڵانی ٩١٧ – ٩٢٦ک/ ١٥١٢ – ١٥١٩ز دا دیتوونی.

ئێمە هەرچەندە بە لێبڕاوی نازانین ئیدریسی بدلیسی کەنگێ دەستی بە نووسینی ئەم کتێبە کردووە، بەڵام دەتوانین بڵێین لە ساڵی ١٥١٢دا کە ساڵی چوونە سەرتەختی یاوزە، یا لە مێژوویەکی دوواتردا ڕەنگە دەستی بە

نووســینی کــردبێ. ئیــدریسی بدلیــسی، کــاتێکی لـه ســاڵی ١٥٢٠دا کــۆچی دوواییی کرد، هێمـان لە کتێبـەکەی نەبووبووە. بە پێی زانیارییـەک ئەبولفـەزل مـحـەمـەد ئـەفـەندی، کـوڕی ئیـدریسـی بدلیـسی داونی، بۆخـۆی بە فـەرمـانی سوڵتـان سولەیمانی قانوونی، سیاییـەکانی بابیی لەملاو لەولا خڕکردووەتەوە و ڕێکی خستوون و کەم و کورتییەکانی تەواوکردوون و سەرباری بۆ خستوونە سـەر و بەراییی بۆ نووسـیـون و کـتـێبـە بـۆری تەواوکـردووە[٨٩] و پێ دەچێ لە ساڵی ١٥٦٦دا تەواو کرابێ.

«سـەلیم نامـە» دووا کتێبی ئیـدریسـی بدلیـسییـە و بۆ دوواجار نـووسیـویە و ویستـوویە تەواوی بکا. دەسنووسـێکی زۆری ئەم کـتـێبـەمـان، کـە هـەر بە دەسنووسی مـاوەتـەوە، بە نـوسـخـەی جـیـاجـیـا هـەن. هـێنـدێکیـان لەم کتێبخانانەدا پارێزراون. کتێبخانەی ڕەوان: ١٥٤٠، لالە ئیسمـاعیل ئەفەندی: ٢/٣٤٨، خـەزێنەی ئـەمـانـەت: London adol،١٤٢٣. Bibl, Man-٢٤٦٩٠ chester: ٢٧، پاریس Noti Bibl،: ٢٣٥، ئەمەیـان نوسخـەیەکی زۆر جـوانـە، لە بۆ سوقوللو محەمەد پاشا کۆپی کراوە.

٦ – ٣: رسالة خزانية

ئەم کتێبەی ئیدریسی بدلیسی، دەگەڵ وەی پتر کتێبێکی گەشت و گەڕان لە ڕووی ئەوەی کە سەروکاری بە برِێ زانیاریی سەر بە دەوڵەتی ئاق قۆیونلووەوە هەیە، دەکرێ لە ڕێزی کـتـێبـە مـێژووییـنەکـانیـدا دابنـدرێ. کـتـێبـەکـە بە نێوی فـەرمـانـڕەوای ئاق قـۆیونلووان، سـوڵتـان یاقـووب بەگ نـووسـراوە. ئەم کـتـێبـە باسی ئەو گەشتـەیە، کە ئیـدریسی بدلیسی دەگەڵ سوڵتانـدا، لە ئازەربایجـان ڕا بۆ ئەڕانێی کـردووە. لەو جوانییـە جوغـرافییـانەی، کە لەوێ بە چاوی خـۆی دیتوونی لە کتێب و نووسراوی مێژووییـنە دەدوێ. قسە لەسـەر بیرە نەوتەکـانی باکۆ بۆ ئەوان ڕۆژگار، سرنج ڕاکێشە...

ئەم کتێبـە، ڕەنگە یەکەم کتێبی بێ، ئیدریسـی بدلیسی دەسـتی پێ کـردبێ کـتـێبـەکـە بە فـارسی نووسـراوە. سـەرەڕای وەی لە بـنیـچـەدا بە پەخـشـان

نووسـراوه، ناوبەناو شـیعـریشی تێـدایە. زۆرینەی شـیعـرەکان لـە نیزامـیی گەنجەوی وەرگیـراوە. نوسـخـەیەکی دەسنووسی ئـەم کتێبە لە کتێبخـانەی سـولەیمانییـە، بەنێـوی ئەسـعـەد ئەفـەندی بە ژمـارە ٧/١٨٨٨ تۆمـارکـراوە. نوسـخـەکـەشی مـحـەمـەدی کوڕی بیـلال، لە سـاڵی ٩٥٢ک/ ١٥٤٦ز دا لەبەر ئەسڵەکەی گرتووەتەوە.

## ٧- نامە و شیعرەکانی

ئیدریسی بدلیسی شیـعرێکی زۆری هەن. ئەم شیـعرانەی، هێندێکیـان بە جیـا و هێندێکیـان لـە دووتوێی کتێبـەکانیدا نووسراون. هێندێکیـان لەوانی سـەربەخـۆ و بە جـویّ نووسـراون. نوسـخـەیەکی لە کـۆمـەڵە ژمـارە ١٨٨٨ ی ئەسعەد ئەفـەندیدا پارێزراوە. ئیدریسی بدلیسی، جگە لەو چامانەی بە نێوی «بەهارییە» و «خەزانییە»وەی نووسیون، ئەو چامانەی بۆ سوڵتـان سەلیم پاشا یان مستەفا و داوود و ئیسکەندەری گوتوون، فرە بە نامێن. بە نموونە: پاژی هەڵبەستێکی دوو بەیتیی ٢٧٠٠ دێرە بەیتی، لەمەڕ سەربووره و هەڵسوکەوتی دووا سـوڵتـان، سـوڵتـان سـەلیم یاوز، لـە «هشت بهـشت»دا هۆنیـوەتەوە، نموونەگەلی شیـعری دیی شیعری ئیدریسی بدلیسین. بێ لەمە لە پاری دەروو (مدخل)ی کتێبی «قـانوونی شـاهەنشـاهـی» یەکەشـدا، دە پەسنی پێـغەمبـەر (د)دا «نعت شریف»ی هەیە.

هەرچی نامەکانی وین، ئیدریسی بدلیسی، نامەگەلێکی سیاسی مێژووینەی بەرچاوی نووسـیون. پاژێکی مـەزنی، لەوان نـامـان، کو ژبۆ گرەگرێن مـەرییا دەوڵەت و کارگێڕ و هەمەکارانی ناوداری نووسیون، دە پاڵ شیعرەکانیدا لەو کۆم و کەشکۆلانەدا هاتینە پاراستنێ:

٧ – ١: قەسائید و مونشەئات و موراسەلات

ئەم کتێبە، کە لە کتێبخانەی سولەیمانییە، لە بەشی ئەسعەد ئەفەندیدا، بە ژمارە ٣/١٨٨٨ هەڵگیـراوە، ئەو چامـە و نموونە دیوان و نامـەیەیان تێدایە کـە ئیدریسی بدلیسی لەمـەڕ پادشـایان و گەورە پیـاوان و زانایانی عوسـمـانیی

نووسیون. ئەم نوسخەیە کە محەمەدی کوڕی بیلال، لە ساڵی ٩٥٢ک/ ١٥٤٦ز دا بەخەتی نەستەعلیق لەبەری گرتووەتەوە، بە فارسی نووسراوە.

٧ – ٢: مجموعة‌ء منشآت

ئەم کتێبەش، ئەوان نامانی دە دوو توێیدا نووسراون و لە نێوان سوڵتانانی ئاق قۆیونلوو و قەرە قۆیونلوو و تەیمووریيان و عوسمانییان (بایەزیدی دووەم و یاوز سەلیم) و هیندستاندا، لە چارێکی دواییی سەدەی ١٩ و لە نیوەی یەکەمی سەدەی ٢٠دا ئاڵوگۆڕ کراون. بەشێکی گەورەی ئەم نامانە، دەگەڵ ئەوەکانی دیکەدا ئی ئیدریسی بدلیسین، هێندێکیشی ئی ئەبولفەزل محەمەد ئەفەندین. ئەم کۆمە نامانە بە فارسین و دە کتێبخانەی زانستگای (ئەستەنبۆڵ)، لە پاژی دەسنووسە فارسییەکاندا، بە ژمارە ٩٠٦ تۆمار کراون.

٧ – ٣: المنشآت

ئەم کتێبە ئیدریسی بدلیسی، لەمەڕ هونەری ئینشانووسی و بەلاغەت ئارایی، بە زمانی تورکییە. جگە لەمەش، بڕێ نامەی دیکەشی بە تورکی تێدایە. کتێبەکە لە کتێبخانەی سولەیمانییە، بە ژمارە ٣٨٧٩ تۆمارکراوە. لە دووا پاری کتێبەکەدا بڕێ نامەی دیکەشی، کە پاشانەکێ نووسراون و ئی ئیدریسی بدلیسی نین، هەن. دوور نییە ئەبولفەزل محەمەد ئەفەندیی کوڕی بن.

بێ لەمانە، بڕێ نامەی بە ژمارە ١٩١٩،٨٣٣٣ / ٣.٢.١ تۆمارکراو لە بەڵەد (قەڵەوز)ی ئارشێوی تۆپ قابوودا پارێزراون، ئی ئیدریسی بدلیسین. ئەمانە، ئەو نامانەن، کە بدلیسی بە فارسی، بە خەتی خۆی، بۆ بایەزیدی دووەم، یاوز سەلیمی ناردوون.

پاشانەکێ، دەبێ ئەوەهێش ڕوون کەینەوە، کە ئیدریسی بدلیسی، جگە لەم کتێبانەی، بۆ خۆی نووسیونی، بە گۆتنی ئەوڕۆ، دەخزمەتگوزاریی میرزایی (ئەدیتۆر)یشدا دەستێکی باڵای هەبووە. ئیدریسی بدلیسی، شیعرەکانی

نەجمەدین مەسعوود و قازی عیسای، لە زانایانی ئاق قۆیونلووان، بە جیاجیا کۆکردووەتەوە و هەریەکە دیوانێکی بۆ سەروبەر ناون[٩٠].

## ٨ - ڕیزبەندیی کرۆنۆلۆجیکی کتێبەکانی

تا ئیمڕۆکانە، کتێبەکانی ئیدریسی بدلیسیمان، بە پێی هاوسەروکارییان دەگەڵ زانایان و مێژوونووساندا ڕیزبەندی کرد. بە پێی ئەو کتێبە کلاسیکە بیۆگرافیک و کۆمەڵە بیبلیۆگرافییانەی بەسەرمان کردوونەتەوە، توانیمان ئەوە بچەسپێنین کە ئیدریسی بدلیسی، بە شیعر و نامەکانیشیەوە، ٢٨ دانە کتێبی هەن. تا ئەوڕۆکە، بەش بەزانیاریی ئەوڕۆمان بەرچاومان نەکەوتوون، لەبەر هەندێ، بە ونبوو لەقەڵەم دەدرێن. هەرچی ٢٠ەکەی دیکەیانە، لە کتێبخانە جۆراوجۆرەکانی دنیادا پارێزراون. دە پێشدا کتێبە بەدەست گەیشتووەکانی، بە پێی سەروەختی نووسینیان ڕیزبەندی دەکەین.

٨ – ١: ئەو کتێبانەی کە هەن:

١– رسالة خزانیة: بەمەزەندە، ئەمە یەکەم کتێبی ئیدریسی بدلیسییە و بە لێبڕانەوە، دەتوانین بڵێین پاش ١٤٧٨ نووسیویە.

٢– **رساله بهاریه، یا ربیع الأبرار**: بەو پێیە، کە لە دوادوای سوڵتان یەعقووب نووسراوە وا دەکا، کە لە دەوروبەری ٢٤٩٠دا نووسرابێ.

٣– **مناظرة الصوم والصید**: لە ساڵی ١٥٠٢دا نووسراوە.

**٤– «هشت بهشت»:** لە ساڵی ١٥٠٢دا دەست بە نووسینی کراوە و لە ساڵی ١٥١٢دا تەواو بووە.

**٥– ترجمة و تفسیر الحدیث {الأحادیث – ش . م} الأربعین**: بەو پێیە، کە ئیدریسی بدلیسی، لەپاش تەمەنی ٥٠ ساڵەی، سەروساختی بە بابەتی حەدیسەوە هەبووە، مێژووی نووسینی کتێبەکە، لە سەروکاتی بایەزیدی دووەمدا، لە باش ١٥٠٢ نووسراوە.

**٦– ترجمة و نظم الحدیث {الأحادیث} الأربعین:** ئەمەش هەر لە سەروبەندی بایەزیدی دووەمدا، لە پاش ١٥٠٢ نووسراوە.

**٧- مرآة الجمال:** ئەمەیان لە نێوان ١٥٠٨ – ١٥١٥، لە سەردەمی بایەزیدی دووەمدا نووسراوە.

**٨- حاشية على تفسير البيضاوي:** لەسەوردەمی بایەزیدی دووەمدا نووسراوە. دیاریکردنی کەی نووسرانی ئەم کتێبە ئاسان نییە.

**٩- شرح اسرار الصوم من شرح اسرار العباد:** لە مەککە، لە ساڵی ١٥١١دا نووسراوە.

**١٠- رسالة الأبا عن مواقع الربا:** لە دەوروبەری ١٥١٢دا نووسراوە.

**١١- الحق المبين في شـــرح الحق اليـــقين:** لە ســـاڵانی ١٥١٢ – ١٥١٤دا نووسراوە.

**١٢- مــرآة العــشــاق:** بەمــەزەنە، لە ســەردەمی یاوزدا لە ســاڵی ١٥١٥دا نووسراوە.

**١٣- مناظرەء عشق با عقل:** دیاریکردنی مێژوویکی بۆ چەند و چۆنی کارێکی دژوارە.

**١٤- ترجمة حياة الحيوان:** لە نێوان ساڵانی ١٥١٧ – ١٥١٨دا نووسراوە.

**١٥- رسالة في النفس:** دیاریکردنی مێژوویکی بۆ کێشەی لە کێشدا نییە.

**١٦- قـانون شـاهنشـاهی:** ئەمـەیان دووا بەرهەمی بدلیسـییـە، بەمـەزەنە لە دەوروبەری ١٥٢٠دا تەواوکراوە.

**١٧- سـەلیم نامـە:** ئەمـەش لە دووا بەرهەمـەکانی وییە. تا ١٥٢٠ش هێـمـان تەواو نەکریاوی.

**١٨- قصائد و منشآت و مراسلات.**

**١٩- مجموعة منشآت.**

**٢٠- المنشآت:** ئەمە دوامین بەرهەمی شیعر و نامە جۆربەجۆرەکانی ئیدریسی بدلیسییان تێدا نووسراون. شیعرەکانیش و نامەکانیش لەسەروکاتی جوێ جوێدا نووسراون.

٨ – ٢: کتێبە بێ سەروشوێنەکانی بدلیسی:

هێندێ لەم کتێبانەی ئیدریسی بدلیسی، کە نیسبەتیان ئەباڵ خۆی دراوە و

هێندیکیـان، بـه لێـبـڕانەوه بە ئـی وی زاندراون، هێـژ وەدەست نـەکـەوتوون. نێـوەکـانیـان دەزانـین، لێ بەلێ تـا نـهـۆ دە هیچ پەرتـوکـخـانەکـێـدا ئـەم وانا نەدیتینە.

**٢١- شرح حاشیةء تجرید.**

**٢٢- بەربەرچدانەوەی ڕافزییان (شیعة).**

**٢٣- الكنز الخفي في بيان مقامات الصوفي.**

**٢٤- تحفهء درگاه عالی.**

**٢٥- شرح فصوص الحكم.**

**٢٦- شرح الخمرية.**

**٢٧- شرح منظومه گلشن راز.**

**٢٨- رساله در اباحهء اغانی.**

ئیدریسی بدلیسی

# بەشی سێیەم

# شەخسیەتی ئیدریسی بدلیسی

لەمپارەدا، دەکۆشین لە شەخسیەتی سیاسی و زانستانەی ئیدریسی بدلیسی بە جوێ جوێ، بە کورتی بدوێین و خۆ لە خزمەتگوزارییەکانی وی و ئەوی وەسەر خەرمانی سیاسی و زانستی عوسمانییانی ناوە تێ گەیەنین.

## ١- شەخسیەتی سیاسیی بدلیسی

شەخسیەتی سیاسیی بدلیسی، چ لە گۆشەنیگای یارا و بەهرەی سیاسی، یا لە گۆشەنیگای خزمەتگوزاریگەلێکی لەم مەیدانەدا پێشکێشی کردوون، کە دەدوێین و دەنرخێنین، شەخسیەتێکی سیاسیی گەورەمان دەپێش زەوق و زۆپ، قوت دەبێتەوە. وەدەستهێنانی شەخسیەتێکی سیاسیی لەو جۆرە، بەش بەحاڵی ئیدریسی بدلیسی، دوو هۆکاری هەن. یەکێکیان، بابی لە دەرباری ئاق قۆیونلوواندا خزمەتگوزارێکی هەمەکارە بووە، ئەوی دییان، بۆ خۆی، لە تەمەنی لاوێنیدا، چوون باوی، هەر لە دەرباری ئەو دەوڵەتەدا وەزیفە و کاری سیاسیی گەورەی بەرەوڕوو کراوەتەوە. ئیدریسی بدلیسی، وەک لە بەرترەوە ڕوونمان کردەوە، یەکەم وەزیفەی ڕەسمیی لە ساڵی ١٤٧٨دا، یا پاش ئەمە، بە مونشێتی (میرزایەتی)ی سوڵتان یەعقووبی ئاق قۆیونلوو، لە تەورێز، دەست پێ کردووە، لە دەرباری ئەو دەوڵەتەدا ئەرکی دیکەی دەستۆی خۆ گرتووە و تا لە ساڵی ١٥٠١دا، لەنێوبرانی بە دەستی سەفەوییان هەر درێژەی بە خزمەتیان داوە. لە پاش سوڵتان یەعقووب، سوڵتان ڕۆستەم و ئەلوان بەگی جێنشینیانیش لە سۆنگەی کارامەیی و ژیهاتوویی سیاسییانە و سەربازانەی وی، دەستی ڕێزیان لێ ناوە و دە کاروباری گرینگی دەوڵەتدا پرسیان پێ کردووە. ئیدریسی بدلیسی، وەک لە پێشترێ ڕوونمان کردەوە،

نزیکەی بیست ساڵێکی دە خزمەت دەوڵەتی ئاق قۆیونلوواندا بەسەر بردووە.

درخشانەوەی شەخسییەتی سیاسی و سەرکەوتنە بلیمەتانەکانی ئیدریسی بدلیسی، لە دەرباری عوسمانییاندا، لە سەروبەندی سوڵتان یاوز سەلیم خاندا بەدیار کەوتووە. ئیدریسی بدلیسی، چ لە بەجێهێنانی ئەرکەکانی سەرشانی بە سەرکەوتنی گەورەوە و چ بەو کتێبانەی دەو مەیدانەدا نووسیونی ئەوەی بە خەڵک سەلماندووە، چ شەخسییەتێکی سیاسیی مەزن بووە.

ئەوەی دەگەڵ سوڵتان سەلیم یاوزدا و سیاسەتی خاوەر و خاوەری باشووری ئەنەدۆڵێی جارِدا و ڕوون کردەوە، ئیدریسی بدلیسییە، بدلیسی لەو میعمارییانەی ئەم سیاسەتەیە. هەر دەسای سیاسەتی ئاقڵانەی ئیدریسی بدلیسی بوو، پاش برِانەوەی شەڕی چاڵدێران، ئەم وڵاتانە، سەرلەبەر وەسەر فەرمانڕەواییی عوسمانی خراون و دیاربەکری بۆ کراوە بە پێتەخت و فەرمانڕەواییی دەقەبەڵ کراوە. هەروەک لە پێشترێ ڕوونمان کردەوە «قازی ئەسکەریی عەرەب و عەجەم» کە قازی ئەسکەری سێیەم بوو، لە ساڵی ١٥١٦دا، لە دیاربەکر دامەزراوە و بە ئیدریسی بدلیسی سپێردراوە. بە خەبات و کۆششی ئیدریسی بدلیسی، دە ساڵی ١٥١٨دا، دەفتەرداری (دەفتەرداری تەحریر)ی دیاربەکر و ناوچەکە، دامەزراوە و تەحریری تەواوکراوە و پێرِۆی بنواشەکیی کارگێڕیی بەدیارخراوە، ئیدی بەم ئاوایە، یاوز بە تەواوەتی پشتی بەسەر ڕاستی و خزمەتگوزاریی دڵسۆزانەی بدلیسی لە حەن دەوڵەت بەستووە و ئەوپەڕی دەسەڵاتی داوەتێ. سوڵتان سەلیم یاوز سەرلەبەری ڕا و بۆچوون و ئامۆژگارییە سیاسی و سەربازییەکانیی، بێ سێ و دوو و دەقاودەق پەسەند کردووە و چۆنی ویستووە، بەگوێی کردووە. تەنانەت هەر ئیدریسی بدلیسی بوو، پاش لە شەڕی چاڵدێران گەڕانەوەی، سوڵتان سەلیمی خستووەتە سەر کەڵکەڵەی ئەوە، کە دەبێ ویلایەتە گرینگەکانی وەک دیاربەکر و ماردین وەسەر قەڵەمڕەوی دەوڵەتی عوسمانی خرێ، چون ئیدریسی بدلیسی لەو باوەڕەدا بوو، کە ئەگەر ئەم وڵاتە هەروا لە ڕکێفی

دەوڵەتی سەفەویدا بمێنێتەوە و لێیان داگیرنەکرێ، ئەم دەوڵەتە هەمیشە دەست لە کاروباری سیاسیی نێوخۆی ئەم وڵاتە وەردانی هەر بەو ئاوایەی پێشوو پێوە دەچێ و بەردەوام دەبێ و زەفەر و سەرکەوتنی سوڵتان دەشەڕی چاڵدێراندا دەبێ بە کارێکی بێ مانا. بدلیسی بێ لەمە، لەوەهێش گەلەک دڵنیا بوو، کە ئەوە کارێکی سانا و بێ گرێ و گۆڵە؛ چونکە خەڵکەکە، کە زۆریان سوننی مەزەب بوون، دەبن باندووری فەرمانڕەوا شیعە مەزەبەکاندا مانەوەیان پێ ناخۆش بوو و ملیان بۆ نەدەدا. ئیدریسی بدلیسی ئەم هەلەی قۆزتەوە و وەک سەرکردەیەکیش و مینا پیاوەکە سیاسەتیش، هەڵپە و چالاکییەکی لە توانست بەدەری بە خەرج دا و یەکیەتیی ئەنەدۆڵێی، کە خەون و ئایدیاڵی یاوز بوو، بەدی هێنا. بدلیسی بۆ خۆی دەگەڵ یاوزدا، لەسەرلەبەری بزوتنەوەکانی وڵاتگریی ئەم وڵاتانە تێ هەڵچوو و میسری لە چەنگاڵی فەرمانڕەواییی کوێلەمەندان دەرێنا و دەقەبەڵ عوسمانییانی کرد و بەم کارە دەورێکی بەرفراوانی گێڕاوە و یاوزی فێرە ئەوە کرد، چۆن کاروباری ئەم وڵاتە تازە بە عوسمانییەوە گیرساوانە بگێڕێ و لەسەر چ دۆز و پێڕۆیەک بڕوا. هەر دە بەریانی ڕۆژنامەکانی ویدا، دۆزێکی پڕوپوختەی وڵات بەڕێوەبردنی جێبەجێ کردووە. کاتێکی سەرپاکی خزمەتگوزارییە سەربازی و سیاسی و سەرکەوتنەکانی ئیدریسی بدلیسی وەپێش چاو دێخین، دەتوانین نێوی «یاوزی دووەم» ببەین، چون ئولگوی یاوز ئولگوی ئیدریسی بدلیسیش بوو، واتە: یەکگرتنێکی ڕوختە و بەهێز دەبەرابەر گەف و هەڕەشەی سەفەوییان، کە تا دەهات پتر پەرەی دەستاند و گەورەتر دەبوو و، جیهانی ئۆلی سوننییەتی دەخستە مەترسییەکی گەورەوە، دەبوو دامەزرێ و دەستە جڵەوی ئەو یەکگرتنەش وەدەست دەوڵەتی عوسمانی، کە بەرەبەرە گەورە دەبوو بدرێ. ئەم ئولگوەش بە ئەندازەیەکی بەرفرەوان بەدیهێندرا، ئەگەر یەکێ لە دوو میعماری ئەو دەوڵەتە یاوز بێ؛ بێ لام و جیم دووەمیان ئیدریسی بدلیسییە.

## ٢- شەخسیەتی زانستانەی وی

ئیدریسی بدلیسی هەر بەو ڕادەیەی کە شەخسیەتێکی سیاسی و سەربازەکی بوو، هەر بەهەمان ڕادەش شەخسیەتێکی زاناش بوو، بەڵان ئەوەندە هەیە، ئێمە ئەوڕۆ توانی ئەوەمان نییە شەخسیەتی زانستانەی وی بە تەواوی مانای وشەوە هەڵدەینەوە و سەرلەبەری خزمەتگوزارییەکانی لە پای مێژووی زانستپەروەریی عوسمانییاندا بژمێرین و بە شان و باهوویاندا هەڵبڵێین. ئەمەش هۆکاری هەرە سەرەکیی ئەوەیە، کە کتێبەکانی بەسەرپاکی بڵاو نەکراونەوە و چی وایان لەسەر نەگوتراون و هێشتا زۆری پاخوایە و شەنوکەو نەکراون، جا هەر لەبەر هەندێیە، بەخشتی هەڵسەنگاندن و نوخاندنیان، کارێکی لە کێش بەدەرە، پێم وایە تەنیا بەدیارخستنی ژمارەی کتێبەکانی و چۆن دە مەیدانەکانی زانستی جۆربەجۆردا، لە بژیشکیڕا بۆ سیاسەت، لە فەلسەفەوە بۆ تەفسیر و لێکدانەوەی قورئانی پیرۆز خامە ئارایی کردووە و ئەمە بۆ خۆی گەواهیی ئەوەی بۆ دەدا، کە چ شەخسیەتێکی زانای مەزن بووە، ئەدی ئەوە نییە خواجە سەعدەدین فەرموویەتی: «پیاوێ بوو، خامەی زۆر وەستایانە دەکار دەبرد و لەو مەیدانەدا سەڵەف سەڵەفێنی تێدا دەکردن، تاک و یەکەتازی سەروبەندی خۆی بوو»[٩١] دەی با بەش بە حاڵی ئەو هەندکۆکە زانیارییەی ئەوڕۆکەمان هەوڵ بدەین، لایەنە جۆراوجۆرەکانی شەخسیەتی زانستەکیی ئیدریسی بدلیسی شی بکەینەوە.

٢ – ١: مێژوونووسیی وی

ئیدریسی بدلیسی ئەوڕۆ پتر وەک مێژوونووسێ نێو براوە، هۆکاری ئەمەش ئەوەیە، کە برێ مێژوونووسی نوێباو، لەسەر کتێبەکەی «هشت بهشت»یان، کە لەمەڕ مێژووە، وەکوڵیوە، ئیدریسی بدلیسی مێژوونووسێ نییە، لەمەڕ مێژووناسی بیروباوەڕی زۆر نوێی هێنابێتە گۆڕێ. ئەو هەر هێندەی پەرژاوە هاوبەشیی، بە تایبەت لە مێژوونووسیی عوسمانیدا، هێندێ شتی ڕواڵەتانە بکا. هێندێ ئەم هاوبەشییە بە ڕواڵەتەیان پتر بە کارێکی نەرێنی (سلبی)

نرخـاندووه و پێش هەمـوو شـتێ، دەسـتـووری مێـژوو بە فـارسـی نووسـینی ئیدریسی بدلیسیی ترنجاندووەتە نێو مێژوونووسیی عوسمانییەوە. پێش سـەروبەندی وی کـتـێـبی مـێـژوو بە تورکی و با کـەمـیش بێ، بە عـەرەبی دەنووسرا. بەڕاستی مێژوو بە فارسی نووسین لە ئیدریسی بدلیسیڕا دەستی پێ کردووە. دووەم ئیدریسی بدلیسی ئەدەبیاتیشی ئاخەنیوەتە نێو مێژووەوە. ئەو کتێبە مێژووییانەی پێشـترێ نووسـراون بە شـێوازێکی سـاکار و پەتی دەنووسـران، ئیدریسی بدلیسی مێژووی بە شـێوازێکی خەست و بە بەزەک و دۆزەک نووسیوە، لەمەڕ ئەمە گوتراوە بەڕاستی هەشت بەهەشت، هەروەک لە ڕووی مێژوونووسییەوە شاکارێکە بۆ خۆی، هەروەها لە باری ئەدەبیشەوە پلە و پایەیێکی جوێی بۆ خۆی پڕاوپڕ کردووە، بدلیسی بێ لەوەی زانایەکی زەریا بێ پەیی سـەردەمی خـۆیەتی، هەر بەو ئەندازەیە لە دە نووسـینەکـانیـدا بە زۆرەوە، ئەوەی بە خەڵک سەلماندووە، کە ئەدیبێکی بەهادار و درەخشانە.

ئەم خەسیەتەش بەڕادەیەک دەگا، لە هێندێ جێیان بەشەکانی ئەدەبیات هێند درێژ دەبنەوە، ڕووداوەکـانی مـێـژوو وەبەر سـێـبـەر دەخـەن... تەنانەت سەعدەدین، کە لاسایکەرەوەی سەرڕاست و کوتومتی وییە، لە زێدە بەزەک و دۆزەک ئارایی و زێدە ڕازاندنەوەکاری سەراییدا، کە دەگاتە ڕادەی سەبک و شـێـوازی بەگرێ و گـۆڵ، بە گلی و گازنـە، سـەرەڕای وەش کێ دەڵێ بدلیـسی سەر مەشقی شێوەنووسیی زەریفی عوسمانیی بە تەرزی ناسک، ڕاستەوخۆ، خۆی دای نەداوە؟(٩٢).

سـێـیـەم، ئیـدریسی بدلیـسی، لە گـێـڕانەوەی ڕووداوە مـێـژووییـنەکـاندا کۆشیویە، بەوپەڕی بێ بەندیواری و ڕەهاییەوە، بە پێی ڕەوتی مێژوویینە و کـرۆنـۆلۆجـیک هەنگاو هەڵێنێ، دیارە مـێـژوونووسـان، هەر لە کـۆنەوە، دەگێڕانەوەی ڕووداوگەلی دیرۆکییانەدا، تا ڕادەیەک دووابەدوا یەکدی هاتن «کـرۆنۆلۆجـیک»ی ڕووداوەکـانی مـێـژوویان ڕەچاو دەکرد، وەلێ ئیـدریسی بدلیسی دەگێڕانەوەی ڕووداوەکانی مێژوودا، بڕوای بەوە ئەستوور بوو، کە ئەو ڕووداوانە دەگەڵ یەکدیدا هاوپێوەندن و بەو تەرزە لەسەر وتووێژکردن و

وردکـردنەوەیان کـارێکی ناچارییـە و دەبێ هەرواش بێ، ئەمــەش لە هـەشت بەهەشت و سـەلیم نامـەکـەیدا تایبـەتکارییـەکە، لەو کـتێـبانـەدا جێبـەجـێی کردوون. محەمەد شـوکری، لەم ڕووەوە لە باسی هەشت بەهەشتدا بەو جۆرەی دیاردی بۆ کـردووە: «دە کـاتێکدا کـتـێـبـەکـە، چل سـاڵ بەسـەر نووسـینیـدا دەگـوزەرێ، بێـتـو تێکەڵ و پێکەڵی و کەمـوکـووڕیی زانیـارییـەکـانی سـەر بە دامەزراندنی دەوڵەتی عوسمانی دەپێش چاو بگرین، هـەشت بەهەشت تا بڵێی بە دڵوداو و بـە پەرۆش و ئەوەندی کـرابێ، دەتەرزێکی سـاڵنامــەی ڕێکوپێکدا بەرچاو دەکەوێ...»(٩٣) ئیدریسی بدلیسی هەر بەو ڕادەیە یەکەم ڕووداونویس (وقعەنویس)، واتە: یەکە مێژوونووسێکە، کە نووسـینی مێژووی عوسمـانییانی بە ڕەسمی دەستۆ خراوە.

٢ –٢: شاعیریی وی

ئیـدریسی بدلیـسی، چ سـەربەخـۆ، چ لە دوو توێی چەندین کـتـێـبـیـدا نووسـراون، شـیـعـرێکی زۆری هەن، ئەمـانـە شـیـعـرێلێکن دە تەرز و شـێوازی چامــە و دوو بەیتـدا نووسـیـریاگن. لەلایەن ڕەنگ و ڕوو و شــەقڵ و مــۆرکی تێکڕاوە، شـیـعـرەهایەکن، مـەشـقدادەر و فـێرەکـییـانەن، دیدەکتـیکییـانەن، شـیـعـرەکانی تێکڕا ڕیالیزمـییـانەن، بابەتەکانی پتـر مۆتیڤ و بزوێنی مـێژوو ئایانانەی جۆراوجۆرن، دە هەڵبـەستنی شیعرەکانیدا کێش و عەرووزی هـەمە ڕەنگەی دەکار بردووە.

زۆرینەی شـیـعـرەکـانی دەبەرچاو بگرین، دەتوانین بـە شـاعـیـرێکی گـەورەی ئەوتـۆی نێــو بەرین، کـــە لە ناخـــەوە بەدەنگ هاتووە، بـەڵام لە گـۆشــەنیگای وەستایەتییەکی، دە شیعردا ڕەچاو دەکرێ، دەتواندرێ بە شاعیری پلە دووەم، نەک پلە یەکەم بژمێردرێ، بە نموونە: فوزوولییەک، سەعدییەک، یا حافیزێ: یا یونس عەمرەیەک نییە.

٢ – ٣: خۆشنووسیی وی

وێڕای وەش ئیدریسی بدلیسی لە هونەری خۆشنووسی ئاراییدا کە لکێکی

هونەرە بە دەوەکانە بە خۆشنووسێکی چینی یەکەمی گەورە لە قەڵەم دەدرێ. بدلیسی، نەخوازە دە خۆشنووسێکی دیوانی، سولس، تەعلیق و سیاقەتدا ئوستادێکی زۆر زەبر بەدەست و بەهادار بووە[٩٤]. هەروا لە هونەری ئینشانووسیدا، دەکرێ بڵێین وێنەی لە نێوان فارسی نوویساندا نەدیتراوە[٩٥]، بەدەم باسکردنی کتێبەکانیەوە، وەکو لە پاژی دووەمدا گوتمان، کتێبێکی بە تورکی نووسراوی، بەسەرنامەی «المنشآت» هەس، لەوڕا، کو ئیدریسی بدلیسی هونەرمەندەکە، خوە بە ئالییا تیئۆریکی ئو پراکتیکی یا هونەرا خووشنوویسیڤە مژوول کرییە، هونەرمەندەکە بەرچەعڤە.

٢ - ٤: ئالیا فەیلەسووفاتییا وی

بەش بەوەندە زانیارییانەی دە بەردەستماندان، ئیدریسی بدلیسی وەک فەیلەسووفێکی تەواو عەیار و بە هەموو مانای وشەی فەیلەسووفەوە، وا بەرچاو ناکەوێ، فەیلەسووف بێ، بەڵام خۆی، خاسما بە پرسێن میتافیزیک سەر گەرم کردووە و دەبارێکی ئەندێشەمەندیی وادایە پیاوێکە لایەنی فەیلەسووفانەی پێوە ئاشکرا دیارە. لەم پرسە میتافیزیکانەدا، نەخاسمە هەوا خوازی ئۆلی ئیبن سینا و بیروباوەڕی ئەم ئۆلەی دەبەرگرتووە. بەم بەریانەوەی، دە مێژووی بیری عوسمانیدا خزمەتی ئیبن سینا گەرایی کردووە. لە سۆنگەی ئەوەی کتێبە بە ماهییەت (چییەتی) فەلسەفییەکانی، کە بەداخەوە، هێژ نەبوون بە بابەتی باس و لێوەتۆژین بۆ هەنووکە لە بارێکی وەسادا نین بکارین بێژین ئیدریسی بدلیسی لە شیکاریی پرسە فەلسەفییەکانیدا بیروبۆچوونی تایبەتکاری هەیە، یانا؟! بەڵێ، وێڕای وەش، دەکارین ئەمە بدرکێنین کە پێوەچوون و نەبڕانەوەی کزی و دانەکزیی وەلای فەلسەفەدا مەیلبزوان و هاوسەرکارێتیی وی، نەک تەنیا لەکن عوسمانییەکان، بگرە لەسەرلەبەری دنیای ئیسلامەتیدا هەمیشە بەرەو کزی و کاستی دەچوو، هاوسەروکاریی ئیدریسی بدلیسی دەگەڵ بابەتە فەلسەفییەکاندا تایبەتییەکی گرینگە.

٢ – ٥: بەریانی سۆفیگەرایی وی

یەکێ لەو بابەتانەی ئیدریسی بدلیسی خۆی پێوە سەرگەرم کردووە و دەگەڵیدا زۆر هاوسەروساخت بووە سۆفیگەرایی‌یە. هەروەک دە پێشتریدا ڕوون کرایەوە، پێمان وایە، ئەوەی دەبن کاریگەرییەکی فرە گەورەی بابیدا بۆ بە میرات ماوەتەوە؛ چون بابی سۆفییەک بوو، زۆر بە ئۆل و ئێکۆلی سوهرەوەردییەوە پێبەند بووە، هەمدیس مخابن لەوڕا کو هێژ دەربارا کتێبێن وی ئێد سۆفیگەرییێ، کو کەسەکی نە پەرژایتە ڤەکولینا وان.

ئەم هێندە بێژین، کو ڕەنگە بابەت و سەرناڤێ کتێبەکانی وی لەمەڕ سۆفێتی کێلەڕێیەکمان لە مەیل بزوانی بەلای سۆفێتیدا، دەپێش قوت کاتەوە و شتێکیان لەم ڕووەوە لێ هەڵکرێنین. بدلیسی زۆر هەواخوازی ئیبنولفاریز و ئیبن عەرەبی و محەمەدی شەبوستەری بووە، لەبەر ئەوە ئێمە وای لێ حاڵی دەبین، بدلیسی مەراقی داوەتە ئێکۆلی یەکێتی بوون (وەحدەتی وجود) تا ئۆلی سوهرەوەردییە و خەلوەتییە، کە ئیبراهیمی گوڵشەنی دایمەزراندووە و بدلیسی بۆ خۆی دەگەڵیدا هاوسەروکار بووە.

مەلا ئیدریسی بدلیسی نەک لەگەڵ لایەنی ڕێبازی سۆفێتی، بگرە لەگەڵ لایەنی تیئۆریکی میتافیزیک (میتافیزیک – تیئۆریک)دا پتر هاوسەروساخت بووە، دەگەڵ وەشدا کە هێمان لە لێک جیابوونەوەی بیروبڕوایەکی نەگەیشتووین، دەکارین زۆر بە ڕەهاییەوە بێژین ئیدریسی بدلیسی سۆفیگەرا بووە و دە خەتی دوکتۆرینی یەکیەتیی عوسمانیی بوون (وحدة وجود)ی ئیبن عەرەبیدا بووە، بە تایبەتی پاش وەی سۆفییەکی عوسمانیی وەک داوودی قەیسەرییانی (مر: ١٣٥٠) چەمکی بەرزی سۆفیەتیی یەکیەتیی هەستیی (وحدة وجود) لە ئەنەدۆڵدا بڵاوکردەوە، یەکسەر، سەرلەبەری ئاوەزپەروەران (عقلانیون)ی وەکو بدلیسی ئەو ڕێبازە سۆفیەتییەیان دەبەرگرتووە و تا ئەوڕۆکە درێژەیان پێ داوە[٩٦].

٢ – ٦: لایەنی مەلایەتیی وی

ئیدریسی بدلیسی دەگەڵ زانستەکانی ئاینیشدا، نەمازە دەگەڵ فەرموودەکانی پێغەمبەر (د) و لێکدانەوەی قورئانی پیرۆز و شەرعدا زۆر لە نزیکڕا هاوسەروکار بووە.

بدلیسی، وەک دەفامرێتەوە، کە دەمەیدانی ئەو زانستانەدا کتێبی زۆری نووسیون و زۆری تێدا قووڵ ڕۆچوون و بە داشکاوی و ڕوون لە زۆر کێشە و گرفتی ئەو زانستانەی وەکۆڵیبوون... ئەوەی سرنج کێشە، لەم زانستانەدا بە باری عەقلانی و ئاوەزپەروەرییەوەی بیر کردووەتەوە و ئاخاوتووە؛ چونکە دە تاوتوێکردنی ئەوان کێشاندا لە نیگای ئەو زانیارییانەی لە کۆنەکانڕا ڕادەگوێزرێن، شتان کوێرانە ڕاناگوێزرێ، بگرە لە هێڵەکێکی ڕەخنەگرانەیان دەدا و ئەوانی ڕاستن دەیانکا بەدەستەک و دەسپێچکی خۆی.

وای لێ دەفامرێ لە چارەسەرکردنی کێشە زانستەکییەکاندا بە بارێکی ڕیالیستانە و لێبرالیستانەدا دەنۆڕێتە شتان.

٢ – ٧: لایەنی زانستی هونەر

لە پێشترێ باسی ئەوەمان کرد، کە ئیدریسی بدلیسی دەگەڵ هونەر، یا زانستە ئەرێنییەکانشدا سەروکاری هەبووە و کتێبانی لەم بارەیەوە نووسیوە. کە دەنۆڕینە ئەو جۆرە کتێبانەی، بە ڕاستی ئەم پیاوە بیروبڕوای تایبەت بە خۆی نین، لەبەر ئەوە ناکرێ بە پیاوێکی زانای سەرکەوتوو، یا بە زانایەکی ئەرێنی (ایجابي) لە قەڵەم بدرێ، بەڵام وێڕای وەش، لەبەر وەی دە سەروبەندی خۆدا ئەو زانستانەی بە زیندوو ڕەچاو کردوون و بۆ ئەمەش، ئەرک و کۆششێکی لەم بارەوەی بە خەرج داوە، دەبێ بە چاوی قەدرزانینەوەی بنۆڕینێ.

دەتوانین وەک دوا ئاکام لەمەڕ شەخسیەتی سیاسی و زانستانەی ئیدریسی بدلیسی ئەمە بێژین: ئیدریسی بدلیسی پیاوێکی زۆر بە دەگمەن هەڵکەوتووی سیاسەت و زانستی سەدەی ١٥هەمە، بدلیسی شەخسیەتێکە، چ بە

کتێبەکانی و چ بە خزمەتە بە کردەوەکانی زۆری وەسەر خەرمانی سیاسەت و زانستی تورک خستووە، زۆربەی زۆری کتێبەکانی و دەگەڵ ڕشتە جۆراوجۆرەکانی زانستدا هاوسەروکاریی وی، ناوونیشان و دەنگ و ڕووی زانایەکی ئەنسیکلۆپیدیانەی پێ ڕەوا دیتووە، بدلیسی ئەندێشمەندێکە، کتێبەکانی، بیروباوەڕ و دیدوبۆچوونەکانی هەڵدەگرن زۆر لێوەکۆڵین و لێوردبوونەوەی نوێ و فرەلایەنیان لەسەر بکرێن و بە هەویای وەین لێوەتۆژی نوێ پەیدا بن، ئەندێشمەندێکی وا، بەربڵاوترانە، دەبەر ڕۆژێ ئێخرێ.

بەڕاستی ئێمە نیازمان وا نەبوو، بیروبۆچوونەکانی ئیدریسی بدلیسی یەکەیەکە و بەلک و چڵەوە لەمەڕ گەلەک بابەتان لەم کتێبەدا وردکەینەوە و لێک دەینەوە، ئەسڵەن هەر نەشمان دەتوانی و لە کێشی مەدا نەبوو؛ چون دەبێ لە پێشدا کتێبە دەستنووسەکانی وی، کە پەڕاگەندە لە گۆشە و کەناری پەرتووکخانان ئاخندراون، خڕکەینەوە و کاریان لەسەر بکەین و بۆ لە چاپدانیان تەیارکەین، ئەمەش کاری پشووی درێژی گەرەکە.

# بەشی چوارەم

# پاشکۆیەکان

هەڵوژێردە لە کتێبی سەر بە بابەتی سیاسەت و ئاکار
بیروباوەڕی ئیدریسی بدلیسی لەمەڕ ئاکاری سیاسی و کارامەیی

ئیدریسی بدلیسی لە بەشی دووەمی کتێبی «قانون نامەء شاهنشاهی»دا کە دە تەرز «نصیحة الملوك»ی نووسیوە، بە پێی چەمکی سیاسەتی سەردەمی خۆی لەمەڕ وەی کۆڵیوە، پیاوی دەوڵەت و کارگێڕانی چۆن دەبێ وەهەر (خاوەن)ی ئاکارێکی سیاسی و کارامەیی بن. وا لە خوارێ تەرجەمەی ئەم بەشەتان عەرزی خزمەت دەکەین:

## بەشی دووەم

شرۆڤە و ڕاڤەی ئاکار و سیفەتگەلێکی شایەنی پادشایانن، ئەو ئەردەوە ئاکارییانەی بۆ سەرکردەی سپا و گەل پێویستن، شێوەکانی ئەردەوگەلی گووراندن لە ڕوونکردنەوەی شرۆڤەکانی پێشترێڕا بەدیارکەوت، مرۆ ئەفراندە و گووراوی هەرە شەرافەتمەندی سەرلەبەری ئەفراندانە. مرۆی هەرە وەهەری فەزڵ و ئەردەو لە دنیادا ئەوەیە دە نێوان ئەو گووراو و ئەفراندانەی بەرچاو دەکەون، ببێ بە وەهەر «خێو»ی خەسیەت و ئاکار و رەوشتگەلێ شایانی خەلیفە و سوڵتانن. خەلیفایەتیی خودایی، لە وڵاتی مەمانان‌دا، لەبەر وەی تایبەتی پەیامبەر و باخودایانە، ئەوڕۆکە شاهێتی و سەرکردایەتی لەم دنیایەدا، لە پلەوپایەکانی بایی خەلیفە و سوڵتانانە. وەهەرحاڵ، پیاوی هەرە وەشەرەفی نەتەوەیەک، ئەوێ خاوەنی ئاکارگەلی هەرە وەشەرەفی نەتەوەکەی بێ. پێویستە پێشەواو سەرکردەی هەر کۆمەڵگایەک بە مەزییەتی جوامێری و فەزیلەتی ئاکاری پەسەند و خۆشتڤی بێتە ناسین. پادشایەک، کە بە ڕوواڵەت

دەچێتە سەرتەختی فەرمانڕەوایی، بێتو بە چوونە سەرتەخت، بەڕاستی ببێ بە سەرچاوی تۆقاندن و نەینکی ئاهۆ و خراپە و خراپەکاری و وەک ئەو دێوە ئەهریمەنەی بە نگینی حەزرەتی سولەیمان، کە بە زۆر لێی زەوت کرد، بوو بە خێوی دەسەڵات و کەڵەگا، وەک جانەوەرێکی دڕندە و بەزەرەر و زیانی لی دێ و دەکەوێتە گیانی کۆمەڵگایەک دەقەفەسی دیلیدا کۆت و زنجیر کرابێ.

شیعر:

پێشخزمەتێ نەنوێ شەوێ،
بە زۆر یانەی لێ نەشێوێ،
لەم لا کەس ڕێزت لێ ناگرێ،
لەولاش ڕووزەرد و دڵ وەگرێ

پادشایەکی بەختەوەر، لە سای خاس دروست کریاگی و ئاکار و رەفتار خاسییەوە خواوەند دەس وە باڵییەوە بگرێ و یارییەی وە دەستەک بەزەی خواوەنەوە دەسیش کەفێ، یاریکاریی هەرەچاک خوابیدا و پێناو و هۆی هەرە گەورە، خوا بۆ وە ئارمان گەیشتن وە بەندەی خۆی بوەخشێ، ئەوەیە دەس لە دەس و یارییەی خوا هەواڵ و خەبەرات و کتێو سوتتانە ڕابردگەکانی وەخوێنێ و لێیان وەکۆڵێ و وەدمای دەنگ و ئەحواڵاتی کاروکری خاوەن شان و شەرەفان کەوێ سوودیان لێ وەگیر بێرێ، بێ سێ و دوو سەرئەکەفێ.

بەیت:

پادشایان چ نەبوون، بوون بە خێوی شان و شەرەف،
چ بوون، لە وەرینان فێرە ئاکار و رەفتاری چ بوون

سەرقافلەچییانی وەک پەیامبەران و پێشەوایان و سوڵتانان کە دە ڕێی ئایندا پێشەنگ بوون، بە فەحوای «فەزیلەت و زاڵبوون ئی شەخسی پێشەوایە»(۹۷)، هەمیشە وەپێشکەوتن و سەرکەوتن و لە خراپە چاویان پۆشی و لە سەروبەندی خۆدا وەجەختەوە کاریان کرد. پێشەوای سەرکەفتگ، وەک سوڵتان دەسدریاگ، شایەنی یارییەی خواوەنە. ئەو ئەوێ هەمیشە ئاکاری چاکی زگماکی خۆی دەگەڵ فەرمایشت و ئاسەواری سوڵتانانەدا، کە نیشانەی

حیکمەتن بەراورد بکا و بەوە بکارێ خۆ لە پەستی و کەت و کولی بپارێزێ. دەبێ ئەردەوی پەسەند و ئاکاری پەسندراوی خۆ و کر و کردەوەی وان، مینا پیاڵەیەکی جیهاننوێن. بیر لێ بکاتەوە، لەو شتانەی دەبنە مایەی هەڵە و زەرەر و زیان خۆ بپارێزێ. مرۆ هەر وە تەبیات وا گووراوە، تەیارە وەگوێی هەوا و ئاڵهای نەفسی ئاژەڵانە و دڕندانەی خۆ بکا و هەمیشە هێزی تووڕەیی و شەهوەتی تەبیاتی مرۆیانەی خۆ دەکار بەرێ. هەر ئەوەش بوو، حەزرەتی باوکە ئادەمی لە بەهەشتی هەتاهەتا، وەتەڵەی شەهوەتەوە کرد و لە پلە و پایەی نزیکایەتیی خوای دوور وەخست و دژمنایەتیی ئیبلیسی تەڵەکەباز و خاپینۆک دەگەڵ زاڕووەکانی حەزرەتی ئایەمدا، بە زگماک و هەوزینگی تەبیاتی ئەفراندنی باوە ئایەم، لێرەڕا سەری هەڵداوە. ئەمەش لە قورئانی پیرۆزدا پتر لەوە کە ترساندن بێ، وەک ڕاستییەک وەی مانا بەیان کریاگە: «قال ربي بما أغويتني لازينن لهم في الأرض ولأغوينهم اجمعين»[٩٨]. (سورەتی الحجر، ئایەتی ژ:٣٩). واتە: ئەوانە سەرلەبەریان بێ چەند و چوون تامەتامە دەدەم، مەگەر ئەو بەندانەم کە بە نۆپلەی دڵسۆزی و یەکرەنگی گەییون...[٩٩].

بەیت:

ڕۆژێ، لە وڵاتی ئەدەبدا پیرۆزباییت لێ دەکەم،

ئەتۆ بە مێرانیی خۆ، بەسەر نەفسی خۆدا زاڵ دەبی

کەسێکی لەسەر تەختی سەڵتەنەت و خەلیفایەتی بەختەوەرانە، خۆ لە ئاهۆ درێوەکانی شەیتان ببویرێ و بێ خۆ لە خەسیەتگەلی نەفسانی قوتار کردن، پەنا وەبەر لێبوردەگی و بەخشندەییی خواوەند بوات و لە پای خاسکردنی ئاکارە ڕەوانییەکانی دەسە ڕێشمەی هێزی ئەڵها و ئارەزوو و تووڕەییی وەدەستە خۆ گرێ و وەسەر ڕاستەڕێی پەیامیەر و پیر و خوداناساندا بڕوا و دووای خەلیفە و پێشەوایانی ئاین و ڕۆشنبیران کەوێ، بێگومان پلەوپایەی سەرکردایەتیی، لە پای بڵیندبوونی وی، بەرز دەبێتەوە و شانازیی پێوە دەکا و لە پێناوی بە ئارمانی خۆ گەیین و نیازمەندی وەدیهێناندا دەبێ بەو کەسە، کە خواوەند دەستەبەری دەبێ و دەستەکی لێ دەکا؛ چونکە لە ڕێی ڕاستی

بەختەوەری و ڕەستگاریی ڕێشاندەر و بەهۆی پلەوپایەی بڵندەوە لە گومڕایی قوتاربوون و ڕێی هیدایەت دۆزینەوە بەوە دەبێ، پابەندی فەرمایشاتی ڕێبەرێتیی دەستوورەکانی شاندی و پەیامبەران بێ. سوڵتانانیش دەبێ هەر بەو ڕێیەدا بڕۆن. هەنگین بەو ڕووناکییەی لە چرای زمانی کەسانی خاوەن زانست و ئیرادەوە شەوق ئەداتەوە، بەو ڕووناکییەی لە مۆمی قسەی کەسانی میراتگری کۆڕ و مەجلیسی ویلایەتی پەیامبەرن، بەهەر ڕووناکییەکی لە قەندیلی پەیامبەرێتیی حەزرەتی مستەفاوە (د.خ) شەوق بداتەوە، دەگەینە ڕێگای ڕاست، بەنووری تەفسیر و شرۆڤە و لێکدانەوەی چریسکەداری کۆمەڵگای زانایانەوە بەناز و نیعمەتی هەتاهەتایی دەگەی.

بەیت:

هەرکەسێ پشوویەکی بەڕاستی دەیدا، با یەک پشووش بێ،
لە پشت گـــــزنگی بەرەبەیانەوە دنیـــــایەک دەبینێ.

ئەتۆ بزانە، بنەمایەکی ئاکار و خەسیەتی چاک، کە مەرجی بەدیهاتنی ئەوەیە ببی بە جێنشینی خوا و یارای ئەوەت تێدا بگوورێ و ببی بە سێوەری خوا، دەبێ بە تەواوی پابەندیان بی، گەرچی ئەم ئاکار و خەسیەتانە هەریەکە لە نێو خۆیدا، دەچوار ئەسڵدا کۆبوونەتەوە، وەلێ هەریەکە چەند لکێکی لێ دەبنەوە:

## بنەمای یەکەم

## ئاکاری دەست و داوێن خاوێنی (عفت)

ئەسڵی یەکەم ئاکاری دەست و داوێن خاوێنییە. ئەمە بریتییە لەوە، کە ئاقڵێک، دە قەڵەمڕەوی بوونی خۆیدا، هێزی شەهوەت دەبن حوکمی ئاین و ئەقڵێکی بە داددا سندم کا. واتە: بە ئاوەزی دادیار و شەرع کۆنترۆڵی کا، لە پیاوی خوێندەوار و ڕۆشنبیران ڕوون و ئاشکرایە، کە هێزی شەهوەت لە مرۆدا، هەمیشە بەرەو بەندەگیی سوود و قازانج، بەرە و خواردن و

خـواردنەوەی لە نەوس خـۆش هاتگ تـاو دەدا . بێـتـو دەسـت و داوێن خـاوێـنیی خـاوەن دەسـەڵات، هـەمـیـشـە ڕێی بەرە و شـەهـوەتـپەرسـتـی لێ نەگرێ و زیبک و زاکوونی پاین و پاسـەوانی داد و عـەداڵەت بکا بە پاسـەوانی وڵاتی خـیلافـەت، هـەینێ نەفسـی حـەریس (تەبیاتی فرە وەدنیاوە نووسیاگ)، نەفسی تێرنەخۆر و چڵـێس، هـەرکـە تامی شـەهـوەتـی چەشت، دیارە هـەر وە تـەبیـات دوای هـەوا و ئارەزووی خۆی دەکەوێ، ئەگەر بـەرەوبڕی لەمە نەکا، بە خـەڵات و نەوازشـاتی دیکە ناگـات. لەبەر هـەندێ، ئەو کـە خـۆکـامی و خـۆپەرسـتیی لێ بوو وەخـوو، سێ و دوو لە ئـاوڕووبردنـی ژێردەســـتـــانـی نـاکـــا و شـــەرەف و نـامــــووس پێخوستکردنیانی لەنک دەبێ بە ئاوخواردنەوە، بێگومان ئەم خۆکامییە دەبێ بە مایەی نەفرین و تورەیی سپا و رەعیەتیش و ئاکامی بەوێرانی و لەبەریەک هـەڵوەشـانـی وڵات و ژێروژوور و نوغـرۆبـوونی تەخـتی شـاهـی و فـەرمـانـڕەوایی دەگـەڕێ. راسـتـینێکی لەو جـۆرەش، لە حـاڵ و باڵی سـوڵـتـانانی خـۆکـام و دەسـخـەڕۆی هـەوا و ئارەزووی خـۆ دێتە گـۆڕێ ئەوجا خـاوەن ئاین و حیکمـەتی باخـوا دەبێ بە ڕاشکاوی لە زۆردارێکی بێـشـەرم و بێـبـاک. بـەیەک ڕەنگ و بەیەک بیـروبڕوا ڕاگەیێنن، تەخت و تاج و بارەگا و هـەیت و هـووت و دەبدەبەی دادەتەپێ و پادشایەتی قەڵەمڕەوی وێران و خاپوور دەبێ.

تـەمـــــەنی درێژ و داد هـەر دوو بـرای جـــمـــــرانـەن
لـە پیـــرانـی ئـاوەز ببـــیێ خـــەبەران، فـــەرزانـەن
هـەتـا هـەتـایـی هـەر بـە داد و هـەق ســــەردەگــــرێ
شـاهـی و زۆرداری: چرا و زریان، چۆن سـەردەگرێ؟!

ئەگـەر پادشـا خـاوەن ئاکـاری دەسـت و داوێنپـاکی بوو و نـەیدابێـتـە باری دەسبـڵاویی بێجێ و ئەندازەی دڵاوایی و چاوتێریی بە پێی یاسـاکانی دەست و داوێن خـاوێنی و پڕ بـە پێـسـتـی قـانوونـەکـانـی فوسـتـادە و پەیامـبـەران هـەر شـتـێکی خـواسـتـی بێ، لەسـەر ئەو ڕێگا ڕاسـتـە بیکا، ئەوە لە خـواوەند و بەنـدەکـانـی خـواوەند خـۆش دێ و دەبێـتـە مـایەی پایـەداری و پێـوەچوون و بەردەوامیی دەوڵەت.

حـــەزرەتی پـەیامـــبـــەر (د.خ) بۆ بـەرەوبڕیـی ئەڵهـــا و ئـارەزووی دەروونـی و ڕەوانی و دڵەڕاوکێ و وەرەورتی ئەهریمەنی، هەروەک فەرموویە: «ئیسلامەتی و ڕەبەنایەتییان نەگوتووە»[١٠٠]، هەروەاش خواوەند فـەرموویە: «بخـۆن و وەخۆن، وەلێ سـەختگری و زێدەڕۆیی مەکـەن» «.. و کلوا واشربوا ولا تسرفوا انه لا یحب المسرفین».[١٠١] هەروەاش خوداوەند، لە پێناوی وەی تیرەی مرۆ بە پاکژی و خاوێنی بمێنێتەوە و بەرەو نەسل و بەرەی مرۆ پێوەچێ و درێژای هەبێ، بۆ ئەوەی ژن بێنێ و بەکامی دڵی خۆی بگا و ئارەزوو و ئەڵهای خۆی بە عەیش و عوشرەت، دەگەڵ کەنیزاندا بشکێنێ». «..فانکحو ما طاب لکم من النساء..» «ئافرەتی حەڵاڵ لە خۆ مارە ببڕن»[١٠٢] جلوبەرگی پێداویست بە پێی دەست و داوێنپاکی و عیفەت و لەخواترسی لەبەرکەن. نابێ لەمەڕ زەوق و دڵ و دەروون لاواندنەوە و کـامگری و لەزەت چەشتن، تخـووب و مـەرز ببـەزێن و لە ڕادەی ئەقڵ دەرچن و ئەمەش کارێکی پەسەند و دەگەڵ ئاوەزدا هاوئاهەنگ نییە. لەم بارەوە خوا لەم ئایەتەدا فـەرموویەتی: «قل من حرم زینة الله التي اخرج لعباده والطیبات من الرزق قل هي للذین آمنوا في الحیاة الدنیا خالصة یوم القیامة کذلك نفصل الآیات لقوم یعلمون»، واتە ئەی محەمەد، بێژە، زینەت و دۆزەک و بەزەکێک خواوەند بۆ خـۆی لەبۆ بەندەکانی خۆی دایناون، ڕزق و ڕۆزییەکی پاک و خاوێن کێ لێی حەرام کردوون؟...[١٠٣].

مرۆ بە خۆڕسک، لەمەڕ بە ئارمان گەیین ڕوو دە گوناهـ و زێدەڕۆیی کا، ئەوە دەبێتـە مایەی لە ڕێی ڕاست لادان، دەبێتـە هۆی ئەوەی سـەرلەبەری ئەفرادی ئادەمیزاد، نەخاسما ئەوانی دە پایەی سوڵتان، خونکار و شاهاندان بە خراپ و چرووک وەگەڕێن و لە ڕاستی هەڵزەلێن و گومڕابن.

شیعر:

ئەو کـارە بێباکانە چین؟ چت لـە ئاکاری درێو و ملهوڕی؟
ئەتۆ دەزانی چەند دەژییێ؟ چەند دەژییێ، بەسە بەدفەڕی
بە چەپەڵی و گـــــەمـــــاریی نەفـــــست مـــــەکــــــە،
ئەو شـیـری نەزانی و گـومـڕاییـیـە وەرگـێـڕە کـالانەخـۆ.

ئـەتۆ لـە زانـسـت ویسـتـێ خـوایـشـت بکـەی
ئـاوەز و دیـنـیـش لـە خـۆ قـایـل دەکـەی
ئـەقـڵ و ڕۆحـت گـەر تـەبـابـن، چـیـت دەوێ!
تـووڕەیـی و شـەهـوەت یەخـسـیـرتـن بتـهـەوێ

بنەمای دووەم

ئاکاری ئازایەتی و بوێری

ئاکـاری ئـازایەتی ئەوەیە، کـە مـرۆیەکی ئـاقڵ و بە ئاوەز دەچارچێـوەی وڵاتی وجـوودتـدا هێـزی غـەزەب و تووڕەیی لـە مـەوقـیـعی ڕەهـبـەریدا، دەحـزووری نەفسیدا وەبن فەرمانی کۆنترۆڵی خۆ وەخا. ئەویش بەو ئاوایە، کە لە غەزەب و تووڕەییدا – دیارە ئەمە خەسیـەتێکە لە خراپەت دەپارێزێ – نە زێدەڕۆیی و توندڕۆیی و نەکەمرۆیی و شلڕۆیی، دەستەڕێشمـەی غەزەب نە هێندە شـۆڕ کا وەک ئەسپی سەرکێش سـواری خۆ هەڵگرێ و نەش هێندە جلّە و تونـد کاتەوە پرزەی لێ ببڕێ، (افراط و تفریط)ی تێدا نەکا. ڕاسـتـیی کارەکـە بەو تەرزە هاتووەتە گـۆڕێ، نەفس بە گـورِ و توانی تووڕەیـی هـەوڵ دەدا ئەوەی دەگەڵیـدا بەشەڕدێ و دەیبوغزێنێ، تۆڵەی خۆی لێ دەکاتەوە. ئەگەر لـە ڕاستەڕێی ئاوەز لای دا و ئەوەی بە ڕاسـت نەزانی، بەو خـەسـیـەتە دەگـوترێ ترۆیی (تهور) و فسـفس پاڵەوانـی. ئەمـەش پەسـەند نیـیـە. بە نموونـە: کابرایەک بـەتەنێ و بێ لزووم دەگژ دژمنی بێ حـەد و حـەساو ڕادەچێ.. ئەگەر خراپە و ئەوان شـتـان بێـزی لێیـان دەبێتـەوە یان دەیانکەرهێنێ، لە خـۆ پاس نەکا و بە گوێی ئاوەزی ڕاست و دروست دەگژ قورنتە و ئەوهامـان ڕانەچێ و خـۆی دەبەرابەر دژمن و نەیارێکی وەکـە خـۆ بەهێـز و باشـاردا، بەکـەمـینە و کـەم و لاواز بنوێنێ و نەکۆشێ بە یاریکاریی هێز و توان و ئامێر و پێناوی بەردەست خۆ لە گەڕ و گزی و فزی و زەرەر و زیانی دژمن ڕەها کا، بەم خەسیەتە دەگوترێ «ترس» و بە خـاوەنی وی دەگـوترێ ترسنۆک و ترسـۆک و ئەو خـەسـیـەتەش تا بلّـێی ناپەسەندە و بەر فڕ و نەفرین دەکەوێ.

ئەم خەسیەتانەش کە بە زێدەڕۆیی تێداکردنیان دەگوترێ (تڕۆیی) و بەخۆ تێدا شلگرتنیان دەگوترێ ترسنۆکی و بە هاوتایی و هاوسەنگیشیان دەگوترێ ئازایەتی و بوێری، دەبێ سەرپاکی خواکردان، نەخاسمە شا و سوڵتانان وەهەری بوێری و ئازایەتی بن، نەک تڕۆیی و ترسنۆکی؛ چون ئەگەر پادشا تڕۆ و فسفس پاڵەوان بێ دەست دەداتە کاری چەپەڵ و ناڕەوا و دەستدا و پەیڕەوانی خۆی بەرەو هەڵدێری مەترسی و لەناوچوون داژوێ، لەوما زەرەر و زیانی سوڵتان زەرەروزیانی خەڵکە، بێتو پلەوپایەی بڵندی وی بەر نسکۆ و کۆستی ناتەواوی کەوێ، هەنگین بەرە و هەڵدێر و زۆنگی تاروماری و بەربادییەکی تەواو دەکەوێ.

بەیت:

ئەگەر شا کەسەرێ ڕێی کەوێتە مجێزی
دنیا دڵی پەرێشان و تارومار دەبێ.

ئەگەر سوڵتان ترسنۆک بێ و لە ئەرکی خۆ لە دژمن و نەیاران پاراستن وەدووکەوێ و دەستدرێژی و زۆرداریی زۆردارانی کووتا نەکرد و بەتەڵە و تەپکەی خەیاڵبازی و پەست و لاواز و قرنتە و ئەوهامی چەپەڵی دڵ و دەروونی خۆوە بێ و لە پاسەوانیی ژێردەستان و پەیڕەوانی، سێی فەرمانڕەواییی خۆ، کزی و کەنەفتی و دەستەپاچەیی بنوێنێ، ئەوسا ئەوە دەبێتە مایەی دەستدرێژی و شەوەیخوون و یەغما و تاراجی دژمنان، ئەو خەسیەتەش لە ئاکارە هەرە پەست و نەویی پادشا و سوڵتانانە، لێ بەلێ ئازایەتی و بوێری، کە هاوسەنگترینی ئەو خەسیەتانەیە، دەبێتە مایەی بەدڵ و بەگیان بەدەنگەوەچوون و یاریکاریی هەویاکریی گوێ بە فرمان و ئاڵقە لە گوێیانی و ڕێکوپێکبوونی ڕیزی پەیڕەو و دەستدایانی و ئاوات و هەویای بە یاریکاریی سپا و سەربازی بەجەرگ ئەستوور دەبێ.

هەڵبەست:

هەر دەسای بوێریی شاهاندا کاری بەڕێوەچوون سەردەگرێ
تەختی سەڵتەنەت لەسەر مەودای شیر هەڵدەنرێ،

هەر شـــــیـــــری شــــایە خــــەڵک دڵنیــــا دەکــــا،
گـــــەر ســــــامی وی بشـــــێـــــونەیی نەهێـــــورێنێ
تاجی پەپوە ســــڵــــێـــــمــــانکە بەزۆر دەرفــــێنن
پــەردەی پــێـی وەردەکـــــــــــــــان بــە چــەپــاو دەدرێــنن.

## بنەمای سێیەم

## ئاکاری حیکمەت

ئاکاری حیکمەت: مرۆی بە ئاوەز دەبێ هێزی ئاوەز، کە لە وڵاتی وجوودی مرۆدا، دە پلەی سوڵتان و سەرکردایەتیدایە، بە جۆرێکی پەروەردە کا دە پێناوی لە خوایشت گەیشتن، بە کام و ئاوات گەیشتندا بکەوێتە پەرۆشی ئەوە، زانستەکانی پێوار و غەیب لە جیهانی پیرۆزرا پتر کا و خەرمانی قەبەتر کا، دڵی هەمیشە لە فیکر و زیکری ئەوەدا بێ بەرە و بڵندترین پاپاچینەکانی عیرفانی ئەوین و خۆشەویستی هەڵکشێ، دەبێ هێزە خۆڕسکەکانی نەفس وەک پێشکار دە پلەی گوێ بەفەرمانی و دەستداییدا بگیرێن، بەو ئاوایە، دەبێ بەردەوام، بەمەرجێ لە جیهانی بڵند فەیز وەرگرتن، دە زەوقی خۆ بەسەرچاوەی خوایی شوبهاندندا بێ، لەم جیهانەدا با بەم جۆرە تەکبیرێلە وەم چەشتە بەدەن و لەش پەروەراندنە، ڕەفتار کا، لە سازاندنی کاری شار و ماڵداری و خێزان و خانەوادە بەڕێوەبردندا، لە کاری هێز و شەهوەت دەکاربردندا داد و داوپەروەریی ڕێنمای بێ.

بەمە دەفێربوون و وەدەستهێنانی بابەتە ئەقڵییەکاندا دەبێ بە ئاغای نەفسی خۆی و فەرماندەگیی وەسەر هەست و هێزە خۆخوازەکاندا باڵادەستبوونی دەقەبەڵ دەکا، بە دەکاربردنی هێزی قرنتە و وەهمی خەیاڵ، ڕاستینە نەگۆڕەکانی دنیای نموونە وەدەست دێنێ، ئەگەر دەهێزی ئاوەزدا ئەم سیفەتە، ئەم قودرەت و توانستە بێنە گۆڕێ ئەوسا پڕ بە باڵای خۆی دەکرێ پێی بێژن حیکمەتی ئەخلاقی لێ بووە بە نەخش و هەر لەخۆی دێ و پیرۆزی بێ.

وەگوێرەی ئەم سەرەتایە، ئەوێ بێژین سوڵتانانی جیهان، بۆ ئیمپراتۆرییەت بنیاتنان فرە وەم ئاکارە نیازمەندن، زۆریان ئاتاج وەم ئەخلاقە هەس، ئەگەر پادشا هێزی ئاوەزی خستە ژێر فەرمانی ئەڵها و ئارەزووی لەش و خوایشت و حەز و هەڵپەی خەیاڵاوی و لە ئاوەز بەدەری کرد وەئاغای ئەقڵی و وازی لە تام و لەزەتی جیهانی پیرۆزهانی و وە پەنای دان و هەڵی پەساردن، ئەمە دەبێتە خوا لە بیرکردن و لە ڕێی ڕاست لادان.

تۆ بڵێی بەو جۆرە شایانی ئەوە بێ ببێ وەسێوەری خواوەند؟!

ئەوی بیر لە خوا بکاتەوە، بیر لە حەق بکاتەوە کوو لە نزیکیی خێوی قودرەتی بێ کەوشەن و تخووب دەخافڵێ؟ نەخێر ئەوەی لە سێوەری خواوەند هەڵدێ و دەچێتە دراوسێتیی ئەهریمەن، شەیتان... ئەوەی خوا لە بیر بکا، پێش ڕۆژی ڕۆحی بەنەزانی و هەوری ڕەشی نەفامی و بێ ئاوەزی بپۆشێ سێبەری بە هەموو لایەکدا بڵاوی بەزەی خواوەند لە چاوی بەختی ئاوا دەبێ.

لە جیاتی ئەوەی لە ڕاستییەکانی زەوین و ئاسمان بگا تاریکیی چاو و دڵی هەتا دێ خەستتر دەبێتەوە، سەرەنجام، لە تاریکیی دژمنایەتی و نەیاری و زۆرداری و ستەم و کوفر و ناخوایی و لووتبەرزی و خۆ بەزلزانیندا لە دایک دەبێ، لە پای کەڵەکەبوونی بێ خەبەری و لە خوا خافڵبوونی وی، پەروەردگار لە بیر دەکا و لەم ئایەتە پیرۆزانەدا «ولا تکونوا کالذین نسوا الله فأنساهم انفسهم، اولئك هم الفاسقون»(١٠٤)، «ام یحسدون الناس علی ما آتاهم الله من فضله فقد آتینا ال ابراهیم الکتاب و الحکمة و اتیناهم ملکاً عظیماً».(١٠٥) بەدیار دەکەوێ و لە زۆر جێگای دیکەشدا بەدیارخراوە، خواوەند هەروەک پادشایەتی و فەرمانڕەوایی و موڵک و تەختوبەخت و حیکمەتی بە پەیامبەران و سوڵتانان بەخشیوە، هەر بەو ئەندازەیە بە پێغەمبەری خۆشەویستیشی بەخشیون.

## بنەمای چوارەم

## حیکمەتی داد

بەشی چوارەم ئاکاری دادە، ئەم سیفەت و فەزیلەتە، لە هاوسەنگیی ئەوان سێ ئەسڵان کە پێشترێ باسمان کردن، دێنە گۆڕێ، ئەم ئاکارە پەسەند و پەسندراوە، پێوەچوون و لێنەبڕان و پتەوی و ڕوختەیی بە بەرابەریی ئەسڵەکانی ئاکاری دیکە دەبەخشێ، کەواتە ڕاستینیی سیفەتی داد و عەدالەت ئەوەیە، کە لە هاوسەنگیی سەرانسەری ڕەفتار و کردەوە و سیفاتی کەماڵدا مەلاسە، دروست بووە، لە سەربەسەریی تەرازووی ڕەوشتدا مەلاس و متە؛ هەر لەبەر ئەوەش، ئەوەی ئەم سیفەتەی تێدا بێ، دادی کردبێ بە ڕووگەنمای ڕاستی، سەرلەبەری هێز و توانەکانی دەرککردن و لە شت گەیشتن، هەریەکە دەگەڵ خۆیدا ڕێک دەکەوێ و دەگەڵ یەکدیدا بەدەنگ دێ و دەبێ بە هاوئاهەنگی خۆی و لە کار و کردەوەدا دەکرێ ئەم هاوسەنگییە دەکار ببرێ.

«دیارە بدلیسی وەک موسڵمانێکی ئایدیالیست، بڕوای بە بنەما ئاکارەکییە ئایدیالیستەکانە و پێی وایە ئەو ئاکارانە ناگۆڕێن و پەیڕەوکردنیان، بۆ هاوئاهەنگی و تەباییی کۆمەڵگا بە ناچاری دەزانێ، بەڵام بەلای ئێمەوە، ئاکار بەشێکە لەسەرخانی کۆمەڵگا، ڕەنگدانەوەی واقیعێکی مادیی ژیانە و هەمیشە لە گۆڕاندایە، بەم پێیە ئاکار شتێکی ڕێژەکییە، ئەوەی لای خاوەن سامانێکی گەورە، بۆ زۆرکردن و کەڵەکەکردنی سامانی پتر و بەهەر پێناوێ بێ کارێکی ڕەوایە، لەکن کابرایەکی، ئەو خاوەن سامانە غەدری لێ دەکا و بەری ڕەنجی دەدزێ، کارێکی دزێو و ناڕەوایە... بەڵام مانای وا نییە هێندێ ڕاستین و ئاکاری موتڵەق نین، لە زۆر بەدەنگ هاتن، ئازایەتی، ڕاستگۆیی، دەستپاکی و هتد... ئەمانە هەموو ئاکاری موتڵەق و بێ کەوشەن و سنوورن – وەرگێڕ».

هەرلەبەر وەشە فەرمانڕەوایان گوتویانە: « داد ئەوەیە هەموو شتێ لە جێی خۆدا بێ»، بەردەوامی و پێوەچوونی دنیای ئاسمان و زەوین بەسیفەتی داد و

عــەدلەوە بەڕێوە دەچێ، مــرۆ لـە هەمــوو بارێکدا بەم ســیــفــەتە چاودێریی تەرازووی هەق دەکا، خوا دەفەرموێ: «وأوفوا الكيل اذا كلتم وزنوا بالقسطاس المستقيم ذلك خير وأحسن تأويلا»(١٠٦) س:١٧، ئا: ٣٥, واتە: بە تەرازووی ڕاست شتان بپێون...

لە دنیــای فــەســاد و تێکچــوون و نەمــاندا، بەردەوامــیی یەکــیــەتیی لەش و دروستیی نەفسان بەڕاستیی ئەم تەرازوو و دادەوە بەندە، دەفەرمایشتێکی پەیامبــەری ئیــســلامــدا (د.خ) گــوتراوە: «ئـاســمــانێک و زەوینـان بە داد و عەدالەتەوە پایەدارن»(١٠٧) نەهۆ، تێکڕا سەرلەبەری تیرەی مرۆ، نەمازە ئەوانەی دەچنە سەر تەختی سەڵتەنەت و خەلیفایەتی، با ئەم تەرازووی عەدالەت و دادە هەمــیــشــە بکەن وەزوانی تـەرازووی دەسـەڵات و قـودرەت، با بـارودۆخی وڵاتی وجودی خۆ و تەرازووی کاروباری خۆ، حاڵ و باڵی مەردم و سەروازگەی، کە ئەفــراندەی خــواوەندن، بەم تەرازووی دادە ڕاست و دروست بپــێــون و تای تەرازووان بە پێی کــەم و زۆری، بێــرنە بارێکی مـامناوەنجی و ســەروەســەر و ڕاست. خــواوەند (ع. و)، بۆ ئەوەی پەیامــبــەر و پێــشــەوایانی ئۆل و مــەزەبان تەرازووی فــەرمــان و بکە و مــەکــەکـانیــان بەرابەر و ســەروەســەر بێ، ئەم ڕوونکردنەوە پڕ حیکمــەتەی فــەرمـوودە: «دە بەرابــەریان کتــێو و تەرازوومـان هێنایە خــوار»(١٠٨). کتێو، ناوخنەکەی «... وانزلنا معهم الكتاب والميزان...» زانســـتی داد و عـــەدالـەتە؛ هـەرچی تەرازووە ئەوە واتە: دەکـــاربردنـی داد. ئەگــەرچی ســەرلەبەری نـەفـسـان دە نـیـشـتـمـانی وجـودی خـۆدا، وێڕای وەی فــەرمـانبــەرداری وەیە ئاکـاری داد و عـەدالەت پـەیڕەو کـا و پابـەندی بێ، وەلێ فەرمانڕەوا و سوڵتانان پتری پێ ئاتاجن. چۆن سوڵتـان دە نیشـتمـانی بوونی خـۆدا پنتـی ناوینی دەگـەڵ خـەڵکدا بەدادبوونی وییـە، لـە پای وەی کـاروباری کۆمەڵ کۆک و بەزیبک و زاکوون بێ، ڕا و تەکبیری وی فرە زەروورن و کارێکی مەرجەکییە، ئەم خەسیەتە دە پادشادا و چەند کارتێکردنی وی دەبێ هەموانی بێ.

هەڵبەست:

هەر پادشـــــایەک خـــــووی بە دادەوە گـــــرتبێ،
لە وڵاتی فەرمانڕەواییی ویدا، پەنات دەست دەکەوێ.
ئەگـــــەر ئەم ئاکـــــارە لە تەبیـــــاتی ویدا نەبێ،
بـــۆنـی ئـاســـــــــــــــوودەگـی لـەو وڵاتــە نـایــە
و..... تاد.....

هەنگێن پادشا دەبێ دوو جۆر چاوێریی داد و عەدالەت بکا، لە یەکەمیاندا دەگەڵ ئینسانانی دیکەدا هاوبەشە و دەسەروبەرنانی دارایی و سامان و ڕێکخستنی حاڵ و باڵی خۆدا پێویستی بەم ئاکارە هەس، هەروەها پادشا دە هاوسەروکاریی لەتەک خەڵکدا، دەبێ هێندەی پێی بکرێ بە پەرۆشی ئەوەوە بێ و دادپەروەر بێ.

جۆری دووەمی داد و عەدالەت ئەوەیە دەکاروبار ڕێکخستن و ڕاپەڕاندنی پێداویستییەکانی ژێردەستە و ڕەعیەتدا بە ئینساف و دادپەنابێ. ئەمەش دەبێ بە تەرزێ بەڕێ بچێ کە مەلەکەی سەڵتەنەت بە کاملی و تەواوی و تێکڕا بگرێتەوە و دە هەموو جمگە و جەمسەری فەرمانڕەواییدا ڕەنگ بداتەوە، هەر لەبەر هەندێکەیە، ئاکاری داد و عەدالەت و زوڵم و زۆر و ستەم بە زۆری وەپاڵ سوڵتانان دەدرێن و ڕێگای زوڵم و زۆر نفرِی لێ دەکرێ و فرێ داوێترێ و ئاکاری داد و ئینساف پەسن دەدرێ و سەلاواتی لە دیدار دەدرێ و کارێکی پەسند و جێی خوایشتە.

دەبێ هەموو کەسێ باییی هێندەی نیشتمان پێویست کا، ڕیعایەتی داد بکا و بە تەنگییەوە بێ، «کلکم راع و کلکم مسؤول عن رعیتە»، هەموو شوانن، هەموو لە ژێردەستە و ڕەعیەتی خۆ بەرپرسیارن(١٠٩) حەزرەتی مستەفا (د. ر) لەمەڕ پلە و پایەی ئەو سوڵتانانەی چەندە لە سوود و قازانج و زیانی عەدالەت گەیشتوون و نەگەیشتوون و چەندە دەنێو خەڵکدا بەداد و عەدالەت پێبەند بوون یا نەبوون یا ئەوانەی ڕیعایەتی دادیان کردووە یان نەکردووە، یا بوون

بەمـــایەی بڵاوبوونـەوەی چاکـــە یا خـــراپە بەو ڕەنگەی فـــەرمـــووە: «بەوەج و مەقبوولترین مرۆ و دنیا، دە حوزووری خواوەنددا پێشەوای بەداد و عادیلە. لە هەموو خـراتر و بێ وەجـتـر و بەدبەخـتـر و بە عـەزابتـر، دە حـوزووری خـوادا، پێشەوای زۆرداره»[١١٠]. جا، لک و پۆپی دیکەی ئەوان سەرەتا ئاکارەکییانەی دە مرۆی بە یەغباڵدا پەسن دراون، لەو چوار ئەسڵە بنیچەیانە هاتوونە گۆڕێ. دەبێ ئەوە بزانی، سـیـفـەتە پەسندراوەکـان لە ڕووی ژمـارەوە زۆرن. پـێـویـسـتـە لکەکـانـی هـەر چوار ئەسـڵـەکـە بۆ ئیـمـبـراتـۆریەت و خـەلیـفـایەتی، زەروور و پێتڤین، لەم نامیلکەیەدا شرۆڤەکەین.

## لکەکانی ئاکاری دەستپاکی (عفت)

**١- دڵاوایی و بەرچاو تێری:** یەکەم لکی ئاکاری دەستپاکی سیفەتی دڵاوایی و بەرچاوتێرییە. ئەمـەش بریتـییـە لە فـەزیلەتەکـانی بێ بەندیواری، بێ گـوێ بـەدنیـــادان، بەتـەنگ ســـامـــان لـەناوچـوونـەوە نـەهـاتـن، لە بـەخـــشـش و خـــەڵاتدانـدا ئازا و بوێری. ئەم خـووە بـەلای ســەرلەبەری تیـرە و مـــرۆوە پەســـەندە و شـــانـازیی پێـــوە دەکـــرێ... ئەم ســـیـــفـــەتە لە کـــاروباری فـــەرمـــانڕەواییی وڵات بەڕێوەبردندا، لە مـــرۆ پێگەیاندندا، لەهەرە ڕوکنە گەورەکانی ئوسووڵی خـەلیفایەتییە، ئەو ئایـەتانەی قـورئانی پیـرۆز تێدا ئەمـــری بـە بەخـــشـش و خـــەڵاتکردن فـــەرمـــووە، بە ژمـــارە لـە تەواوی خواپەرستی و گوێ بە فـەرمانییەکانی خوا پترە، ئەم سیفەتە دە حەدیسی قـودسـیـدا، بـەم جـۆرە ڕوون کـراوەتەوە: «ئەی مـرۆ، بەخـشـش ببـەخـشـە، تا منیش بەخششت ببەخشمێ»[١١١].

هـەڵبەست:

دڵاوا بە، دەهـەندە بە، ســامــان ببـەخـشــە، مـەترسـێ
هەرچی بدەی، خــوا دەتداتێ، بـە پاداشت یەک بـە سـێ
ئەتـۆ وەک کـانیــاوێ دەچی، لـەبەرت بـڕوا چاکــە مـــاڵ
چەندی زێتر ببـەخشی خـوا هێند زێترت دەکا بە مـاڵ

بەخشین و پارە خەرجکردن دەڕێی خواوەندا، لە فەرمایشتەکانی پەیامبەر (د.خ) و قسەی پیر و ئەولیایاندا، بە ئیستیدلال، لە زۆرینەی کاری خێر و چاکەکان، لە بۆ خودا نزیکبوونەوە، لە پێشترە، حەزرەتی پەیامبەر (د.خ) بەم ئاکارە پەسندەی سەری لە ئاسمان سویوە و پەسن دراوە.

پەیامبەر بۆ خۆشی ئەو ئاکارەی زۆر پەسن داوە و خەڵکی پێ ئامۆژگاری فەرمووە، بەوپەڕی پەرۆشەوە دوعای خێری بۆ دەسبڵاو و دڵاوا و دەهەندان بەمجۆرە فەرمووە:

«پەروەردگارم! خێرەومەند و چاکەکار بە بەخششی خۆت پاداشت دەوە»

هەروا تووک و نزای لە ڕژد و بەرچاوتەنگان، بەم جۆرە فەرمووە: «خوام هەرچی ڕژد و بەرچاوتەنگ هەن نەیانهێڵێ»[۱۱۲] بێ سێ و دوو ئەو تووک و نزایەی حەزرەت گیرا و یەکاویەکە. مرۆی ڕۆشنبیر و بە ئاوەز، پەسنی ئەوانی خێرومەند و دەهەندن، **یەکەم:** بە یادکردنەوەی جوان و چاک. **دووەم:** بە خێوی چاکەی زۆر جوان، **سێیەم:** بە کوڕگەلی بەوەج و ماقووڵ داوە. ئەم جۆرە خێرەومەندانە زۆر بەکەڵکن. سۆنگەی بەفیرۆچوونی سامانی ڕژد و بەرچاوتەنگ، دە پێش هەرشتێکدا. بەڵا و نەهاتیی جۆراوجۆری لە دووە ئەمە یەک، دووەم: لە خۆڕایی بە فیرۆدانی سەروەت و سامانی میراتگرانە. حەزرەتی (علي المرتضی) (ر.خ) فەرموویە: «سامانی ڕژد لە سۆنگەی ڕووداوێکی (خراب)، یا بە میراتگرێ مزگێنی بدە». لەمڕووەوە، سەرلەبەری پێشەوایانی ئەهلی بەیت، بەدەسبڵاوی و جوامێری پەسن دراون. جا هەر لە سۆنگەی وەی، (علي المرتضی)ی کانی وەلێتی و بەرچاوڕوونی، بە پێی سوونەتی (مصطفی) (د.خ) لە نێوان خەلیفە و سوڵتاناندا، بە دڵاوایی و بەرچاوتێریی زۆر نێویان ڕۆیشتووە. سەرتۆپی پەیامبەر و ئەولیای خوا، زۆربەی پێشەوایانی ئۆل و مەزەب و بەندەگانی ساڵح و چاک، ئەم ئاکارەیان لە سەرووی هەموو ئاکارەکانی دییەوە گرتووە، زۆر بە هۆڵی سەخاوەت و دەهەندەیی و سیفاتی چاکەکردنەوە؛ چون بێ لەو ئاکار و ڕەوشتان، سیفەتێکی دیکەی ئەوتۆ، فەیز بە کانگای فەیزان ببەخشێ، نییە. هێندێ

سـوود و کـەڵک لە دڵاوایی و سـەخـاوەتدا وەچەنگ دێ، لە هیچ سـیـفـاتێکی نەفسـانیی دیکە وەگیرنایە. سوڵتـانان، کە سـەرۆکی کاری گـەورە و گشتن و کانی بەجێـهێنانی حـوکمـانن. دەکاری جوامێری و دەهنـدەییدا «بە ئاکاری خواوەند خۆ برازێننەوە» و بەم دەستووره ببن بە شایەنی وی.

سـوڵتـان دەبێ دەکاری جـوامێری و بەخشندەییدا، کە مـایەی سـەرلەبەری کاری چـاکە، وەک کانـی بڵند بچن. دەبێ ئـەم ڕێگە چاکـە، ببێ بەسـەرمـایەی خێر و بێری دنیا و دین ئەوەی بە ئاکاری جوامێری و دڵاوایی دەبێ بە خـێوی وڵاتی دڵان، لە سوڵتان و فـەرمانڕەوایان هەمیشە لەسەرەڕۆیی و کەڵەوەکێشی دژمنـان و نەیارانیـان دوور دەبن. ئەو سـوڵتـانەی مـاڵی دنیـایێ لە پێناوی دەسەبەرکردنی دڵ و دەروونیان بەخـەرج دەدا، ڕووی دڵان بە سپاسەوە وەلای خـۆیدا ڕادەکـێشێ و بەبەرەکـەت دوعـای خـێـر و پەسنی شـایانی پڕ بەباڵا وەدەست دێنێ و لـە هـەمـوو گـەزەند و نەهـامـەتیـیـان بە دوور دەبێ، بەدەسـتی دڵاوایی و چاوتێری، ئیقباڵ و سـەروەری، لە وەی و ئاسێوی خراپەی نەیارانی بێ خەم دەبێ.

شیعر:

هـۆ لاوۆ ببـــەخـــشـــە؛ چو لاژێ مـــرۆ
ب قـــەنجی دڕندان دەکـــا دەســـخـــەڕۆ
نەیارێ بە بەخشش کەویت کرد، مەترس
نەیـاران بە نـەرمی کـەمـــەندکـە کـوڕۆ
لە ڕەش و سـوور و زەرد و سپی مـەپرس
دەرووی لـە کـــەس دانـاخـــرێ بپـــرس

بەپێی ئایەتێکی قورئانی پیرۆز، سـەرشۆڕی و بۆ ماڵی دنیا زەلیلی، دژمنی گـیـانی مـرۆیانە، خـوودانە پـارەوپووڵ و بەندایەتیی سـامـان دەبێـتـە مـایەی بشێوی و فیتنە و ئاژاوە، «إنما أموالكم وأولادكم عدو لكم»(١١٣).

گوتەی کوردە: «پیاوی ئاقڵ! ئەو دژمـنە بە ڕوواڵەت دۆستـە دەو دۆستی زۆر گـــیـــانی بەگـــیـــانیـــیـــەت بەردە، یا دە گـــیـــانی دژمنتی بەردە...» ئـەوی

دۆستایەتییەکەی بەڕاستی بێ، بۆ لەڕای خواوەند بەرخورداربوون، سامان بە خەرج دەدا، لەوڕا، مەرییێ ئاقڵمەند، لەبری دژمنی خۆی، خۆی بوێ، دەبێ چاوەنۆڕی دۆستی خۆ بێ، پیاوی بە ئاوەز خوایشتی ئەوە مەرگی دژمنی خۆی بە چاوی خۆی ببینێ، لە دژمنی ناگەڕێ ئەو دەرفەتی کوشتنی لێ بێنێ، هەر لەبەر هەندێکەیە، بڕێ لە فەیلەسووفان سوڵتانانی سەردەمیان بەو ئاوایە شیرەت و ئامۆژگاری کردوون: «یاری سوڵتان سپاکەیەتی، سامانی دژمنەکەیەتی، ئەگەر سامانی بەبەخششکردنی سپا کزبێ، سپایەکەی کە دۆست و یاریکارییەتی، گرد و توانایی تێ دەگەڕێ و بەهێز دەبێ، نەخێر ئەگەر بەبەخششکردنی سپا سامانی بەهێز بێ، ئەوە سپایەکەی و یاریکارەکەی کز دەبێ».

ژێردەست و فەرمانبەر، بێ هێز و بێ دەسەڵات، کە دەبن بە گوێ بەفەرمانی سەرۆکان لەبۆ وەدەستخستنی پێناوی گوزەران و بژیوو بەدیهێنانی ئاتاج و نیازمەندییان زیندەگییە. سەڵتەنەت و فەرمانڕەوایی، کە نیشتمانی وڵات و سەرۆکایەتیی گشانە، بێ پرنسیپ، سەرەتای یەکبوون و بەخشین و لێبووردن سەر ناگرێ، بڵندیی پلەوپایەی فەرمانڕەوایی، سەری بە کەمەندکێشکردنی دڵ و دەروونی خەڵک و ئاکاری بەخشینەوە بەندە، بە پێی فەرمایشتێکی پەیامبەر (د.خ) فەرموویە: «دەستی بەخشندە لە دەستی بەخشش وەرگر چێترە»(١١٤).
دەبا سەرلەبەری ئیرادەی خوایشتیان بۆ یەکخستنی سپای دڵان، بەبەندەی خودان نیعمەت و ئەردەو و فەزیلەتان خەرج کرێ، دەبا لە ڕێی دڵ کەمەنکێشکردن و موژدەی لە ڕۆزی و ڕزقێ بەوان وانێکان بەڵێن دراونێ لە ئاسمانێنە(١١٥). جا بە پێی ئەمە، وەک دە ئایەتێکدا، هەر لەو مانایەدا، بەدیار دەکەوێ شەرەف و گەورەیی ئاسمان لەوەڕایە، کە هەوری بەرەکەتی ڕێژنەبارانی ڕەحمەتی بەسەر دەشتودەر و هەڵەت و زورگ و دۆڵ و دەرە و نەوالاندا بێ فەرق و سوو دەبارێنێ. خۆر، کە لەسەرچارپایەی تەختی ئاسمانێ دامەزراوە، لەبەر پیرۆزیی ڕووی زەوین، هەر بەو فەڕەوە ڕووناکی بە باخچەی جوان و بەدەوان، بە دڵی دەردناکی هەژار و دەستکورتان دەگەیەنێ.

فـەرمـایـشـتـی پـەیامبـەر (د.خ): «ئەی بیـلال! خـەرج کـە، لە کـەمـبـوونەوەی سامانت مەترسێ»[١١٦]، ئەم حیکمەتە ڕوون دەکاتەوە.

بەیت:

هـەتـاو لـە سـوێنگـەی وەی ڕووناکـی
بە بەختـڕەشـان دەبەخشێ مـاڵی ئاوابوو

زەریا، کـە دەبەرابەر زەوین شـانازی بەخـۆوە دەکا، لەوە ڕاهـاتووە، کـە هیچ خـواسـتـیـارێکی لە فـەیزی خـۆ بەدەست بە تاڵی نـەهێشـتـووەتـەوە. دەسـتـی لە دیاریی وەک سـەدەفی بە بریقوباق تژی کردووە، گوێ بە فەرمـانی ئایەتی دڵی دەرۆزەکـەر لە خـۆ مـەڕەنجـێنە «وأمـا الـسـائل فـلا تنهـر»[١١٧]. دەبێ پیـرۆزیی گزنگی بەیان، کە لە گوڵشـەنی دنیادا جیهـان ڕوونـاک دەکاتەوە، بە شنەبای دیاریی بەدەوی خـونچـەی هـەزار بەخـشـین و هـەمـیـشـە لە گـوڵشـەنی دنیـادا، بە دەو بە خەندە ڕاگرتن، لە هـەمان ئەردەو و فـەزیلەتانە و هـەموو سـبـەینانـێ وەک بولبـول بـە زمـانـی حـاڵ سـتـرانـی وێڕای وەش منەتبـاریـی خـواوەند بوون (وأمـا بنعمة ربك فحدث) دەچڕێ[١١٨].

ستێرەکانی شەوان ئەوی وەک کـەرەم و بەخشش دێن. خۆیان بە تاکەتاکە و دوودوو لە بەخـشش بەرخـورداربوون تـرسـان و خـۆیان شـاردەوە. سـوڵتـانـانـێ، کە بە پێی قسەی ڕاست و بێ چەندوچۆنی لە گوێن حەدیس و سرووش ڕەفتار دەکەن، دەبێ بەخشـشـیـان بەرفرەوان کـەن و هـەمیشـە وەک ڕۆژ بن و لوتف و جـوامـێـرییـان بەرابـەر مـرۆڤـان بێ منەت و بێ درێغی و یەکـسـان بێ و بتـوانن وەک دەریای عـومانی بە شـان شکۆ و ئاسـمانـی بێ کـەوشـەن و سنوور فـەزڵ و بەخـشـشـیـان بێ فـەرق و سـوو بەسـەر خـەڵکدا ببـارێنن، با بەندێواریی خـاوەن دڵاواییی خـۆیان بکەن بـە نگینـی گـوسـتـیـلکیـان. هەمـیـشـە مـوژدەی بەندە دڵخۆشکردنیان لەبیر نەچێ، خەڵک چاویان لە دەرکەی وانە و بەتەمای لوتف و بەزەییی وانن. دەبا بنیـچـەی پایەی دەوڵەت و شـان و شکۆی فەرمـانڕەوایی بە جوامـێری و دەهـەندەیی و دڵاوایییەوە بچـەسپێ (هـەرکـەسێ چاکەیـەکی دەگەڵ خـوای کـا، خـوا تـۆڵەی دە هێندەی بۆ دەکـاتەوە) «من جـاء بالحسنة فله عشـر

أمثالها، ومن جاء بالسيئة فلا يجزي الا مثلها»[١١٩].

هەقایەت:

لە زوان خـەوەردارانەوە ئەگـێـڕنەوە: پاشــایەک دوو شــاڵیــاری هەوین. یەکێکیان دڵاوا و ئەوەکەی تریان ڕژد و بەرچاوتەنگ، دڵاواکەیان کاروار و ماڵ و سامان پاشایان دا وەدەسەوە. شاڵیار تایەن هەر ووە ڕائەگەیشت گەنجینەی پاشا تەوارە و قەڵاقەڵا کا. کاورای تریان هەر سەرگەرم ئەوەبی مەردمەیل و وەلای دڵاوایی و دەسبڵاوی دەهەنەیی و بەخشش و دیاری و سەوقات وەمو ووەو دان ڕێنمایی کاو ڕێی بۆ ئەوە خۆش ئەکرد دڵ گەوراگەورایەل بکەن وە نگین پەنجەکەڵەیان. هەریەکەیش بۆ ئەوە، وە دنیای بسەلمێنن کە هەر خۆی لەسەر ڕێی ڕاستە، سەتان دەساوێز و دەسپێچک و پاساوی ئەهاوردەوە.

شاڵیارە ڕژدەکەیان، ڕۆژێکیان تەوەقێ شیرینیی هاوردە خزمەت پاشا، لەبەردەمیا دای نیا. هەر دای نیاو دای نەنیا، هەر بینا هەزاران مەگەز و کەرمۆز و سویرەمۆزە، لە گشت لاوە ئاژنیان هاورد، لە تەوەق تایین و رووکیان. شاڵیار وتی: «گەنجینەی سەنگین (زەنگین) پاشا لەی تەوەقە شیرینیە ئەچێ. تیلاییی چەوێل سپایی، بگرە ئاڵها و واز خواساییە لێ، بینایی چەوێل درویسیانی کردگن، گشت، زەق ئەڕوانە ئەوە. پاشا وە خوایشت خۆی، ئەتوانێ ئەوەنە خۆی و خوا حەزکا ئەسکەر گردکاتۆ و نەزم و سان پاشایەتی وەلەونێ وەرێوە بوا خۆی گەرەکی وێ، وەساییی ئەی دەسمایەوە ئەتوانێ گ چشتێ بکا.

شاڵیار دووەم کە پەسن دەسبڵاوی و دەهەنییی ئەدا، ئەویش شەوێکیان تەوەقێ ئەنگوینی هاوردە حوزوور پاشا... مێش و مەگەز خۆت مەزانی، وەشەو شەکەتن... توانست هەڵفڕینیان نەوی، وە هیچ ڕەنگێ، مەگەزێ چەس، توخوین ئەو تەوەقە ئەنگوینە نەکەفت. شاڵیار وە پاشاویشت: «سەروازەیلیش، برا لە سەرد و سرپی چەرخ زەمانە، چوین مەگەز، دیمانە و ڕوواڵەتیان کز و

باڵیـان شـۆڕ ئەوێتـەوە. لە بێ ڕەنگ و ڕوخـسـاریی ڕابردگ و پاشـەڕۆژ و بێ پویل و پارەیی حاڵ و باڵیان خراو ئەوێ. هەرکا هەزێنەی پاشا پڕ وێ دژمن و بشێونە زاڵ ئەون و سەرواز لەتاو دڵشکیاوی، خۆیان لە گیانبازی ئەدزنەوە و دەما ئەکەفن.

پاشای وەدیرایەت و فەرزانە، لەوە گەیی، کە خاسترین ئاکار پادشایەل ئەی دنیـا ئەوەسـا سـفـرەوخـوان بەزەیی وەرچەوڕۆشـنی و مـەردانەگی و خـەرج و پەخشان و تەخشان داخا و خۆی لە ڕێی وەرچەوتەنگی و ڕژدی و دەس و دڵ قـویچـیـاگی لادا و هەوسـار دڵاوایی و سـەخـاوەت و (سـامـان لـە ڕای خـوا خەرجکردن) «وأنفقوا في سبيل الله ولا تلقوا بأيديكم الى التهلكة، وأحسنوا أن الله يحب المحـسنين»(١٢٠) و ڕای ڕاست گـرتنەوەر تـەرجـیـح دا وەبـان گ چشـتـێکا... (زەرتوشت، پەیامـبـەری کـوردیش هەروای فـەرمـووگـە و وەی تەرحەی بیرکردگەسەوە - وەرگێڕ).

هەڵبەست:

سامانداری خاوەن حیکمەتی فەرزانە، بێ جوامێری
خـێـوی پووڵ و پارە نیـیـە ئەو، پاسـەوانە

بەیت:

ئەتۆ سامانم بۆ پاشەکەوت کە، خەرجی مەکە، کۆی کەوە
شەرەفی لاوان دە سامان خرکردنەوەدایە، شەرەفت بێ
ئەمن گوتم هەرتک لە بێچـارەییـدا، دەڕۆین، نامـێنین
وەلێ مـانی من بەوە، ئەو نەمـێنێ، با نەمـێنم

(بەڵێ ئەوەیە بیـروباوەڕی ئابوورییـانەی هەمـوو ڕژێمـەکـانی سـەر دنیـا... ئەوەیە بیروباوەڕی سـەرمـایەداری... مـارکس دەڵێ پارە دەبێ - مـعـاذالله - بەخـوا... ئیبن عـەرەبیش گـوتی: «دينكم دنانيـركم تحت قـدمي»، خـواوەندی هەمـووان دەفـەرمـوێ: «والذين يكنزون الذهب والفـضـة؟؟؟». بەڵام ئەوە لە چوارچێوەی تاکەکەسـدا، تاکە دەسـتـەیەکدا، تاکە کۆمپـانیـایەکدا و تاکە خـێـزانێکدا، ناڕەوایە.. وەلێ لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی دیموکـراسـیـیـانەی

دادپەروەری مرۆدۆستی ئاین زانست و ڕۆشنبیردا کارێکی ڕەوایە... خوایە دەوڵەتێکی کوردەوارییانەی وامان وەنسیوکەی – وەرگێڕ.

**٢– ئاکاری شـەرم و شکۆ:** ئاکاری دووەم لە پاژەکانی ئاکاری دەس و داوێن پاکی، شـەرم و شکۆیە، ئەمـە، واتە: مرۆ خـۆی، نەک لەبەر بکە و مـەکەی یاسادانەران و سیاسەتمەداران، بگرە هەر بە خۆڕسک و زگماک لە کاری خـراو و دزێو بپارێزێ و ژ هەرچی نەوس ئەڵهـای کـا و ئاکـامی وەخـراو بشکێـتەوە، ڤـەدزت. پەیامـبەری خـۆشـتـڤی (د.خ) ژ ئالییـا کەمـالا ئەڤ سـفـەت کـو دەربارا سـوهەیبێ ڕۆمی دپەیڤـە، فـەرمـوویە: «سـوهـەیب خـولامـەکە چقاس بەدەوە، هەکە ترسا خودێ نەبا، ئەو هەرگیز خـەرابی نەدکر». ئەڤ ئاکارا وسـان بەدەو ئو ڕند ژ ئالییـا ئاسـایشت پەهرێزییا ولاتێ ئو چەعڤدێرییا ئاسوودەگییا بەندەیێن خودێ، سامانا هەری ڕند یا سـوڵتـانانە، چمکی پادشێ خـودان دەسـهەلات هەکە شـەرم و حەیایا وی هەیە، سـامـان ئو دارایییـا وی ئو نـامـووسا بەندەیێن خـودێ دەپەنای ئەو ڕەوشتـە جوانەدا بپارێزرێ، یاسـاکانی مـاف و فـەرمـانـانی، دەپەنای ئەو سـیـفـەتە پەسندراوەدا، پەرۆش بێ. دە ئاکـامدا سـەرلەبەری بەندەکـانی پادشـا بەدڵ و گیـانەوە دەبنە گـوێ لە مـست و لایەنگری وی و هەمـیشـە دەبنە پەسنوێژ و دووعاگۆی وی.

خاوەن پایە و حەشمـەت، پەردەی شەرم، لە بێ شـەرمییان بەدەستی زوڵم و زۆر بدرێنن و هەر وەک دڵ و دەروونیان ئارەزوو دەکا، بەو ڕەنگە ڕەفتار بکەن، نامـەخـوا، هەنگێن لە نیـشـتـمـانی مـوسـوڵمـانەتی و مـەردانەگیـدا لەنگینی سلێمانییەتی و نامووس و سامان و ئاسایشت و سەرڕاستی دوور دەکەونەوە. هەنگێن نەوسی ڕێگر و ئەهریمەن سەتان جۆرە فەسادی تێرێتە ئاراوە. قسەی وەرینـانە: «لە خـوا نـەترسی هـەرچی ئەکـەی بکە»[١٢١]. لە ئاکـامـیـشـدا کارگێڕانی سەروەخت، ئەوانی شایانی نۆپلەی کارگێڕین، نەخوازە، ئەوانەی لە نیشتمانی خاوەن باوەڕدا ڕۆنیشتوون، زلێخا سیفەت و کرواسی یوسفی دڕی، ئەوانیش پەردەی شـەرمی خـۆیان بدڕن، ئەوێ، هەمـیشـە هـاودەمـانی

کۆڕی گوڵستان، لە وڵاتی باخچەی گوڵاندا، وەک سوڵتانی بەهارێ، لە چاوی نامەحرەمی ئەستارەیل سەرگەردان و پەردەی هەوری شەرم و لە حەرامسەرا و خەڵوەتخانەی ڕوودەربایسی و ئاردا وەشێرێ، چونکە پەیامبەری نازدار دەفەرموێ: «شەرم سەرچاوەی باوەڕە»(١٢٢).

لە ڕۆژگارانی بەهارێدا، کە دیاردییە بۆ جوامێری، دەبێ لەبەردەم هەوری شەرم و حەیا و نێرگزی چەوێل شەهلادا پەردەدار ڕاگرێ و بە زمانی سەراویلکە (نیلوپەڕ، زەنبەق، شلێر، لالە، پەلە، زێسک، پەلەزی سۆسن، زەبات – وەرگێڕ) دە مەقامی سەرکۆنەکردندا، بەر تۆمەت و بۆسۆ و بەدنێوی نەیێ. خۆ فەرمانی حەزرەتی پەیامبەر نامێیە: «خۆ لە شوێنی تۆمەت و بۆسۆکران بپارێزن»(١٢٣).

هەڵبەست:

هەرچەندە گوتراوە، باوەڕ بنەمای شەرمە،
بەڵام راستیت دەوێ، شەرم بنەمای باوەڕە.
شەرم جوانترین خەمڵ و بەزەگی مرۆیە.
مرۆی شەرمەندە، ڕووی هەمیشە وەکو گوڵ دەچێ.
کەسێکی شەرمی لە ڕوخسار ببارێ،
ڕوخساری وەکو لالە بە نم دەڕازێتەوە.
تا شەرمت پاسەوان بێ
لە گەڕی ئەهریمەن مەپرینگێوە،
شەرم دژمنی ئەهریمەنە،

بەشەکانی بنەمای ئازایەتی

١– دەروون گەورەیی و هیمەت بڵێندی

یەکەم پاژی بەشەکانی بنواشەی ئازایەتی، کە شایانی شایانە، دەروون گەورەیی و هیمەت بڵێندییە. ئەم ئاکارە ئەوەیە کە مرۆ دنیا بە چاوی سووک تواشا کا و خوایشت و ئاڵهاکانی دەروون بە هیچ بزانێ. خواوەند کە

پادشایەکی بەختەوەر بەشەرەفی خەلیفایەتی خەلاٚت دەکا و دەیکا بە سێبەری خـۆی، دەبێ لە سـۆنگەی وەی سـەری وە ڕژن (یەغـبـاڵ)ی، لەناو تیـرەگـەل مـەردمـا، وە تانج و ئەفسـەر پادشـایی شـەرەفیـاو کـردوێ، ئەوێ وەچەم دڵ و هۆشـەوە بنواڕێتـە ئەم پلە و پایەیە. ئـەمـە با ببێ بە فـەرمـانده و جـوامـێریش، بەلاٚنەکێ دەفـابریقەی بوون و هـاوپەرای گـەڕ و گەڕناسـیدا لە دۆزەکـەرێکی بێ ڕوومەت بەولاوە چی دیکـە نییە. بەندەیەکی دلاٚوای دەیـەک ڕیزدا ڕادەگرێ و بە هـامپا یەکیانی دەزانێ.

لە پای چی، مـرۆ دە کـارێکیدا، کـە هەتاهەتایـە، خـۆی وە گـەورە بزانێ؟ بە تەخت و بـەخـتـێکی وا لـەرزۆکـەوە چۆن شـانـازی دەکـرێ؟ کـەواتا دەبێ ڕووی هیـمـمەت بەرەو ڕەدای پەروەردگار ئاراسـتـە کرێ. خـۆت دە سـەرکردایەتیدا بە بەنـدەیەکی کــەمــینە بـزانە. ئـەتۆ لـەوەندەی کــە خــواوەند وەک بـەنـدەیـەکی پاسەوانی کۆمەڵگای هەڵبژاردووی، زێتر نیت!

بەیت:

ئەتۆ بنۆڕە گەرد، بنۆڕە!

وێڕای ئەو هیچی و پووچییەی، گوێ بە فەرمانی کێیە؟

دەسـەبەرکـردنی پلە و پایەگـەلی سـەر وەدنیـای دواڕۆژ کـە خـۆتت بۆ خـڕ هەڵداگن، وە دەسـتـیـان بێـری، پلە و پایەگەلـی مەعنەوی هـەر وەی جـۆرە ئەوێ. ئەوێ ئارمـانگەل دنیـات وە خـەرجدان هیـمـمـەتی بڵـیند، لە خـزمـەتکاریی ئەی ئاکارە بەرز و تەرزە و خەسیەتە ڕەسیو و پێکەڵێکە بزانی.

«على قدر اهل العزم تأتي العزائم     وعلى تأتي قدر الكرام المكارم»

هـەروەک حەزرەتی مستەفا (د.خ) دەفەرموێ: «خواوەند حەزی لە کاری بەرز و گەورەیە، دژمنی کاری خراپ و خـۆیڕیلەیە»[١٢٤] بەندەش گورد و تـوانی بیر و هـۆشـی بڵیند و فرە هـەواری گەرەکە.

بەیت:

بڵـیند هـیـمـمـەتیی تۆ دەسـبـەرداری داوێنی دنیـایە
ئاسـمـان وەو گشـت بڵـیندییەوەی بی وەگـەرد داوێنی.

٢- ئاکارنەرمی و سەرگرانی

دووەم پاری پاژەکانی ڕەوشتی ئازایەتی وبوێری، ڕەوشتی ئاکارنەرمی و سەرگرانییە. ئەمەش نیازی دەسەوەرکردنی ڕەدا و خۆشحاڵیی پەروەردگار، دەهاوپەرای ناڕەحەتی و سەختی و بردەباریدا، خۆڕاگری و لەباری هەڵکردنی بای تووڕەیی و سەختیی شەهوەت و ئارەزوودا نەفسی خۆ بهێوڕێنی و دایمرکێنیەوە، خێوی تەختی پادشایەتی، سەرگرانی و دڵ و دەروون هێمنی نەکا وە ماڵی تەبیعەت و مجێزی خۆی، بێ گومان، هەر کارێکی سەخت و دژوار لە خۆ بەدوور دەگرێ، مەیل و ئارەزووی سستی و خاووخلیچکی دەخۆدا بەدەنگ دێنێ. خاوەنی توانست و سەرپشک هەمیشە گوێ وەفەرمانی هێزی دەروونی بێ و هەرچییەکی لێ خوایشت کرد، بەڵێی بۆ بواچێ و لە فرمان جێوەجێکردنیا پەلەی لێ بکا، زەرەر و زیانی زۆر وە خەڵک و خوا و سپا ئەگەیەنێ.

بەیت:

تا دەتوانی دژمنت بە زووانی خۆش بدوێنە
مرۆی خراو، ڕەنگە وە ڕەفتاری نەرم بێتە ژێربار

مرۆی دەروونپەست زۆرن. هەن، هەر وە زگماک ناتەواون. برێ ڕۆحیان کزە، لە کاروکریاندا فرە خواروخێچن. ئەمانە لەناو کتێوا نوویسریاگن....

ژمارەی پیاوخراو هەمیشە لە هین پیاوچاکێل فرەترە. لە خزمەت سوڵتان و پادشایاندا، لە گێڕانەوەی ڤەنگوڤاژێ بوێ وەمایەی هەڵچوونیان پڕ پێ دادەگرن، بۆنا بەرژەوەندییا تایبەتا یا خوە ژ وانڕا چیرۆک و داستانێن پڕ سەهمناک ڤەدگێڕن. هەکە سوڵتانی دەسەلاتدار ب هەمی جۆرە داستانەکی باوەڕ بینە و لەسەر تۆڵەساندن سووربێ و کاران بە پێی قسەی «دەسەڵاتی خۆ بەچاوشارکێ زۆرکەن» و بە دەوودووی خۆش و ڕووی گەش سەروبەر نێ و چاو لە هەڵە و حەیب و حاری بەندەکانی نەپۆشێ، خەڵک بەرگەی سزای گەورە و گران ناگرن. گوناهکاران تاوشتی سزادرانی هەموو گوناهێکیان نامێنێ.

بەیت:

هێندەی سەخت مەگرە، هەموو كارێ، قەناعەتە،

شەرت نییە هەموو كارێكی پەسەند بە دڵی تۆ بێ!

ئیدی بەو ئاوایە پادشای بەدەسەڵات، نەفسی خۆی، دە ئارەزوو و خوایشتەكانیدا، دە هەموو واز و ئاواتە جۆراوجۆرەكانیدا، دەسەرلەبەری جەشكە و بەگەنەكانیدا، دە مەیل و هەویا خۆڕسكەكانیدا، ڕێگای سەرگرانی و لەسەرخۆیی بەدی نەكا و هەمیشە وەک منداڵ دەهەڵپەی ئەوەدا بێ ئارەزووەكانی لەهەر هەوا و هەوەسێكدا بەجێ بێنێ، خەڵكیش لەپای خۆپەرستیی وی، ترسی ماڵ و سامان و نامووس لە دەستدانی ڕێ دەنیشێ، لەتاو نەمان و حاڵ و باڵ تەفروتونا بوون، دنیایان لێ دەبێ بە چەرمی چۆلەكە.. دیارە ئەمەش دەبێ بە مایەی بشێونەیی و ئاژاوە و تەشەنە بە نێو خەڵكدا دەكا «خوداوەند حەز لە فەساد ناكا» «وإذا تولى سعى في الأرض ليفسد فيها ويهلك الحرث والنسل، والله لا يحب الفساد»(١٢٥).

دە جەنگەی تووڕەیی و ئارەزووبزواندا كوا كێیە ئەمرۆ؟ ئەمن لەوە دەگەڕێم، لێزانێ، بە ئاوەزێ لە كوێ بەدەنگ دێ؟ مرۆی ئاكارجوان بە دیمەن ئەو كەسەی خۆ دەبەرابەر قسە و كردەوەی نالەبار ڕادەگرێ. خۆ دەگەڵ سوڵتانێكی ڕەوشتی خەلیفایەتیی هەیە بگونجێن؛ سوڵتانیش دەبێ هێندەی بەزە هەبێ، لە گوناهی چكۆلەی بەندەی خۆش بێ. دەبێ چاو لەو گوناهانەی لە سۆنگەی بردەباری و سەرگرانیڕا سەرهەڵدەدەن، بپۆشێ. نابێ بە باهۆزی دەروونی پڕ لە زیانی دووزمان و قسەبەر و قسەهێنان بهەژێ. دەبێ وەک كێو دەبەرابەریدا بوەستێ و نیگەران نەبێ، دەبێ بەسەرگرانی و بردەباری، كەشتیی هیممەت، بەرابەر هەر هەڵكردنێكی بای ناهەموار، هێمنی و سەرگرانیی پێشووی خۆی لەدەست نەدا.

بەیت:

وەک چیا پێت چەسپ و چەقیبێ،

سێبەری چیا لەسای بردباریی وی، بووە بەقەرز.

٣- ئاکاری غیرەت و حەمییەت

ئەم ئاکارە ئەوەیە کە دەبێ مرۆ دین و سامانی دەوڵەت لە دووچاریی ترس و نەهامەتی، بپارێزێ. پلە و پایەی سوڵتان لە نێو خەڵکدا وەک پاسەوان و شوان و هەیبەتی سەڵتەنەت و پایەشی وەک شوانی دەچێ، پاسەوانی لە کارەکانی دنیا بکا. بێگومان سیفەتی غیرەت و حەمییەتی، لە گوێن پەردەداریی کۆشکی خیلافەت و دەوڵەتە، دەبێ ئەو پەردەدارە هەمیشە پادشایەتی و حەرەمسەرای حیشمەت لە دژمنان بپارێزێ.

بە پێی حەدیسی ڕاستەگینەی پەیامبەر (د.خ) خواوەند سنوور و کەوشەنی بپارێزێ... دەبێ وەڵامی دین و میللەت بپارێزێ؛ چونکە لەم دنیایەدا یاسای ئاینی پەیامبەر بەسەرگرانی و غیرەتی سوڵتانان دەپارێزرێ. مەحرەمیاتیی شاهان هەمیشە بە پاسەوانی دەستپاک و بە غیرەت لە چاوی پیسی نارەسەن و پەستان دەپارێزرێ.

بەیت:

تا نهێنییەکانت پشت پەردەبن،
گـوزەرانی مـاڵت تێک ناچێ

حەزرەتی پێغەمبەر (د.خ) ئەم نهێنییە بڵیندەی بەم قسە بەرزە پەسن فەرمووە: «خواوەند هەمیشە بە غیرەتە، هیچ کارێکی دزێوی بە غیرەتی خۆی ڕەوا نەدیوە». «خوا بە غیرەتە. دەبێ خاوەن غیرەت دەسایەیدا بحاوێتەوە. بێ حەمییەتی بۆ شان و شکۆی وی دەست نادا، ئەم ئاکارە لە پارەکانی ئازایەتییە، دەبێ بە مایەی بڵیندیی شان و شکۆی پادشایانی جیهان، بە ئەستووربوونی توانست و گوردی سوڵتانان دەبێ بە مایەی خاوەن دین و موڵک بەخوو و ڕەوشت و ئاکاری سوڵتان و خەلیفە، بە هیمەت و ئازایەتی پەروەردە بکرێ.

**١- گورج تێگەیشتن درەخشانیی زەین:** ئەم خەسیەتە لە خاوێنیی گەوهەری خوڵقانەوە هاتووەتە گۆڕێ، خاوێنی و چاکیی بیر وەک ئەوە واسا، تۆ چۆن وانەکێک دەپێش نەینکێکی بێگەرد دادەنێی، یەکسەر نەخش دەبێ، ئەوەهاش هەموو شتێ دەبێ بەهێزی هەست تیژ لەسەر پەردەی زەین نەخش ببێ.

پیاوی زەینتیژ هەق و ڕاستین دەو ئاوێنەیەدا بەبێ گومانی نەخش دەکا. سوڵتانان و پادشایان لەبەر ئەوەی دەبێ لە ڕواڵەتدا لە ژێر دەستانیان، دەباری فەرمانڕەوایی و بڵیندیدابن، دەبێ بە نهێنیش لەوان بالاتر و سەرووتربن و دەنا نایانپەرژێتە فەرمانڕەوایی و بەسەر ولاتدا ڕاگەیشتن، ناوێ، وەسەرکزیی نەزانی و گەمژەیییەوە. وەکەم بزانرێن. دەبێ هێندە زانا و زیرەک بن کارمەند و ژێردەستیان شەرمیان لێ بکەن. گوێ بە فەرمانییان بن. ئەگەر ڕوو لە مانای ڕۆحی و ڕاستینی زانستی ڕاست و دروست بکەن، دە سرشتی بێگەرد و چریسکەداری خۆدا بەرە و سەرچاوەی ژیانی عیرفان پێ هەڵدەگرن.

ئەگەر هیمەتی خۆ دە پێناوی حیکمەتی ڕاستین و زانستەکانی ئایندا بە خەرج بدەن، مجێزیان، بێ وەی دەسخەڕۆی تارماییی پڕوپووچ بن و خەیاڵ پلاوی دەرۆ و دەلەسە لە خشتەیان بەرێ، بەو ئارمانەی بۆ خۆیان دەیان هەوێ بیگەنێ، دەیگەنێ.

هەڵبەست:

کاتێکی زەریای بیری وی پێل دەدا
هەموو شتێ، یەکسەر ئاشکرا دەبێ
ئەگەر دەخۆیدا چرایەک هەڵایسێ
گردەی خۆر دەکا بەسینیی دەستی

تێگەیشتن و چشت دەرککردن هەرچەندە بەخشیشێکی زگماک بن، گوردی گومان و سۆسەکردن هەرچەندە لەو ئەردەوانە بن، وە زگماک دەمرۆدا هەبن،

بەڵام ئەمانە ئاکارگەل و کارەکتەرێکن، پەروەردەکردن و وەهێزکردنیان گەرەکە. ئەمانە لە هاودەمی و هاونشینیی زانایان و بە پیت و فەڕی هاودۆستیی خاوەن حیکمەتی دیمانەکی و کردمانەکیی وەپێز ئەون و گورد و توانایان دەشارەگیاندا دەگەڕێ؛ چونکە چرای دڵی خاوەن ئاوەز، دەسای دراوسێتیی زانستدا دەچریسکێتەوە.

شەمڕووی خۆڕسکی ئاوەزداران بە خۆشخوانیی چرای زوانی عیرفان هەڵدەگیرسێن، سوڵتانگەلێ، کە لە پلە و پایەی پێغەمبەراندان، پادشایانی خاوەن بڕوا، ئیسکەندەری دوو قۆچ، ئەنەوشیروانی بەداد، کەیخۆسرەوی پیرۆز و لە گوێن وان، دە کاتێکدا بەوپەڕی پلە و پایەی فەزڵ و زانست و حیکمەت گەیشتبوون، هەمیشە هاونشین و هاودەمی زانا و خاوەن عیرفان بووگن، لە تەک پیاوماقووڵ و دەمڕاست و خاوەن سامان و ئەزموون دیتەدا هاوسەروکار و هاوسەروساخت بووگن.

بەیت:

وە گوێی ئاوەزکردن ئیدراک و زەین زاخاو ئەدەی،

«شین و شایی وەدەسیاوی» دە ئەقڵ لە تاکە ئەقڵێ خاسترەن...

**٢- مەلەکەی وەبیرهاتنەوە و زەینتیژی:** پاری دووەمی ئاکاری حیکمەت سیفەتی وەبیرهاتنەوە و زەینتیژییە. ئەمەش بیرکردنەوەیەکە بەم جۆرە: بەهێزی دە گەنجینەی زەیندا پاراستنی گەوهەرەکانی ئیدراک، وێنەکانی زانست وەک ئاوێنەی بێگەرد دەبیرهێنانەوەدا ئامادە و تەیارکەی و لە کاتی پێویستدا، ئەوەی دەرک کراوە، بەتەواوتر وەبیر بێریتەوە و بەهۆی ئەو سەرەتا زانستەکیانەی لە گەنجینەی دڵدا پارێزراون، زانستی دیکە ڕێکوڕاست وەدەست بێری سەردەکەوێ، سەردەکەوێ بەڵام مرۆ هەمیشە لە دووبەختیی ئەوەدایە دووچاری لەبیرکردن بێ. وەک زانینی خۆی دەشێوەی بابەتی «... ئەوە شیاوی وەبیرهێنانەوە نەبوو...»[١٢٦] «هل آتي على الانسان حين من الدهر، لم يكن شيئاً مذكوراً».

به ئاماژه حسێوکا و به ئارەزووی زانستی کردمانەکی کاری سەروبەرنانی، یا دەهەر هەڵپەی فێربوونی یاسایەکی نوێدا سەرلەنوێ ئاتاجی زانا بوون به باری سوود له بابەتان وەرگرتن به کارێکی سەخت و دژوار بزانێ، سوڵتانان، کە مەزهەری خواوەندن، دەبێ پەره به هەراوکردن و فراژووکردنی زانست بدەن. دەکاری دین و وڵاتدا وریا و بیرموووقڵاش و ئاوەز زیخ بن، دەبێ به ڕۆشنایی دڵ و چالاکیی مێشکی له خەڵک و سپا ڕابگەیەنێ، که هەمیشه بیر له ژیری و بیرتیژییان بکەنەوه و سەرپێچی له یاسایان نەکەن. هەمیشه دەبەرابەر سام و هەیبەتی زانستیاندا بیر له پارەپارەبوون و کەڵەوەکێشی و سەرەڕۆیی نەکەنەوه.

بەیت:

دەهەق پەرستیدا وریا بن گۆی گرێو دەبەنەوه،
ئەگەر خافڵ بن، زینهار، هەق نییه.

پارەکانی ئاکاری داد

**پارەکانی ئاکاری داد، که له شاڕێ سەرەتاکانه، ده هیمی فەرمانڕەواییدا، له هەره زەروور و ناچارەکییەکانه.**

**١- سەرراستی و بەزەو**: سەرراستی و بەزەو بریتییه لەوه مرۆ له خۆشەویستی و ئەویندا ڕاست و دروست، له حاڵی پەریشانی و نیگەرانیدا ڕاست و دروست، له حاڵی نەشئه و لەخۆچوون و ئاسوودەگیدا دڵت خۆش بێ. به لێبڕانەوه، سوڵتان هەمیشه پێویستی به یارمەتی، کۆمەگە، بەو پێیه سێبەری داوێنەداری پادشایەتی، پەنای گەورەی حەسانەوه و حەوانەوەی گەوره و بچووکانه، دەبێ ژێردەستان و گوێ به فەرمانانی له گوێن ئەندامانی لەشی بزانێ. کاتێکی خێروخۆشی ڕوو له خەڵک دەکا، یا بەدبەختی و کوێرەوەریی تێ ڕۆدێ، دەبێ وا بزانێ خێروخۆشیی خۆیەتی و نەگبەتی و کوڵەواری له خۆی ڕۆهاتووه، پادشای وریا و زرنگ له پای وەی نسێی خواوەنده، دەبێ خۆری چاشتان به چاوی میهرەبانییەوه بنۆڕێته خەڵکەکەی،

دەبێ خـۆی وەک کوێخـای مـاڵێ بزانێ، بـە چاوی بەزەوە بنێـهـڕێتـە گـەورە و بچـووک و دەگـەڵ کـەنـەفت و لاوازان جـوامـێـر و دلاوابێ، بـەنده و دلاوەرانی لەشکری دەژێر ئالای بەزە و دڵگەرمیی خۆدا وەک باب و فرزەندیانی تواشاکا. بە جـۆرێکیـان ڕەفـتـار دەگـەڵدا بکا گـشـت لە گـشـتی خـەڵک، هەر لـە بۆ پارێزگاریی ئاسـایشی خۆ، هەمیشـە بەگیان و بەدڵ دووعای تەمـەندرێژیی خۆ و مـــوڵک و دەســـەلاتی بۆ بکەن، کـــارێکی وا بکا نیـــازپاک و بـڕواپتـــەو لە خـواوەندی بۆ بپاڕێنەوە، پایەدارتر و سـەربڵندتر و دەسـڕۆتر بێ. سـەروکاری پادشـا دەگەڵ بەنده و ژێردەسـتـانیـدا، بەزە و پەردەی دڵی دەبێ لە پێش ئاهی سـەردی ستـەمـدیداندا لە گوێن پەڕی گوڵی بەرەبەیان بە ڕەنگێ بێ، یـەکسـەر ســیس هـەڵێ و بژاکێ، ئاهوناڵەی زۆرلێکراوانی وەک نـەینک دەناخی دڵیــدا خڕکاتەوە.

هـەڵبـەست:
ئەوی لەسـەرە تـۆیە نازی بێدەسـەلاتان بـکێشی
دادی تـۆش لـوتـف و دەست بـەســــەرداهێـنـانـە.

**٢- ئەمـەگ و جوان پاداشتدانەوە:** ئەم ئاکارەش، مانای ئەوەیە ئەتۆ گفتێکی داوتە، بەجێی بێنی، بەڵێنێکی داوتە، لێی پاشـەگەز نەبییەوە. کاری بـەندەگان ڕاپەڕێنی و پشتگوێی نەخەی.

لەبەر وەی سـوڵتان سـێبەری خـواوەندە، لە بەندەگانی خـواستـووە، پابەندی پەیمان و گفتـی خۆبن! «ئامـۆژگارییەکی لەمـەڕ ئیمـان بە پێغـەمـبەرم گـوتووە، بەجـێی بێنن تـا ئەمنیش پـەیمانێکی بە ئێـوەم داوە بـەجـێی بێنم...»[١٢٧] «قل أرأيتم أن أتاكم عذاب الله تواتتكم السـاعة غير الله تدعون أن كنتم صـادقين». دەبینـی بەمـە خـواوەند داوای وەفـاداری و ئەمـەگ لە بەندەکانـی دەکـا. بەندە دەبێ هـەمـیشـە شوکرانـەبژێری خاوەن دەهـندەیی و نیـعمـەت بێ؛ چونکە هـەقی خـۆیەتی، بێگومـان بەندەی گوێ لە مـستـی خـواوەند هـەمـیشـە دەئەمـر و ڕای سوڵتانـاندا دەبن و بە پێی یاسـا و زاموونی وی چاوەنۆڕی پاداشـتی وی دەبن

و داوای گفت بەجێهێنان و وەبەر لوتف کەوتن دەکەن. ئەگەر خۆشەویستی و پەیمان و وەفاداری لە نێوان پادشا و خەڵکدا نەمێنێ، کەس بە خوایشتی خۆ و لە خۆڕا مل بۆ خزمەت نانێ و خۆ بەخت ناکا. ئەگەر ئاغای، بەڵێنەکانی بەجێ نەگەیەنێ، هەر کارێکی ڕای سپێرێتێ، بەو جۆرەی دەیهەوێ نایپەرژێتێ و ڕای ناپەرژێنێ، دەی جـا هەنگین بڕوا و هاودڵی دە نێـوان پادشـا و شەرکەرانیدا چۆن دەمێنێ؟ هەرکەسە بەری بەلای خۆدا ڕادەکێشێ و بشێونەیی ئەکەفێتە ناو ڕیزەکانیانەوە و لە سان دەرئەچن و ئاژاوە دەنێنەوە و لە ئاکامدا کار وەلای شل و شۆقیی ماڵ و داراییدا دەشکێتەوە و هەرکە بۆ خۆیی و گوێپچڕ گوێپچڕ ئەکەفێتە بەین پاسەوانی شکۆ و پایە بڵندیی پادشـاوە و دیارە چشت وا – لە ڕوویا وەپەرژین وێ – لە هاسـانەکـەی ئەو ناوەشێتەوە.

هەڵبەست:

هۆ ئاقڵ و هۆش وەخۆ،
گفت وەجێ بێرە، گوێدێرە،
لە ئاکاما «بە پەیمانو دەکەم» بۆ خۆتان خاسە،
گفتێ داگتانە، وەجێی بێرن.

## ٢– هەڵبژاردەی شیعری وی:

١– پەسنی شەریفی ئیدریسی بدلیسی(١٢٨).
هۆ خێوی ئەردەو و گەورەییان
بەنەشئە و حوزوورەوە سەڵاوات بدەن
سلاو و سەڵاواتی پاقژ بشینن
بۆنا کەسەکێ خودێ ناڤێ وی دانایە پێغەمبەر
سەروەری تیرەی پەیامبەران، خۆشەویستی یەزدان،
کاتێکی گشت لە گشتی لەش بوو، ئەو گیان
ئەتۆ سوڵتانی، خێوی وڵاتی هەردوو جیهان

له سای زاتی تۆ مرۆ ئازیزه
ئەتۆ بە پێی تەوحید دە وڵاتی مەلائیکان
سوڵتانی دەستەک کراوی وڵاتی دڵان
پڕیشکێکی لە ناڵی بوراقی وی دەردەپەڕی
هەر ئێک بووەتە شێرێ دە ئاسمان
سەرپاکی ڕووی ئاسمان گەردێکە لە داوێنی وی وەریوە
ستێران چەند دنکێکن لە جۆخینی وی
لە جیهانی ئاشکرا و دیار پەیدا بووی
هۆ گەڕیدەی سەرتاسەری جیهانی نادیار
دە حوزووری یەزدان، دە خەڵوەتی تەنیا خۆی
گیانی پاکت ئەمینداری دەرگانەی وی
ئیدریس گوێ لە مستی خێزانی تۆیە
بە ڕوو ئاسانەکەت دە ماڵێ
لە تاسەی ڕوخساری تۆ و ئاڵهای دیداری تۆ
گەردێکم لە خاکی بەر پێت
کە پێش کەوم، بەسەر دێمە خاکپات
لە تۆزی ڕێگەتڕا سەر لە ئاسمان دەسووم
گەر لە گوناهیش بکەم سڵ
ئەتۆم پەنابی نابم دوو دڵ
ئەتۆی تکاکاری ڕۆژی غوربەتم
ئەتۆی فریاڕەسی شەوی میحنەتم
لە بەندە خاکپا ماڵین و بەندەگی
لە تۆش تکایەک بۆ ئۆمەتی پڕ شەرمەندەگی

**٢- شـیـعـرێکی ئیـدریسی بدلیـسی بەبۆنەی لەدایکبـوونی یاوز سـوڵتـان سەلیمەوە دە ئەماسییە، لە ساڵی ٨٥٧ ک (١٤٧٠ز) گوتوویە:**

«دە هەشت سەد و حەفتا و پێنجدا

بەردێکی بەنرخ لە تانجی شا هەڵوەری
ئەوی دە زەریای زانستدا وەکە تنۆکێ
ئەوی لە سای توانی زانست بیبیلەی چاوان
ئەوی نێوی سەلیمە، ئەفسەری سەری شاهی
کەڵە فەرمانڕەوای جیهان لەوی دانایی دەخوازێ(١٢٩)

**٣- شیعرێکی، ئیدریسی بدلیسی لە بۆ سوڵتان سلێمانی قانوونیی نووسیوە:**

شاهی بنەماڵەی بەرەی عوسمان
هۆ وەی دە پلەی ڕۆحدایە بۆ جەستەی سەڵتەنەت
وەلیعاتی سەڵتەنەتی زەمانەیە
بازی یەغباڵی ئەم هێلانەیەیە
غەلیفاتی بەوی دەکا شانازی
هەر لە خۆی دێ تانج و تەختی پادشاهی
تانج و تەختی قەیسەر شیاوی وییە
سەروەری ئاکار و ڕەوشتی وییە
و هتد.....

باری پێنجەم:

## دەستاوێزان

١- نموونەیەک لە فەرمانێکی یاوز سوڵتان سەلیم کە بۆ دڵنیایی کوردانی بە ئیدریسی بدلیسی داوە.


«نموونەی فەرمانی بڵیند و شکۆداری پادشای جوامێرە»

دە کاتی بڵاوکردنەوەی فەرمانی گۆڕیندا نێوی هەموو نێودارانی، کە تێدا نووسراون، بڵاونەکراوەتەوە... مەلا حەکیمودین ئیدریس، خواوەندی گەورە درێژە بە کەماڵاتت بدا، ئەم فەرمایشتە پادشاهانە بڵیندەمت دەگاتێ، دەبێ بزانی، نامەکەت بە دەرگای بەختەوەرم گەیشت، ئەوەی لە تۆ چاوەنۆڕ دەکرێ و وامی ئەستۆیتە بە جوانیت جێبەجێ کرد و بووی وەمایەی دەسگیرکردنی سەرلەوەری گەڤەری دیاربەکر و هەر خۆشت پارێزگاکانی دیکە سەروبەر دەنێی، نوازشت و دڵاوایی بڵیندم لە هەقت زۆر و زەوەندن. دەو باری ئەوڕۆی تێدا ین، تا دوای شەشەڵان دووهەزار فلۆری دراوی فەرەنگی و کەوڵە ساموورێک و شەکێکی تیسکن و دوو شیری بڕای زێڕکفتی کالان کەمخای فەڕەنگیت لۆ بەدیاری ناردران. وە تەمای خوای فرە دڵاوا، کە ئەوانەت دەگەنێ بەلەشساغی وەریان دەگری و لەبەریان دەکەی و خەرجیان دەکەی، لەپای خزمەت و پاداشتی سەرڕاستی و نیهادپاکیتدا بە بڕێک لە نوازشتی هەمەڕەنگی فەرمانڕەوایی پرشنگدارم لەقەڵەم دران.


بەر خوردار و بەختەوەربی و هتد...(١٣٠).




عەرز و حاڵێ بە دەسنووسی ئیدریسی بدلیسی، خۆی



مۆری ئیدریسی بدلیسی



دیمەنێ لە گڵکۆیەکەی ئیدریسی بدلیسی، لە ئارامگای (أیوب الأنصاری)دا لە ئیستانبوڵ لەبەری سرکەجی. دە کێلی گڵکۆی ئیدریسی بدلیسی ئەمە نووسراوە: «قطب العارفین مرحوم و مغفور لە، ادریسی افندی روحی ایچون الفاتحە»



نووسینێکی ئیدریسی بدلیسی بەلای چەپی دەرگانەی مزگەوتی
مستەفا پاشای قۆجەوە

## ئەو پەراوێز و سەرچاوە کلاسیکە گریکییانەی
## لە ئیدریسی بدلیسی دوواون ئەمانەن

١- محەمەد مەجدی، حدائق الشقائق، ئەستەمبۆڵ، ١٢٦٩ س س. ٢٣٥ - ٣٢٧ - ٣٢٨، ٣٨١ .

- خواجە سەعدەدین: تاج التواریخ. ئەستەمبۆڵ ١٢٧٩ بII. س س. ٣٢٢ - ٥٠٦ .

- محەمەد سورەییا: سجل عثماني، ئەستەمبۆڵ ١٣١٤، ب ١ ل. ٣٠٩

- موستەقیم زادە: تحفة الخطاطین، ئەستەمبۆڵ ١٩٢٨، س س ١١٠ - ١١٥ .

- محەمەد تاهیر بورسەیی: کتێب دانەرانی عوسمانی، ب٣، ئەستەمبۆڵ. ١٣٣١ ل٧.

- کاتب چەلەبی: کشف الظنون ب ١، ئەستەمبۆڵ، ١٩٤٥، س س . ٨٤٠ - ٨٤١ - ٨٧٦ .

- اسماعیل پاشا البغدادي: ایضاح المکنون. ب ١ ئەستەمبۆڵ ١٩٤٥، ل ١٦٩ هەر هەمان نووسیار هدیة العارفین، ئەستەمبۆڵ، ١٩٥١ ل. ٤١ .

- شرف الدین البدلیسی: شرفنامە، بڵاوکردنەوەی ڤیلیامینۆڤ - زەرنۆف، ب ٢ پێترسبورگ - ١٩٦٠، ل ٣٤٢ .

٢- بنۆڕە سەعید نەفیسی: تاریخ نظم و نثر در ایران و زبان فارسی، تهران، ١٣٤٤، ل ٢٥٣ .

٣- ئی وەکو بابینگەر و هاممەری زۆر ناسراو کە لەمەڕ ئیدریسی بدلیسییان زۆر نووسیوە لەبارەی بنەچەکەی وی بێدەنگن. بەڵام بۆ یەکەم جار، و. هێنز بەو جۆرەیان قسە لەسەر کردووە. و. هێنز: ئوزون حەسەن و شێخ جونەید، وەرگێڕ. ت. بایبقلی ئۆغلوو و بڵاڤۆکێن ت. ت. ک، ئەنقەرە، ١٩٤٨، ل ١٠٢، جگە لەمەش بنۆڕە (V.I) Melanga. بدلیسی IE، چاپی نوێ، ب١، ١٩٨٦ ل K.V (V.) Minor-sky: "کوردستان". (History) Ei چاپی نوێ، ب ٥، ل ٤٥٦ .

٤- تێبینی وەرگێڕ لەسەر حەسەن توەکولی بڵاوکردنەوەی و بە تورکیکرانی رەخنە لەسەر "قانونی شاهەنشاهی" ئیدریسی بدلیسی، تێزی لە چاپنەدراو دوکتۆرا

ی. و ئ-. ف بەشی مێژوو، ئەستەمبۆڵ، ١٩٧٤ ل٤ .

٥- تێبینیی وەرگێڕ لەسەر اسماعیل پاشا البغدادي: هدیة العارفین ل ١، ئەستەمبۆڵ، ١٩٥١ ل١٩٦ .

٦- قەرەخان (ئا.) تێڕامانێکی تێکڕا لە وەرگێڕانی چل فەرموودەی پێغەمبەر (د.خ) کۆواری بابەتی ترکان، ب. ١٠ ئەستەمبۆڵ ١٩٥٣، ل ٢٣٥ هەر هەمان نووسیار: ڤەکۆ: ئەدەبیاتا کەڤن یێن ترکا، وەشانا ی. و. ئـ. ف. ژ: ٢٦٥٩ ئەستەمبۆڵ. ١٩٨٠، ڕوو: ٩٨ .

٧- خواجە سعدالدین، تاج التواریخ، ئـ. پار ماقسز ئۆغڵوو زمانەکەی هەموار کردووە. ب ٤ ئەستەمبۆڵ ١٩٧٩ ل٢٤٦

٨- محەمەد شوکری: هاتنە دامەزراندنا دەوڵەتا عوسمانیێ، ئەنقەرە، ١٩٣٤، ڕوو: ١٠ .

٩- د هنەک ژێدەرێن نوهدا، عەمار، ب. عومەر هانییە نڤیساندن. بنهێر.
م. شوکری هەر هەمان کتێب، ڕوو ٩؛ Huart (٢١٠): بدلیسی EI، چاپا کەڤن، ب ١ ڕوو. ٧٣٢، عمار بن یاسر، بە ئەسڵ ئەو خوارەزمییە، لێ بە لێ نیسبەتا بدلیسی ژ خوەڕا دانایە ژ موریدێن ابن النجیب السهروردي (مر: ١١٩٨) بنیاتنێی ڕێبازی سوهرەوەردییە. نەجمەدین کوبرا ژ شاگردێن وییە، عەمار، لە ساڵی ٥٧٩ک ١٢٠١ز دا مردووە. لەلایەکی ترەوە، تاهیر بورسەیی دەڵێ: بابی ئیدریسی بدلیسی جێگری سەید محەمەدی نوربەخشی بنیاتنێی ڕێبازی نوربەخشییە. بڕوانە (م. ت) بورسەیی: کتێب دانەرانی عوسمانییان، ب١، ل: ١٠٦ .

١٠- ئیدریسی بدلیسی: مرأة العشاق، ١٥٣ - ١٥٤ .

١١- م. ت بورسەیی: کتێب دانەرانی عوسمانییان، ب ١ ئەستەمبۆڵ ١٣٣٣ ل ٥٨ .

١٢- بنۆڕە حەسەن تەوەکولی: سەرچاوەی پێشووتر ل ٣ .

١٣- بنۆڕە خەواجە سەعدەدین، سەرچاوەی پێشووتر، ب ٤، ل ٢٦٤، موستەقیم زادە: تحفة الخطاطین، ئەستەمبۆڵ ١٩٢٨ .

١٤- ئیدریسی بدلیسی: وەرگێڕان و لێکدانەوەی چل فەرموودەی پێغەمبەر (د.خ) کتێبخانەی فاتیح ژ٥: ١/٧٩١ .

١٥- بنوارە شرف الدین بدلیسي: شرفنامە ل ٣٤٢؛ غازي احمد میر منشی قمی: گلستان هز ل ٤٤؛ محەمەد سورەییا: سجل عثمانی ل ٣٠٩ .

١٦- بڕوانە خەواجە سەعدەدین سەرچاوەی پێشووتر، ب ٤، ل ٢٦٤ .

١٧– لەوان کەسان، قازی عیسا، کاتبی دیوانی ئوزون حەسەن بوو. دە پێشدا لەلەییی سوڵتان یەعقووبی کردووە، پاشانەکێش بووە بە شاڵیاری وی. دە ١٤٩٠دا چاوی لە دنیای ڕوون ناوە. هەرچی شێخ نەجمەدین مەسعوودە خوارزای قازی عیسایە. زاتێکی شاعیر و زانا بوو؛ لە دۆستانی زۆر نزیکی عەلی شیرنەوایی بوو.

١٨– خواجە سعدالدین، هەمان سەرچاوەی پێشووتر ب ٥، ل١٢٠٧ .

١٩– مێلانگ (٧٠٢٠) تبلیسی EI چاپی نوڤی ب١ ل: ١٢٠٧ .

٢٠– محیی گلشنی: مناقب ابراهیم گلشنی، بڵاوکردنەوە نووسیاری ترک، بلاڤۆکا ت. ت. ک، ئەنقەرە ١٩٨٢ ل ٨٠ – ٨١ – ٣٥٣ .

٢١– ئارشیوی مووزەخانەی بدلیسی لە کۆشکی تۆپ قاپوو ئـ .

نامەی ژ: ٥٦٧٥، بۆ بەشی تەرجەمەکراوی ئەم نامەیە بڕوانە F.R. UNAT: ڤەکۆلینێن کو ل سەر دیرۆکا نەشری هاتینە کرن. بەللەتەن ب٧، ژ، ٢٥، ١٩٤٣ ل ١٩٨ – ١٩٩ .

٢٢– هەمان نامە ل ١٩٨ .

٢٣– محیی گلشنی: هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٣٥٣ .

٢٤– هەمان نامەی پێشوو ل ١٩٨: محەمەد شوکری.

هەمان سەرچاوە ل ١٠ کاتب چەلەبی: کشف الظنون ب١ ل ٨٤٠ – ٨٤١ .

٢٥– کاتب چەلەبی هەمان سەرچاوە، ل ٨٤٠ – ٨٤١ .

٢٦– سەعدەدین: هەمان سەرچاوە، ب٢، ل٢٩٩ – ٣١٣؛ ئوزون چارشلی چلپی ٤ بلاڤۆکێن ت. ت. ک ئەنقەرە ١٩٨٣ ب ٢، ل: ٢٧٥ .

٢٧– بڕوانە: سەعدەدین: هەمان سەرچاوە. ب ٤، ل ٢٤٩ .

٢٨– بنۆڕە: ئەحمەد ریفعەت ئەفەندی: لغات تاریخیة و جغرافیة، ب١، ل:١١٠؛ شمس الدین سامي؛ قاموس الاعلام، ب ٢، ل:٨١١ .

٢٩– بڕوانە حەبیب: خط و خطاطین، ل:٥٩ .

٣٠– بڕوانە کاتب چەلەپی: هەمان ژێدەر، ب١، ٢١٨؛ Gibb (E.J.W) A history of ottoman Poetry

ب ٣ . ل: تێبینی:١ .

٣١– بنۆڕە Gibb (E.J.W) A history of ottoman Poetry

ل٢٦٧، تێبینی:١

٣٢- محەمەد شوکری: هەمان ژێدەر ل:٢

(٧٠١٠٠) Melange هەمان ژێدەر ل: ١٢٠٨ ئی واش هەن مێژووی جیاجیایان نووسیوە بە نموونە: هامەر«دە کاتێکدا ٩٣٠ک ١٥٢٣ ز» دەنووسێ، ئا قەرەخان مێژووی ٩٢٧ک- ١٥٢١ز نووسیوە بنهێر قەرەخان (ئا) چل فەرموودەی پێغەمبەر، (د.خ) دە ئەدەبیاتی ئیسلامیەتی تورکدا، ل:١١٢ .

٣٣- بنهێرِ موستەقیم زادە: تحفة الخطاطين ل:١١١ .

٣٤- بنهێرِ: محمد مجدي افندي: ترجمة شقائق، ب ٣، ل ٣٢٧ .

٣٥- بابینگەر (ف) نووسیارانی دیرۆکی عوسمانی و وەرگێرِ، چ ئوپمۆق. بلاڤۆکێن وەزارەتی رۆشنبیری و مێژوو. ژ ٤٤، ئەنقەرە، ١٩٨٢ ل١٠٧ .

٣٦- برِوانە علي افندي حلمي الداغستاني: فهرست الكتب التركية، قاهيرة ١٣٠٦ ل ١٩٦ .

٣٧- برِوانە محەمەد سورەییا: هەمان ژێدەر ب ١ ئەستەمبۆڵ ١٠٣٨ ل:١٧٢ بابینگەر (ف) هەمان ژێدەر ل ١٠٨ .

٣٨- ئوزوون چارشلی (ی.ح) هەمان ژیدەر، ب: ٢، ل: ٦٧٦ تێبینی١ .

٣٩- سەخی بەگ: تذکرە "هەشت بەهەشت" م. ئیسەن زمانەکەی هەموار کردووە، وەرگێرِانی ١٠٠١ کتێبی شاکار ژ: ١٥٢ ئەستەمبۆڵ.

٤٠- بنۆرِە دەرحەقا زانایێن کو د خزمەتا ئاق قۆیوونلووادا بووینە و میراتییا وان. (م. ت)ی ستێرناس، میرانی ئاق قۆیوونلووان لە سەرەتای سەدەی ١٦هەمدا، دەخزمەت دەوڵەتی عوسمانیدا کۆواری بابەتی ترکان ب٩، ١٩٥١ ل: ٣٥ – ٤٦ .

٤١- محمد مجدي افندي: هەمان ژێدەر، ئەستەمبۆڵ ١٢٦٩ ١٨٥٢ / ل:١٩٣ – ١٩٥ .

٤٢- هەمان نووسراوی پێشوو ل:١٦٥ .

٤٣- تضرعنامە: ئا مارتۆل تولوم دە ساڵی ١٩٧١دا لە ئەستەمبۆڵ بلاوی کردووەتەوە.

٤٤- (ی.ح) ئوزوون چارشلی: مێژووی عوسمانی، ب٢ چاپی ٤ی ک م ت ئەنقەرە ١٩٨٣ ل ٥٩٢ .

٤٥- کتاب جهانما (س. ف. ر) ئونات و م. ئا گۆیێمەن بە پیتی کۆن و تازە، بە نێوی "مێژووی نەشری"یەوە بلاویان کردووەتەوە، ب١، ١٩٤٩ . ب٢، ١٩٥٧ بلاڤۆکی ت. ت. ک زنجیرە ٣ تێبینی: ٢آو٢ب.

٤٦- کتێبەکەی کەمال پاشا زادە بە نێوی "تواريخ آل عثمان" شرف الدين توران لە

نێوان بڵاڤۆکەکانی ت. ت. ک دەفتەر بە دەفتەر بڵاوی کردووەتەوە (١٩٥٧ – ١٩٧٠) .

٤٧– (ی.ح) ئوزوون چارشلی: هەمان ژێدەر ل ٦٠٩ .

٤٨– ئەم کتێبە لە کتێبخانەی گەنجینەی ئەمانەتیی کۆشکی تۆپ قاپوو، دەزیمنی دەستەیەکدا، بە ژمارە ٢٠٨٤ هەڵگیراوە.

٤٩– نوسخەیەکی زانراوی کتێبەکە بە ژمارە ٩٥٤ لە کتێبخانەی Edcutiol تۆمار کراوە.

٥٠– (ئا. ئا) ئادی وار، زانست لەکن ترکی عوسمانی، کتێبخانەی رەمزی شەقامی ئیستیقلال، ١٩٧٠ ل:٤٣ .

٥١– شەرحەکەی، نوسخەی زۆری دە کتێبخانەی ئەستەمبۆڵدا هەن؛ نوسخەیەکی بە ژمارە ٢٦٩٧ لە کتێبخانەی ئایا سۆفیادا هەڵگیراوە.

٥٢– بڕوانە (ئا. ئا) ئادی وار هەمان ژێدەر، ل: ٥٥ .

٥٣– کتێبێکە بە عەرەبی E.Weidemann کردوویە بە ئەڵمانی و بە لێکدراوەیی، دە، زنجیرەی Beitraege zur Geschichte der Naturwissenchafen, VII, 173 بڵاوکراوەتەوە.

٥٤– ملا لطفي المقتول: Ha Duplication del Aulel Platon et le Probleme de Delos .Paris 1940

٥٥– صالح زکي: الآثار الباقية ب٢، ل:٢٨٧ .

٥٦– شەهسوار ئۆغلوو (ب. ن) دەمیرخان (ئا. د) و گوێرەش سور (گ.ج) میژووی پژیشکی ناسیی تورک، بورسە ١٩٨٤، ل:٤٨ .

٥٧– (ئا. ئا) ئادی وار هەمان سەرچاوە ل ٥٨ .

٥٨– کتێبەکە نوسخەیەکی لە (Yildiz kpt) بژیشکی بە ژمارە:٣ تۆمار کراوە و نوسخەیەکی تریش لە Univesite kpt هەیە.

٥٩– نێوی ئەسڵیی کتێبەکە (الحاوي في علم التداوي)یە.

٦٠– کاتب چەلەبی نێوی وەرگێڕەکەی بە ئیبراهیم کوڕی عەبدوڵا جەڕاح نووسیوە. کشف الظنون ٥٨١ نوسخەیەکی ئەم کتێبە لە kpt میللیدا بە ژمارە ٥٦٨ تۆمار کراوە.

٦١– اسماعیل پاشا البغدادي: هدية العارفين ج١، ل: ١٩٦ البغدادی وشەی (ابا) لەسەر کتێبەکە، بە هەڵە (ئاداب) نووسیوە کاتب چەلەبی، هەمان سەرچاوە ل:

٨٤٠ برۆکلمان Gal (C.)Brockelmann.. ٢ ل: ٢٣٣ .
٦٢- محەمەد تاهیر بورسەیی: هەمان سەرچاوە ٣ە، ل٧ .
٦٣- محەمەد تاهیر بورسەیی: هەمان سەرچاوە ج٣، ل٧ .
٦٤- قەرەتای (F.E) کتێبخانەی مووزەی کۆشکی تۆپ قاپوو.
کاتەلۆگەکانی دەسنووسی فارسی، ج١ ئەستەمبۆڵ، ١٩٦١ ل:٢٦٦ .
٦٥- Mingana (A) Catalogue of the Arabic
Manuscripts in the john Rylands Hiberary, Manchester,1934. ل٦٧٩ .
ماگنا (ئا) کاتەلۆگی دەسنووسەکانی عەرەبی لە کتێبخانەی چۆن ڕایلانز، مانچستەر، ١٩٣٤ ل:٦٧٩ .
٦٦- محەمەد تاهیر بورسەیی: هەمان سەرچاوە ج٣، ل:٧ .
٦٧- ئەحمەد ڕەفعەت ئەفەندی: هەمان سەرچاوە ج١، ل:١١٠ .
٦٨- بڕوانە محەمەد تاهیر بورسەیی: هەمان سەرچاوە ج٣، ل:٧ .
٦٩- ئوزوون چارشلی: (J.H) هەمان سەرچاوە ل: ٦٠٤ .
٧٠- محەمەد تاهیر بورسەیی: هەمان سەرچاوە ج٣، ل:٧ دهخدا: لغت نامە، تهران ١٣٢٨، ل ١٥٦٢ .
٧١- Brockelmann (C) Gal supl II S 325.
٧٢- ئیدریسی بدلیسی "حقوق موبین" پێشەکی.
٧٣- محەمەد تاهیر بورسەیی: هەمان سەرچاوە ج٣، ل:٧ اسماعیل پاشا البغدادي هدیة العارفین ل: ١٩٦
٧٤- بڕوانە حەسەن تەوەکولی سەرچاوەی پێشوو، ٢٧ .
٧٥- حەسەن تەوەکولی سەرچاوەی پێشوو. دەقی فارسی ل ٢٠٩ .
٧٦- چل دانە حەدیسی دیاریی پێغەمبەران کۆکراونەوە و خراونە لایەکەوە و هەرچییەکیان لە لێکدانەوە و ڕوونکردنەوە، لەمەڕ نووسراوە پێیان دەگوترێ "چل حەدیس" یا "کتێبێکی چل فەرمایشت" لە سەدەی دووەمی کۆچی «سەدەی ٨می ز بەملاوە لە دنیای ئیسلامدا چل حەدیس تەرزە نووسینەوەیەک بووە بەباو. ئەمەش بە پێی فەرمایشتی پێغەمبەرمان کە فەرموویەتی: چل حەدیس لە بابەت مەسەلەکانی ئاینەوە لەبەرکەن، خوای تەعالا لەو دنیا لە نێوان چینی شەرعزان و زانایاندا زیندووتان دەکاتەوە».
٧٧- (ئا) قەرەخان چل حەدیس لە ئەدەبیاتی ئیسلامیی تورکدا ل١١٣ .

٧٨- (ئا) قەرەخان سەرچاوەی پێشوو ل: ١١٣ .

٧٩- Story (G.A) Persian Literature, London,1970 ج١، ل: ٤١٣ .

٨٠- محەمەد تاهیر بورسەیی: سەرچاوەی پێشوو ئێستامبۆڵ ١٩٧٥ ج٣، ل:٦٨ .

٨١- بڕوانە بە نموونە (ئا. ز. ڤ) تۆغان: ئوسووڵ لە مێژوودا بڵاڤۆکەکانی I.U.E.F ژمارە ٤٤٩ . چاپی ٢ ئیستامبۆڵ پەڕاوێزی ٤ (F.R).

٨٢- سەرچاوەی پێشوو ل: ١٩٨ .

٨٣- ئیدریسی بدلیسی: هەشت بەهەشت، کتێبخانەی زانستگای "ئیستامبۆڵ" بەشی دەسنووسی فارسی، ژمارە: ٦١٩، ٢٠٧ بڕوانە ئەبولفەزل محەمەد ئەفەندی: سەلیم شاهنامە، کتێبخانەی لالە ئیسماعیل ئەفەندی ژمارە: ٣٤٨، ل١١ بۆ ٤٠ .

٨٤- محەمەد تاهیر بورسەیی: کتێب دانەرە عوسمانییەکان ج٣، ئیستامبۆڵ ١٩٧٥ .

٨٥- Storey (C.A) سەرچاوەی پێشوو ج١ بەشی یەکەم ل: ٤١٥ تێبینی:١ .

٨٦- Storey: (C.A) سەرچاوەی پێشوو ج١ بەشی یەکەم ل ٤١٦ .

٨٧- Huart (C.l) :Bidlisi, Encyclepedie de (Islam) 734 چای کۆن ١٩١٣ ج١ .

٨٨- ئەنسیکلۆپێدی تورک: ئیدریسی بدلیسی، بڵاوۆکخانەی پەروەردەی نەتەوەکی ئیستامبۆڵ ١٩٧٢ ج: ٢٠، ل ٤٠

٨٩- ئەبولفەزل محەمەد ئەفەندی: سەلیم شاهنامە، دەسنووسی فارسی، کتێبخانەی لالە ئیسماعیل ئەفەندی. ژمارە ٣٤٨/١١ و ٣٨ بڕوانە ٣٩ .

٩٠- بڕوانە محیی گوڵشەنی، سەرچاوەی پێشوو ل ١١٦ .

٩١- خواجە سعدەدین: سەرچاوەی پێشوو ج: ل٢٤٦ ج ل ٢٣٩ .

٩٢- محەمەد شوکری: دامەزرانی دەوڵەتی عوسمانی 2d:ss .89 .

٩٣- محەمەد شوکری: سەرچاوەی پێشوو ل ٨٠ .

٩٤- ئوزوون چارشلی: (I.H) سەرچاوەی پێشوو ل ٦١٦ مستقیم زادە: سەرچاوەی پێشوو ل ٨ .

٩٥- زنووزی میرزا محەمەد حەسەن: ریاض الجنة: کتێبخانەی مللیی تەبریز، ژمارە ٣٥٧٨، تا ج: ٥٦٨ .

٩٦- (م) بایراقدار: داودی قەیسەرییایی، بڵاوۆکەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری و گەشت. ژمارە ٩١٢، ئەنقەرە ١٩٨، ل:٤١ - ٤٢ .

٩٧- مەقامی حەریری ل:٨

٩٨- قورئان س: ١٥، ئايەت ٣٩
٩٩- قورئان س: ٤٠، ئايەت:١٥
١٠٠- ابن الاثير ج:١، ل:٥٩
١٠١- قورئان س:٧، ئايەت:٣
١٠٢- قورئان س: ٤، ئايەت:٣
١٠٣- قورئان س:٧، ئايەت ٣٢
١٠٤- قورئان س: ٥٩، ئايەت ١٩
١٠٥- قورئان س:٤، ئايەت:٥٤
١٠٦- قورئان س:١٧، ئايەت:٣٥
١٠٧- التاج بەرگ: ٥، ل:٦٩
١٠٨- قورئان س:٥٧، ئايەت:٢٥
١٠٩- الجامع الصغير: ج١، ل٩٥
١١٠- الجامع الصغير: ج١، ل ٨٧
١١١- الترغيب: ج:٢، ل ٤٨
١١٢- الترغيب: ج:٢، ل ٨٤
١١٣- قورئان س:٦٤، ئايەت ١٥
١١٤- الجامع الصغير: ج٢، ل ٢٠٦
١١٥- قورئان س: ٥١، ئايەت ٢٢
١١٦- الجامع الصغير: ج١، ل ١٠٩
١١٧- قورئانی س٩٣، ئايەت ١٠
١١٨- قورئان س: ٩٣، ئايەت ١١
١١٩- قورئان س:٦، ئايەت ١٦٠
١٢٠- قورئان س:٢، ئايەت ١٩٥
١٢١- التاج ج٥، ل٥٤
١٢٢- الجامع الصغير: ج:١، ل١٥٣
١٢٣- شرح نهج البلاغة: ج٤، ل١٧٢
١٢٤- الجامع الصغير ج١: ل ٧٥
١٢٥- قورئان س:٢، ئايەت. ٢٠٥
١٢٦- قورئان س: ,٧٦ ئايەت ١

١٢٧- قورئان س: ١١، ئايەت: ٤٠
١٢٨- پەسنی حەزرەتی پێغەمبەر : (نعت) بە پەسندان و ستایشتی پێغەمبەر دەگوترێ؛ دیارە بە هەڵبەست یا هێندێ جار پێی دەگوترێ (نەعتی شەریف).
١٢٩- سەعدەدین: تاج التواریج. ابراهیم پەرماقسز ئۆغلوو، زمانەکەی هەموار کردووە.
بڵاوۆکەکانی وەزارەتی فەرهەنگ و ڕۆشنبیری ژمارە ٣٠١، چاپخانەی پەروەردەی میللی، ئەستەمبۆڵ. ١٩٧٩، ب ٥٠، ل ٣٦٢.

**سەرچاوە کلاسیکەکان:**


١- (ئا. ئا) ئادی وار زانست لە کن تورکی عوسمانلی، کتێبخانەی رەمزی ئیستامبۆڵ ١٩٧٠ .
٢- ئەحمەد ریفعەت ئەفەندی: فەرهەنگی مێژوویینە و جوغرافیانە، ئیستامبۆڵ ١٢٩٩ .
٣- علي افندي حلمي الداغستاني، فهرست الكتب التركية الموجودة في المكتبة الخديوية، القاهرة ١٣٠٦ .
٤- Babinger (F) Die Geschichtsschreiber der Osmanen und Ihre Werke, Leipzig, 1972.
٥- ئیسماعیل پاشای بەغدایی: هدیة العارفین ب ١، ئیستامبوڵ، ١٩٥١ .
٦- ئیسماعیل پاشای بەغدایی: ایضاح المكنون، ئیستامبوڵ ١٩٤٥ .
٧- (م) بایراقدار: داودی قەیسەرییایی، بڵاڤۆکی وەزارەتی ڕۆشنبیری و گەشتوگوزار ژمارە ٩١٢ ئەنقەرە ١٩٨٨ .
٨- Brockelmann (c) Gal, 11, 1949 spi, i 1937, spl 11, 1983 .
٩- محەمەد تاهیری بورسەیی: کتێب دانەرانی عوسمانیان، ب - ١ - III ئەستەمبۆڵ ١٣٣١، ی ئورێزەن زمانەکەی هەموار کردووە، ب - ١ - III ئەستەمبوڵ، ١٩٧٥ .
١٠- دهخدا: لغت نامه/ تهران ١٣٢٨ .
١١- ئەبولفەزڵ محەمەد ئەفەندی: زەیلی شەهنامە، لە ئیسماعیل ئەفەندی، کتێبخانەی ژ: ٣٤٧ ١١/.
١٢- غازی احمد میرمنش قمی: گولستان هز، تهران .

١٣– Giese (f) Die Jerschiodanen Asqpasazuse, Abh . Pr . AK . W . 1936 .
١٤– ستێرناس (م. ت) میرانی ئاق یونلووان لە سەرەتای سەدەی ١٦هەمدا دەخزمەت دەوڵەتی عوسمانیدا، کۆواری بابەتی تورکان ب IX، ئەستەمبۆڵ ١٩٥١ .
١٥– هەبیت: خۆشنووس و خۆشنووسان ئەستەمبۆڵ ١٣٠٥ .
١٦– Hammer-Purgstall: Geichichte des IVI Osmanischen Dichtkunst .
١٧– Hammer-Burgstall: مێژووی دەوڵەتی عوسمانی، وەرگێڕ م ئەتا، ب ١٠ ئەستەمبۆڵ ١٣٣٠ .
١٨– حەسەن تەوەکولی بڵاوکردنەوە و بە تورکیکردنی رەخنەی (قانوونی شاهەنشاهی) ئیدریسی بدلیسی، تێزی بڵاونەکراوەی دوکتۆرا، I.U.E.F بەشی مێژوو، ١٩٧٤ .
١٩– Hinz (W.)، ئوزوون حەسەن و شێخ جونەید، وەرگێڕ.
ت. بییقڵی (سمێڵ بابڕ) ئۆغلوو، بڵاڤۆکێ ت. ت. ک ئەنقەرە ١٩٤٨ .
٢٠– خواجە سەعدەدین: تاج التواریج، ب١–١١، ئەستەمبۆڵ، ١٩٧٩ک. پارماقسز ئۆغڵوو ب –V، بڵاڤۆکی وەزارەتی ڕۆشنبیری ژ: ٣٠١، ئەستەمبۆڵ، ١٩٧٩
٢١– ١– :Huart بدلیسی، Ei چاپی کۆن، ب١ پاریس، ١٩١٣ .
٢٢– ئیدریسی بدلیسی: ڕەخنەی (قانوونێ شاهەنشاهی) بڵاوکردنەوەی حەسەن تەوەککولی، تێزی بڵاونەکراوەی دوکتۆرا، ئەستەمبۆڵ ١٩٧٤ .
٢٣– ئیدریسی بدلیسی: وەرگێڕان و لێکدانەوەی چل فەرموودەی پێغەمبەر (د.خ) کتێبخانەی سولەیمانییە، بەشی فاتیح ژ: ٧٩١ .
٢٤– ئیدریسی بدلیسی: هەشت بەهەشت، کتێبخانەی زانستگای ئەستەمبۆڵ، دەسنووسی فارسی، ژ: ٦١٩ .
٢٥– ئیدریسی بدلیسی: مرآة العشاق، کتێبخانەی سولەیمانییە، بەشی ئەسعەد ئەفەندی ژ: ١٨٨٨ ٤/.
٢٦– ئیدریسی بدلیسی: الحق المبین في شرح الحق الیقین، کتێبخانەی سولەیمانییە، بەشی ئایا سۆفیا ژ: ٢٣٣٨ .
٢٧– ئیدریسی بدلیسی: مرآة الجمال کتێبخانەی سولەیمانییە، بەشی ئەسعەد ئەفەندی ژ: ١٨٨٨ ١/.
٢٨– قاضی احمد منش: گلستان هز، تهران، ١٣٥٢ .

٢٩- (ئا) قـەرەخـان چل فـەرمـوودەی پێغـەمبـەر لە ئەدەبیاتی تورکـاندا و بڵاڤـۆکی I.U.E.F ژ:٥٨٧ .

٣٠- (ئا) قـەرەخـان زمـانێـکی تێکڕای چل فـەرمـوودەکـانی پـێغـەمبـەر (د.ح) کـۆواری بابەتی تورکان، ب، ١٠، ئەستەمبۆڵ ١٩٥٣ .

٣١- (ئا) قـەرەخـان لە ئەدەبیـاتی کـۆنی تورک وەکـۆڵین، بڵاڤـۆکی I.U.E.F ژ:٢٦٥٩ ئەستەمبۆڵ، ١٩٨٠ .

٣٢- (ق. ک) قـەرەتای کـتێـبخـانـەی ئاسـەوارگـای تـۆپ قـاپـوو، کەتـەلۆگی دەسنووسی ترکی، ب١ ئەستەمبۆڵ ١٩٦٦ .

٣٣- (ق. ک) قـەرەتای کـتێـبخـانـەی ئاسـەوارگـای تۆپ قـاپـوو، کـاتـەلۆگی دەسنووسی فارسی، ب١ ئەستەمبۆڵ ١٩٦١ .

٣٤- کاتب چەلەبی: کشف الظنون، ب١ ئەستەمبۆڵ، ١٩٤١ .

٣٥- کماله (ئۆی. ر) مجمع المؤلفین ب١ بێروت، ١٩٥٧ .

٣٦- Masse (H) selim Ieren syrie, dapres le selim - nams Melanges syriens offerts a. m. Rene Dussaud .
بII، پارتی ١٩٣٩ .

٣٧- محەمەد مەجدی: ترجمة الشائق النعمانية، ئەستەمبۆڵ، ١٩٦٢ .

٣٨- محەمەد سورەییا: سجل عثماني، ب١ ئەستەمبۆڵ. ١٣٠٨ .

٣٩- Mennaga (V.L.): بدلیس، Ei، چاپی نویّ، ب١ ١٩٨٦ .

٤٠- Mingana (A) catalogue of the arabic Maiuscripts in the john pylands Library. Manchester 1939 .

٤١- محی گلشنی: مناقب ابراهیم گلشنی. بڵاوکردنەوەی نووسەری تورک، بڵاڤۆکین ت. ث. ک ئەنقەرە ١٩٨٢ .

٤٢- موستەقیم زادە تحفة الخطاطین، چاپخانەی دەوڵەت، ئەستەمبۆڵ، ١٩٨٢ .

٤٣- سعید نفیسی: تاریخ نظم و نثر در ایران و زبان فارسی، تهران ١٣٤٤ .

٤٤- ساڵح زەکی: الآثار الباقية، بII ئەستەمبۆڵ. ١٣٢٦ .

٤٥- سخی بگ: تذکرە "هشت بهشت" م ئیسەن زمانەکەی هەموار کردووە و وەرگێڕ: ١٠٠١ کتێبی شاکار ژ: ١٥٢ و ئەستەمبۆڵ ١٩٨٠ .

٤٦- Story (c.A): persion Lifeature, 1970
ب:١ بەشی ١ لەندەن: ١٩٧٠ .

٤٧– شەرەفەدین: شەرەفنامە، بلاَڤۆکی ڤیلیامینۆف – زەرِینۆف. بII پێتر سبورگ ١٩٦٠ .

٤٨– شەهسوار ئۆغلوو (ب)، دەمیرخان (ئا. ئـ)، گوێروش شێڤەر (G.C) مێژووی تەندروستناسیی تورک، بورسە، ٣٩٨٤ .

٤٩– شەمسەدین سامی: قاموس الاعلام ب١-VI، ١٣٠٦ .

٥٠– Sukru: Das Hest Bihist ; Der, yix

٥١– شکری: دەمەزرانی دەوڵەتی عوسمانی – ئەنقەرە ١٩٤٣ .

٥٢– تاش کوپروزادە: موضوعات العلوم، وەرگێرِ کمال الدین محمد افندی ب١– ١١، احمد جودت چاپخانەی بلاَڤۆکی ئیقدام، ئەستەمبۆڵ ١٩١٢ .

٥٣– (م.ج.ش) تەکینداغ سەلیمنامان کۆواری ئینستیتووی مێژوو، ژ: کانوونی یەکەم. ١٩٧٠ .

٥٤– ئەنسیکلۆپیدی ترک: ئیدریسی بدلیسی C.XX ئەستەمولّ، ١٩٧٢.

٥٥– تۆغان A,Z,V ئوسوولّ لە مێژوودا، بلاَڤۆکی، ی و ئـ، ف، ژ ٤٤٩ چاپی :٢ ئەستەمبولّ ١٩٦٩.

٥٦– (ئا) ئوغور نامە سیاسییەکانی عوسمانیان، بلاَڤۆکی رِۆشنبیری و هونەر، قەیسەری ١٩٨٧ .

٥٧– (س. ف. ر) ئونات وەکۆڵینان لەبەر مێژووی نەشری بوللەتەن بVII، ژ:٢٥، ١٩٤٣ .

٥٨– ئوزون چارشلی (ی.ج) میژووی عوسمانی، بII چاپی:٤ بلاَڤۆکی ت. ث. ک ئەنقەرە ١٩٨٣ .

٥٩– نوری میرزا محەمەد حسن، ریاض الجنة کتێبخانەی حلیە تبریز، ژ: ٣٥٧٨ .